حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان

# کارو چالاکییەکانی وەزارەتی پلاندانان

## کارو چالاکیە ئەنجامدراوەکانی وەزارەتی پلاندانان
## (ساڵی ٢٠١٤)

نیسان - ٢٠١٥

کارو چالاکییەکانی وەزارەتی پلاندانان - ساڵی ٢٠١٤

# کارو چالاکیەکانی وەزارەتی پلاندانان


ســـاڵی ٢٠١٤

نیسان - ٢٠١٥

www.mop-krg.org

# (( پێرست ))


- پێشەکی ........................................................................................ ٥
- یاسای ژمارە(٧) ساڵی ٢٠٠٦ یاسای وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستان- عیراق ...................... ٩-١٤
- چالاکییەکانی نوسینگەی وەزیر.......................................................................... ١٧-٢٨
- چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان.............................................................. ٣٠-٣٤
- چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی................................................ ٣٧-٤١
- چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی.................................................. ٤٤-٥٥
- چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاوکاری و هەماهەنگی پەرەپێدان.......................................... ٥٨-٦٤
- چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری.................................... ٦٧-٧١
- چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلانی پرۆژەکان بودجەی وەبەرهێنان............................. ٧٤-٨٠
- چالاکییەکانی دەستەی ئاماری هەرێم.................................................................... ٨٣-١١٨



# پێشەکی

وەزارەتی پلاندانان ڕاپۆرتێکی دیکەی سالانەی خۆی ئامادەکردووەو بلاوی دەکاتەوە کە بریتین لە کارو چالاییەکانی وەزاەت، کە لەماوەی سالی ٢٠١٤ بەئەنجامی گەیاندوون.

لەم ڕاپۆرتەدا تەنها کارو چالاکیی سەرەکییەکان ئاماژەیان پێدراوە، کە لەماوەی ئاماژەپێکراوی سەرەوە لەلایەن دامو دەزگاکانی وەزارەت جێبەجێ کراون یاخود لە بواری جێبەجێکردندان.

لەماوەی سالی ٢٠١٤ دا چەندین کارو پرۆژەی گرنگ ئەنجامدراون لەلایەن خودی وەزارەت یا بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەل ڕێخراو ئاژانسەکانی بیانی بەمەبەستی پەرە پێدانو پێشخستنی خزمەتگوزاریەکان بۆ هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان. پێویستە بگوترێت کە ئەم کارو پرۆژانەش بریتین لەو کارانەی کەوا دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەت.

جگە لەکارو کۆبوونەوەکانی نوسینگەی جەنابی وەزیر توانراوە لەماوەی سالی ٢٠١٤ ئەمانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێن:

وەزارەتی پلاندانان لەبواری پۆلێنکردنی کۆمپانیاو بەلێندەران لە سـالی ٢٠١٤ دا هەلساوە بە پۆلێنکردنـــــــی (١٢٩) کۆمپانیاو بەلێندەرو پلەی پۆلێنی (٦٣) کۆمپانیاو بەلێندەریشی بەرزکردۆتەوە، هەروەها (١٣) کۆمپانیاشی خستۆتە لیستی ڕەش، و (٥) کۆمپانیاشی لە لیستی ڕەش دەرهێناوە، بەمەش کۆی گشتی کۆمپانیاو بەلێندەران کە لەئێستادا لەلیستی ڕەشدان دەکاتە (٥٠).

لەهەمان کاتدا وەزارەتی پلاندانان لەڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی هەلساوە بە پێداچوونەوەو دارشتنەوەی ڕەشنووسی پلانی ستراتیجی پێنج سالی ( ٢٠١٦ - ٢٠٢٠ )ی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەلّ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

لەبواری پەرەپێدانی مرۆییش وەزارەت هەلساوە بە دانانی ماستەر پلانێکی سێ سالی (٢٠١٥-٢٠١٧) بۆ پەرەپێدانی سەرچاوەی مرۆیی و چەندین چالاکی دیکەی ئەم بوارە.

لەلایەکی دیکەوە وەزارەت هەلساوە بەهاوکاری و هەماهەنگی کردن لەگەل چەندین ڕێخراو ئاژانسی نێو دەولەتی لەپێناو یارمەتیدانی هەرێم بۆ گەشەپێدانو بەرەو پێش بردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ هاوولاتیانی هەرێمی کوردستانو ئاوارەکانی نیشتەجێی هەرێم.

جگە لەمانەش وەزارەت چەندین کارو چالاکی گرنگی دیکەی ئەنجامداوە لەبوارەکانی پرۆژەو کۆنترۆلی جۆریو ئەنجامدانی چەندین ڕووپێوی گرنگ.

لاپەڕە ٦

# یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠٦

# یاسای وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستان - عیراق

# بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
## بەناوی گەلەوە
## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق

پشت بەو یاسایەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عیراق دایناوەو بەپێی حوکمی مادە دە/یەکەم لە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عیراق، ئەم یاسایەمان دەرچواند:

### یاسای ژمارە(٧)ی ساڵی /٢٠٠٦
### یاسای وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەکەم** : هەرێم : هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**دووەم**: وەزارەت : وەزارەتی پلاندانانی هەرێم.

**سێیەم**: وەزیر : وەزیری پلاندانانی هەرێم.

**چوارەم**:بریکار: بریکاری وەزارەتی پلاندانان.

**پێنجەم**: مەڵبەند : مەڵبەندی پێشخستنی کارگێری.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت وەدی هێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

**یەکەم**:ئامادەکردنی پلانەکانی پەرەپێدانی هەرێم وپێشخستنی لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی ومرۆیی ورۆشنبیرییەوە، لە ژێر رۆشنایی پێداویستی یە هەنووکەیی یە چاوەروانکراوەکانی کۆمەڵگا.

**دووەم**:بەبەشداربوونی وەزارەتەکان و کەرتە حکومی یەکان و کەرتی تایبەت ، تێکرای ئاماژەکانی پلانە درێژو مامناوەند وکورتخایەنەکان ئامادەدەکات بەو ئامانج و سیاسەتانە شەوەکەلە خۆی دەگرێت.

**سێیەم**:ئامادەکردنی پلان بۆ چارەسەرکردنی کێشە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتیەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و دامودەزگا پێوەندیدارەکاندا.

**چوارەم**:پلان بۆ وەبەرهێنانی حکومی دادەنێ وپارەی تەرخانکراوی وەبەرهێنەکی (الاستثمارية) لە بوودجەی گشتی دەوڵەتدا پێشنیازیش دەکا و بە پێی ی پارێزگا وناوچە شارنشین

ودێهات نشینەكان دابەشبكرێ و، رەچاوكردنی گرنگتربوون(الاولوية) لە دیاریكردنی پرۆژەكانی ئاوەدانكردنەوە كە لەسەربووجەی وەبەرهێنەكی (الاستثمارية) دارایی دەكرێن (تمول) بەهەمانەنگی لە گەڵ گشت ئەو وەزارەتانەدا كە پەیوەندیدارن وبە دواداچوونی باش جێبەجێكردنیان.

**پێنجەم**:ئامادەكردنی بەرنامەی گشتگیرو درێژخایەن وكورتخایەن و ساڵانە بۆ سازكردنی هێزی كاری مرۆیی پێویست بەهاوكاریی زانكۆو دەزگاكانی فێركردن.

**شەشەم**:هاوكاری كردن لەگەڵ دەزگا حكومییەكان لە ئامادەكردنی لێكۆڵینەوەی پێویست بۆ بەرەوپێش بردنیان و تازەكردنەوەو باشتركردنی رێكخستنی ئیداری و بەرزكردنەوەی ئاستی توانستی راپەڕاندنی كارتیایاندا و،گەشەپێدانی توانستی سەركردە ئیداری و هونەرییەكان ومەشق پێدانی ئاستە جۆر بەجۆرەكان.

**حەوتەم**:كاركردن بۆ دروستكردنی هاوسەنگی لە نێوان سەرچاوەكانی دەرامەت وپێداویستەكانی گەشەپێدان بەدانانی پرەنسیپ و ئاراستەی گشتی بۆ بەڕێوەبردنی ستراتیجیەتی گەشە پێدانی ئابووری وكۆمەڵایەتی.

**هەشتەم**:بایەخدان بە دامەزراندنی حكومەتی ئەلیكترۆنی،بۆ كۆكردنەوەی زانیاری، ودامەزراندنی بانكی زانیاری و،پێڕۆكردنی شێوازی ڕوون ودیار(شفاف)لە دامەزراندنی حكومەتی دەزگاییدا.

**نۆیەم**:بەشداریكردن لەگەڵ حكومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی پارەدەرو یاریدەی هونەری لە دەوڵەت ودەزگا نێودەوڵەتییە بەخشەرەكانەوە.هەروەها بەشداریكردن لەو دانوستانانەی كە لەگەڵ لایەنە بەخشەرەكاندا بەڕێوەدەچێ،تا،بەڵێنەكانی خۆیان بەنەسەرو،یارمەتی وبەخشش و قەرزیان لێ وەدەستكەوێ و،بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی وئابووری هەرێمدا،پرۆژەكانی هەرێمی پێ دارایی بكرێ (تمول).

**دەیەم**:هاندانی كەرتی تایبەت و،وەبەرهێنانیی خۆماڵی وبیانی، بۆئەوەی لەگەشەپێدانی ئابووری هەرێمدا بەشداری بكەن.هەروەها،سیاسەت ورێگاكانیش پێشنیازدەكا،كەئەم كەرتە چالاكتربكا بەهاوكاریی دەزگا پێوەندیدارەكانی حكومەت.

**یازدە**:بەهەماهەنگی لەگەڵ دەزگای مەركەزیی پێوەركاری (التقييس)وكۆنترۆڵی جۆرەكی (النوعية)وەزارەتی پلان دانان وهاوكاریی وگەشەپێدانی عێراقی فیدراڵدا سیستەمێكی نیشتمانی بۆ پێوەركاری وكۆنترۆڵی جۆرەكی لە هەرێمدا پێڕۆدەكاو،پشت بە مواسەفاتی عێراقی وجیهانییش دەبەستێت و، چاودێری بەكارخستنیان دەكاو،پشكنین وشیكردنەوەو لێكۆڵینەوەی تایبەت بە پێوەركاری وكۆنترۆڵی جۆرەكی ئەنجام دەدات و،ئامۆژگاری

دەدات لەبارەی ئەم مەسەلانەوە بە هەموو لایەنێکی حکومی و ئەهلی لە هەرێمدا،گەر بیانەوێ.

دوازدە:کردارەکانی ئامار(احصاء) لە هەرێمدا بەجێ دێنێ،کە پێوەندییان بە سەرژمێرییە گشتیەکانی دانیشتوانی هەرێم و خانوەکان ورووپێوی ئامادەیی تایبەت بە کەرتە جۆر بە جۆرەکانی هەرێمەوە هەیە.ئەم کارەش،بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای عیراقی فیدراڵ ، بەجێ دێنێ.

سیازدە:لەکاتی ئامادەکردنی پلان وبەرنامەکانی وەزارەتەکە دا، سەلامەتیی ژینگەی هەرێم رەچاودەکا.

## پێکهاتەکانی وەزارەت

**ماددەی سێیەم:** وەزارەت لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

**یەکەم:**وەزیر:سەرۆکی باڵاو بەرپرسی نیش وکارو ئاراستەکردنی سیاسەت وسەرپەرشتی و چاودێری دەکات وهەموو بڕیارو فەرمان ورێنماییەکیش پێوەندییان بە ئەرکوفرمان وپێکهاتەو سەلاحییات و،کاروباری دیکەی هونەری ودارایی وئیداری و رێکخستنی وەزارەتەکەوە هەیە،بەپێی ئەم یاسایە لە وەزیرەوە دەردەچن وبە سەرپەرشتیی خۆی جێبەجێ دەکرێن.بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیرانیش بەرپرسە،وەکو ئەندامێکی دەستبەر لە ئەنجومەنەکەدا.وەزیر بۆی هەیە، هەندێ لە سەلاحیاتی خۆی بە بریکاری وەزارەت یان بە بەڕێوەبەرە گشتییەکان یان بە هەر فەرمانبەرێکی دیکە بسپێرێ کە خۆی بە باشی بزانێ.

**دووەم:**بریکاری وەزارەت:لە چوارچێوەی سەلاحیاتدا کە پێی دەسپێردرێ،یاریدەی وەزیر دەدات لە ئاراستەکردنی وەزارەت وسەرپەرشتیکردنی کاروبارەکانیدا،بەمەرجێ بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆی هەبێ و،خاوەن ئەزموون و پسپۆڕبێت.

**سێیەم:**نووسینگەی وەزیر:فەرمانبەرێ،بەپلەی بەڕێوەبەر،بەڕێوەی دەبا، بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆی هەبێ.ژمارەیێ فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

**چوارەم:**نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێ،بەپلەی بەڕێوەبەر،بەڕێوەی دەبا، بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆی هەبێ.ژمارەیێ فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

**پێنجەم:**راوێژکاران:ژمارەیان لەچوارکەس زیاترنییە.مەرجیشە بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیان هەبێ و، خاوەن ئەزموون وکەر دەش (ممارسة) بن.

**شەشەم:**دەستەی ئاماری هەرێم:فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا،بڕانامەیەکی بەرایی زانکۆی هەبێ.ئەرکوفرمانی خۆی بەپێی سەلاحیاتێ کە پێی دەسپێردرێ ،هەڵدەسوورێنێ.

**حەوتەم:** دەستەی پێوەركاری (التقييس)و كۆنترۆڵی جۆرەكی لە هەرێمدا: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكايەتیی دەكا،بڕوانامەیەكی بەرایی زانكۆی هەبێ.ئەركوفرمانی خۆیشی بەپێی سەلاحياتێ كە پێی سپێردراوە هەڵدەسووڕێنێ وبەڕێوەبەرایەتیەكانی پێوەركاری وكۆنترۆڵی جۆری لە پارێزگاكان وابستەی دەبن.

**هەشتەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتیی كاروباری كارگێڕی ودارایی: بەڕێوەبەرێكی گشتی سەرۆكايەتیی دەكـا، بڕوانامەیەكی بەرایی زانكۆی هەبێ.ئەركوفرمانی زامنكردن ورێكخستنی پێداويستەكانی كار، دەگرێتە ئەستۆ.لەم بەڕێوەبەرايەتييانەی خوارەوە پێك دێت:

أ- بەڕێوەبەرایەتیی كاروباری كارگێڕی.

ب- بەڕێوەبەرایەتیی كاروباری دارایی.

ج- بەڕێوەبەرایەتیی كاروباری یاسایی.

د- بەڕێوەبەرایەتیی تاكەكان.

هـ- بەشی پۆلێن كردنی (مقاولەكان) بەڵێندەرەكان.

**نۆیەم:** بەڕێوەبەرايەتی گشتی ئامادەكردن وهەماهەنگی كردنی پلانەكانی گەشەپێدان: بەڕێوەبەرێكی گشتی سەرۆكايەتی دەكا بەمەرجێ بڕوانامەیەكی بەرایی زانكۆیی هەبێت ولەم بەڕێوەبەرايەتيانەی خوارەوە پێك دێت:-

أ- بەڕێوەبەرایەتی پلانەكانی گەشەپێدان.

ب- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی ئابووری.

ج- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی كشتوكاڵی.

د- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی پیشەسازی.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی گەشتیاری.

و- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی بیناسازی ونیشتەجێ وخزمەتگوزاریەكان.

ز- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان بۆ گواستنەوەو گەیاندن.

**دەیەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پرۆژەكانی بوودجەی وەبەرهێنەكی: بەڕێوەبەرێكی گشتی سەرۆكايەتی دەكات بەمەرجێ بڕوانامەیەكی بەرایی زانكۆیی هەبێت وپێك دێت لەم بەڕێوەبەرايەتيانەی خوارەوە:

أ- بەڕێوەبەرایەتی لێكۆڵینەوەی گرنگیبوونی(الاولویە) پرۆژەكان.

ب- بەڕێوەبەرایەتی دابەش كردنی پرۆژەكان.

ج- بەڕێوەبەرایەتی چاكێتی (جدوی) پرۆژەكانی گەشەپێدان.

**یازدەم:** بەڕێوەبەری گشتی پەرەپێدانی مرۆیی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات بەمەرجێ بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیی هەبێت ولەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە پێك دێت:-

**أ-** مەڵبەندی هەرێمی بۆ پێشخستنی کارگێری.

**ب-** بەڕێوەبەرایەتی سیاسەتەکانی هێزی کاروکارپێکردن.

**ج-** بەڕێوەبەرایەتی سیاسەتەکانی پەروەردە وفێرکردن.

**د-** بەڕێوەبەرایەتی سیاسەتەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی.

**هـ-** بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆجیای زانیاری.

**دووازدەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەماهەنگی وهاوکاری پەرەپێدان: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکا بەمەرجێ بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیی هەبێت، ولەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە پێك دێت:

**أ-** بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان.

**ب-** بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی کاروباری وولاتە بەخشەرەکان ورێکخراوە نێودەوڵەتیەکان.

**ج-** بەڕێوەبەرایەتی سیاسەتەکانی هاندانی کەرتی تایبەت ووەبەرهێنان.

**ماددەی چوارەم:** وەزیر بۆی هەیە گرێبەست بکات لەگەل کەسانی سرووشتی ومەعنەوی لەوانەی خاوەن پسپۆری وشارەزان لەناوەوەی هەرێم ودەرەوەیدا بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرك و فەرمانانەی کە پێیان دەسپێردرێت وبۆ ئەو ماوەی بە گونجاوی دەزانێت ئەویش بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی وەزارەت و، ماف وپابەندیەکانیان لەلایەن وەزیرەوە دیاری دەکرێت پاش رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** فرمان وئەرکەکان وپێکهاتەکانی وەزارەت بەپێڕۆیەك دیاری دەکرێت.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی وبەش وهۆبەی نوێ بکاتەوە، یان تێکەڵاویان کات، یان پووچەڵیان بکاتەوە، لە چوارچێوەی پێکهاتەکانی وەزارەت وبەپێی پێداویستی کارەکانی.

**سێیەم:** وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی شەشەم:** کاربە هیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی حەفتەم:** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێبکەن.

مـاددەی هەشـتەم: ئـەم یاسـایەکاری پێـدەکرێت لـە رۆژی دەرچـوونیەوەولە رۆژنامـەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) بلاو دەکرێتەوە.


**مەسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عیراق**

لە رۆژی ( ٦١/٤/٢٠٠٦)ی زایینی لە هەولێر دەرچووە
بەرامبەر ٤ى / بەزبەن /٢٧٠٦ ی کوردی

## هۆی دەرچوونی ئەم یاسایە

لەبەرتازە دامەزرانـی وەزارەتێـك لە حکومـەتی هەرێمی کوردسـتان بـۆ دانـانی پلانـی گەشـەپێدانی هەرێم وبەرەوپێش بردنی لەرووی ئابووری وکۆمەلآیەتی ومرۆیـی ورۆشـنبیری یـەوە لـەژێر رۆشـنایی پێداویستیە هەنووکەیـەکانی کۆمـەلگای کوردسـتانی وئـەوەی پێشـبینی دەکرێن،هـەروەها هاوکـاری کردنی دامودەزگاکانی حکومەت لە ئامادەکردنی لێکۆلینەوەی پێویست بۆ بـەرەوپێش بردنـی ونـوێ کردنەوەی وبەرێوەبردنی ستراتیجیەتی پەرەپێـدانی ئـابووری وکۆمەلآیـەتی وچارەسـەر کردنـی کێشـە کۆمەلآیەتیە جۆراوجۆرەکان وسازکردنی هێزی مرۆیی.بۆیە بە پێویست زانرا یاسایەك دەربکرێ فرمـان وئامانجەکانی ئەم وەزارەتەو بەرێوەبەرایەتیەکانی دیاری بکات وفرمانی هەریەکێکیان رێك بخات. بۆ ئەو مەبەستانە ئەم یاسایە دەرکرا.

# نوسینگەی وەزیر



# وەزیری پلاندانان پێشوازی لەئەنستیتویتی كۆنترۆلی جۆری توركی دەكات

لەڕێكەوتی ٢٠١٤/٢/١٨ كۆبوونەوەیەك بە ئامادەبوونی د. عەلی سندی، وەزیری پلاندانانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و بەڕێز هەلوسی شینتۆرك، سەرۆكی ئەنستیتویتی كۆنترۆلی جۆری و شاندی یاوەری ئەنجامدرا، بە ئامانجی گرینگیدانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە بواری كۆنترۆلی جۆری، كە پەیوەستە بە ژیان و تەندروستی هاووڵاتیان.



لە كۆبوونەوەكەدا باس لە میكانیزمی هاوكاریكردن لەنێوان هەردوو لایەن كرا، بەمەبەستی كاراكردنی ئەم بوارە و ڕێگرتن لە هاوردەكردنی ئەو كاڵایانەی كوالێتیان خراپە بۆ ناو هەرێمی كوردستان، هەروەها پاككردنەوەی بازارەكانی هەرێم لە هەر كەل و پەلێكی زیان بەخش بۆ سەر گیان و سامانی هاووڵاتیان.

# وەزارەتی پلاندانان و ئەنستیتویتی كۆری بۆ پەرەپێدانی ستراتیجی پلانی پەرەپێدانی تواناكان لە هەرێمی كوردستان تاوتوێدەكەن

لەڕێكەوتی ٢٠١٤/٣/٢ كۆبوونەوەیەك بە ئامادەبوونی د. علی سندی، وەزیری پلاندانانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەگەڵ پارك كیونگ بەی، سەرۆكی ئەنستیتویتی پەرەپێدانی ستراتیجی كۆماری كۆریای باشوور و شاندی یاوەری، كە ئێستا لەگەڵ تیمێكی شارەزا بە هاوكاری ئاژانسی (كۆیكا) لە هەرێمی كوردستانن ئەنجامدرا، بەمەبەستی دیراسەتكردنی پێداویستیەكانی پەرەپێدانی مرۆیی لە هەرێمی كوردستان، كە نەخشە ڕێگایەك دەبێت بۆ ئەم بوارە بە پشتبەستن بە دیدگای هەرێمی كوردستان بۆ (٢٠٢٠). لە كۆبوونەوەكەدا باس لە پرۆژەی دروستكردنی باڵاخانەی ئەنستیتویتی كوردستان بۆ بەڕێوەبردنی گشتی (KIPA) كرا، كە پێشبینی دەكرێت لە ماوەیەكی نزیكدا بخرێتە بواری جێبەجێكردن. ئاژانسی كۆریای باشوور بۆ پەرەپێدان (كۆیكا) نزیكەی (١٠) ساڵە لە هەرێمی كوردستان كاردەكات و دەیان خولی ڕاهێنانی بۆ فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستان كردۆتەوە، هەروەها لە كۆماری كۆریای باشووریش سەدان فەرمانبەر بەشداری خولیان كردووە، جگە لە ئەنجامدانی چەندین پرۆژە لە بواری جیاجیادا.

# وەزارەتی پلاندانان بەرنامەیەك بـۆ بەرەوپێشبردنی کەرتی گشتی ئەنجام دەدات

لەپێناو پێشخستنی کەرتی گشتی هەرێمی کوردستان لەرێکەوتی ٢٠١٤/٣/٢ بە ئامادەبوونی د. علی سندی، وەزیری پلاندانان و خاتوو ماریا ئەنتوانێت فلۆمیان، سەرۆکی ئەنستیتۆی حوکمرانی کەنەدی و شاندی یاوەری و بە بەشداری نوێنەرانی بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP) کۆبوونەوەیەك ئەنجامدرا. لە کۆبوونەوەکەدا باس لە پێداویستیەکانی حکومەتی هەرێم کرا بۆ پەرەپێدانی ئەدای کەرتی گشتی لە بوارە جیاجیاکاندا، بەمەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە هاونیشتیمانیان، وە بۆ ئەم مەبەستەش بەسەرپەرشتی وەزارەتی پلاندانان و بە هاوکاری ئەنستیتۆی ناوبراو بەرنامەیەك رێکخراوە، هەروەها وەزیری پلاندانان جەختی لەسەر گرنگی بەرزکردنەوەی توانای فەرمانبەرانی هەرێم کردەوە بەتایبەتی ئەوانەی کە پلەی بەڕێوەبەریان هەیە، بۆئەوەی بتوانن ئەرکەکانی حکومەتی هەرێم بە باشترین شێوە جێبەجێ بکەن.ئەنستیتۆی حوکمڕانی کەندی دەزگایەکی کەنەدی سەربەخۆیە و خاوەن ئەزموونێکی زۆرە لەم بوارەدا. هەروەها رۆڵێکی گەورەی هەیە لە پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی فەرمانبەرانی حکومەتی کەنەدا و چەندین وڵاتی تر.

# هەمووارکردنی رێنماییەکانی گرێبەستە گشتیەکان

لەرێکەوتی (١٥،١٦)/١/٢٠١٤ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان لە دیوانی وەزارەتی پلاندانان بە بەشداری گشت وەزارەت و دەزگاکانی تری حکومی و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و چەند پسپۆرێکی بواری گرێبەستە گشتیەکان لەلایەن بانکی نێودەوڵەتیەوە هەڵسا بە ئەنجامدانی وۆرکشۆپێك لەژێر ناونیشانی:

(راوێژکردن لەسەر رێنماییەکانی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان).

مەبەستی ئەنجامدانی ئەم وۆرکشۆپە بریتی بوو لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی بەرەنگاری وەزارەت و دەزگاکانی حکومەت دەبنەوە لە کاتی جێبەجێکردنی رێنماییەکانی تایبەت بە بواری گرێبەستە گشتیەکان بەپێی ئەو رێککەوتنەی لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی ئەنجامدراوە بۆ هەموارکردنی گشت رێنماییەکانی ئەم بوارە.

لەم وۆرکشۆپەدا گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر برگە و ماددەکانی رێنماییەکان کرا و تێبینی گشت لایەنەکان وەرگیرا، وە لە ئەنجامدا پێشنیار کرا بۆ پێکهێنانی لێژنەیەك لە پسپۆرانی ئەم بوارە بە یارمەتیدانی پسپۆرانی بانکی نێودەوڵەتی بۆ هەموارکردن و دەرکردنی گشت رێنماییەکانی تایبەت بە گرێبەستە گشتیەکان لەلایەن وەزارەتی پلاندانان بە یەك پاکێج.

# وەزيری پلاندانانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە كۆنفرانسێك لە ئەسينا: هەرێمی كوردستان چەقی وەبەرهێنان و چالاكی ئابوورییە لە ناوچەكەدا

لە ميانەی بەشداريكردنی شاندی حكومەتی هەرێمی كوردستان كە پێكهاتبوو لە د. علی سندی، وەزيری پلاندانانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، و كامران احمد، وەزيری ئاوەدانكردنەوەو نيشتەجێكردنی حكومەتی هەرێم، لە كۆنفراسی (ئەوروپا و جيهانی عەرەبی: پتەوكردنی پەيوەندی سياسی و بازرگانی و وەبەرهێنان) كە لە (ئەسينا)ی پايەتەختی يۆنان لەلايەن حكومەتی يۆنان و گۆڤاری (ئيكۆنۆميست) سازدەكرێت، رۆژی ٢٠١٤/٥/٦، د. علی سندی وتارێكی پێشكەش بە ئامادەبووان كرد و چەند لايەنێكی گرنگی سەبارەت بە هەلومەرجی هەرێمی كوردستان و ناوچەكە خستەڕوو.




سەرەتا د. علی سندی تيشكی خستە سەر ڕەوشی سياسی هەرێمی كوردستانو ئاماژەی كرد بۆ ئەو هەڵبژاردنەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوو ئەنجامدرا لە كەشێكی پڕ لە هێمنی و ديموكراسی و شەفافيەت، و بەوپەڕی ئازادی هاونيشتمانيانی هەرێمی كوردستان ڕوويانكردە ناوەندەكانی دەنگدان بە مەبەستی هەڵبژاردنی نوێنەرەكانيان بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عيراق و ئەنجوومەنی پارێزگاكان، ئەمەش ڕاستی

سەقامگیری سیاسی وبەرقەراری ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەسەلمێنێت.
پاشان د. علی سندی باسی لە ئابووری گەشەسەندووی هەرێمی کوردستان کرد کە لە ئێستادا وەك نموونەیەکی پێشکەوتوو لە ناوچەکە سەیردەکرێت و بۆتە چەقی چالاکی وەبەرهێنان و بازرگانی لە بواری جۆراوجۆردا کە ژمارەیەکی زۆری وڵاتان و گەورە کۆمپانیاکانی جیهان بەمەبەستی ئەنجامدانی کار و وەبەرهێنان ڕوویان تێکردووە. هەروەها سەرەڕای بوونی بارگرژیو ئاڵوزی لەچواردەورەیدا، هەرێمی کوردستان سەرکەوتووبوە لە پاراستنی ئاسایشی خۆی تا ببێتە یەکێك لە ئارامترین شوێنی ناوچەکە، هەروەها سڵی نەکردووە لە هەنگاونان بەرەو پێشەوە لە هەموو بوارێکدا، بۆ ئەمەش چەند نیشانەدەرێکی جیهانی خستەڕوو کە گەواهیدەری ئەم پێشکەوتنە بەرچاوەن، لە درێژەی وتارەکەیدا وەزیری پلاندانان باسی لە سیاسەتی هەرێمی کوردستان کرد لە بونیاتنانی پردی پەیوەندی لەگەڵ هەر لایەنێك، بۆ مەبەستی زیاتر ئاوەدانکردنەوەو پێشخستنی هەرێمی کوردستان کە لە ئێستادا باشترکردنی ژێرخانی هەرێم لە ئەولەویاتی حکومەتی هەرێمە و بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە چەندین ستراتیجیەت و پلانی داڕشتووە، کە بەشێکی زۆری خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە لەوانە (دیدگای هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٠) کە نەخشە ڕێگایەکی تێروتەسە لە بۆ بونیاتنانی ژێرخانێکی بەهێز بۆ هەرێمی کوردستان.
شایانی باسە ئەم کۆنفرانسە دوو ڕۆژ دەخایەنێت و تیایدا ژمارەیەك سەرۆك وەزیران و وەزیر و خاوەنکارو بڕیاردەر وکەسایەتی دیار لە ئاستی باڵادا لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی و عەرەبی بەشدارن.

## وەزارەتی پلاندانان و UNHCRڕەوشی پەنابەرانی سوری لە هەرێمی کوردستان تاوتوێدەکەن

لە ٢٠١٤/٦/٨، د. علی سندی، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازیکرد لە خاتوو شۆکۆ شیمۆزاوا، نوێنەری کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR) لە عیراق، و شاندی یاوەری لە کۆبوونەوەکەدا، باس لە ڕەوشی پەنابەرانی سوری لە هەرێمی کوردستان کرا کە لە ئێستادا زیاتر لە ٢٢٠,٠٠٠ پەنابەری سوری لە هەر سێ پارێزگای هەرێمدا نیشتەجێن، هەروەها باس لە پێداویستیەکانیان کرا بۆ باشترکردنی گوزەرانیان، شیمۆزاوا هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەرزنرخاند سەبارەت بە بەهاناوەهاتنی ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەران و دابینکردنی پێداویستیە سەرەکییەکانیان لەلایەن خۆیەوە، د. علی سندی جەختی لەم هەڵوێستەی حکومەتو خەڵکی هەرێمی کوردستان کردەوە کە بەردەوام دەبن لە هاوکاریکردنی پەنابەران بەپێی تواناو هەروەها لە هەماهەنگیکردن لەگەڵ سەرجەم ئاژانسو لایەنانی پەیوەندیدار بەم بابەتەوە.
هاوکات داوایکرد کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕۆڵی زیاتری هەبێت لە هاوکاریو باشترکردنی ڕەوشی پەنابەران.

# وەزارەتی پلاندانان و بەرنامەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ پەرەپێدان پرۆژەیەك بۆ چارەسەركردنی نەخۆشی سیل تاوتوێدەكەن

ڕۆژی ٢٠١٤/٦/٩، د. علی سندی، وەزیری پلاندانانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، پێشوازیكرد لە پرۆفیسۆر پۆڵ نون، پسپۆری نێودەوڵەتی لە نەخۆشی سیل، و شاندێكی بەرنامەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ پەرەپێدان (UNDP) كە لە ئێستادا سەرقاڵی جێبەجێكردنی پرۆژەیەكی دەستنیشانكردن وچارەسەركردنی نەخۆشی سیله.

لە میانەی كۆبوونەوەكەدا باس لە ڕەوشی هەرێمی كوردستان كرا سەبارەت بە بەربڵاوی نەخۆشی سیل كە هەرێمی كوردستان پێشكەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم نەخۆشیە بەپێی ئامارەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان، بە تایبەتی بە بەراورد بە ناوچەكانی تری عیراق، شاندی ناوبراو ڕایگەیاند كە كاردەكەن بۆ پاڵپشتیكردنی هەولێر بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێك بۆ چارەسەركردنی نەخۆشی سیل كە هەموو پێداویستیەكانی بۆ دابینبكرێت بەمەبەستی بنبڕكردنی ئەم نەخۆشیە، وەزیری پلاندانان جەختی لەسەر گرنگی ئەم بابەتە كردەوە كە پەیوەستە بە ژیانی خەڵك و دووپاتیكردەوە كە حكومەتی هەرێم كاردەكات بۆ پێشكەشكردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ چارەسەركردن و پاراستنی گیانی هاونیشتمانیانی هەرێمی كوردستان، هەروەها باسی لەو پلان و ستراتیجیەتانە كرد كە حكومەتی هەرێم لە بواری پەرەپێدان و بەرەنگاربوونەوەی ئەم جۆرە نەخۆشیانە پەیڕەوی دەكات وەك پرۆگرامی ئامانجەكانی پەرەپێدانی هەزارەیی، ئامانجەكانی (UNDAF) و ستراتیجیەتی كەمكردنەوەی هەژاری، هەروەها بەشێكی دیاری دیدگای هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٠ بۆ كەرتی تەندروستی تەرخانكراوە، لە كۆتاییدا د. علی سندی ئامادەیی وەزارەتی پلاندانانی خستەڕوو بۆ هەر هاوكاری و هەماهەنگییەك كە ببێتە مایەی باشتر جێبەجێكردنی ئەم پرۆژە گرنگە.

# هەرێمی كوردستان و میرنشینە یەكگرتووە عەرەبییەكان: پتەوكردنـــــی پەیوەندییەكانـــی نێوانیـــان لە هەموو بوارێكدا دووپاتدەكەنەوە

ڕۆژی ٢٠١٤/٦/١٠، د. علی سندی، وەزیری پلاندانانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، پێشوازی لە شاندێكی گەورەی میرنشینە یەكگرتووە عەرەبییەكان كرد، بە سەرۆكایەتی عبدالله الصالح، بریكاری وەزارەتی ئابووری، هەروەها ئامادەبوونی، راشد المنصور، كونسوڵی گشتی میرنشینە یەكگرتووە عەرەبییەكان لە هەولێر، و ژمارەیەك بەرپرسو وەبەرهێنەری ئەم وڵاتە، كە لە ئێستادا سەردانی هەرێمی كوردستان دەكەن.

سەرەتا سەرۆكی شاندی ناوبراو ستایشی ئەو پێشوازییە گەرمەی كرد كە لە هەرێمی كوردستان لێیكراوە، هەروەها ڕۆڵی حەكیمانەی سەركردایەتی هەرێمی كوردستانی بەرزنرخاند لە دابینكردنی كەشێكی ئاسایش

و بەرقەرار، پڕ لە بنەماکانی پێکەوەژیانی ئاشتەوای و کرانەوە بەسەر جیهان کە بۆتە هەوێنی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی لە هەرێمدا هاتۆتە ئاراوە لە هەموو ڕوویەکەوە.
لەلایەن خۆیەوە، د. علی سندی جەختی لەسەر گرنگی بوونی میرنشینە یەکگرتووە عەرەبییەکان لە هەرێمی کوردستان کردەوە کە ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە بواژندنەوە و بەرەپێدانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، هەروەها هاندەرە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی زۆر ولاتانی تری ناوچەکە بۆ کارکردن و وەبەرهێنان لە هەرێم، لە کۆتاییدا هەردوو لایەن بەردەوامبوونی هاوکاری و هەماهەنگی لەسەر هەموو ئاستەکان بەتایبەتی لە بواری ئابووری وپتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان دووپاتکردەوە.



# بەرپرســـــانی باڵای حکومەتی هەرێم و وەزیری دەرەوەی سوید میکانیزمی بەدەنگەوەهاتنی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان تاوتوێدەکەن

بەمەبەستی تاوتوێکردنی دواین پێشهاتەکان و ڕەوشی مرۆیی ئاوارە و لێقەوماوانی شەنگال و دەشتی نەینەوا بەتایبەتی لە پارێزگای دهۆك، ڕۆژی ١٩/٨/٢٠١٤، بە ئامادەبوونی كارل بیلت، وەزیری دەرەوەی ولاتی سوید، و كرستالینا جۆرجیڤا، نێردەی یەكێتی ئەوروپا بۆ كاروباری هاوكاری نێودەوڵەتی و هاوكارییە مرۆییەكان، وەزیرە پەیوەندیدارەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، و بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەكانی دەرەوە، و نوێنەرانی هەر سێ پارێزگای هەرێم، كۆبوونەوەیەكی بەرفراوان لە تەلاری سعد عبداللە لە هەولێر سازكرا.

د. علی سندی، وەزیری پلاندانان، ستایشی ڕۆڵی وڵاتانی یەكێتی ئەوروپای كرد لە بەهاناهاتنی خەڵكی هەرێمی كوردستان، و كۆمەڵێك داتا و زانیاری بۆ شاندی ناوبراو خستەڕوو و جەختیكردەوە كە قەبارەی پێداویستیەكان زۆر لە توانای حكومەت و خەڵكی هەرێمی كوردستان گەورەترە، و داوایلێكردن كە بەپەلە بەرنامەیەكی تۆكمە بۆ دابینكردنی پێداویستیەكان دابڕێژن و ڕاشیگەیاند كە بڕینی بودجەی هەرێم لەلایەن حكومەتی بەغداوە بارودۆخەكەی ئاڵۆزتركردووە.
سەبارەت بە ڕەوشی تەندروستی، د. ڕێكەوت حەمە رەشید، وەزیری تەندروستی، پێداویستیەكانی نەخۆشخانە و بنكە تەندروستیەكانی ڕوونكردەوە و ئاماژەی كرد كە ژێرخانی تەندروستی هەرێم كەوتۆتە ژێر بارێكی قورسەوە، و ئەگەر یارمەتی نەدرێن كێشەكان قووڵتر دەبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی لە توانای وەزارەتی تەندروستی بێت دەیخەینە خزمەتی ئاوارەكان، دواتر وەزیر و بەرپرسەكانی تر ڕاوبۆچوونی خۆیان لەسەر بابەتەكان خستەڕوو، لەلایەن خۆیەوە، وەزیری دەرەوەی سوید ستایشی ڕۆڵی حكومەتو خەڵكی هەرێمی كوردستانی كرد كە بەشێوەیەكی كەم وێنە بەدەنگ ئەو قەیران و گرفتانە هاتوون، هەروەها دووپاتیكردەوە كە هاتنیان بۆ هەرێمی كوردستان بۆ نیشاندانی پاڵپشتی یەكێتی ئەوروپایە بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان و هەروەها بۆ ئەوەی لە نزیكەوە ئاشنابن بە بارودۆخەكە و دەستنیشانكردنی پێداویستیە مرۆییەكان بەمەبەستی دابینكردنیان لە نزیكترین كاتدا.



# وەزيری پلاندانان و وەزيری دەرەوەی شانشينی نەرويژ كەمپی ئاوارەكانی بەحركە بەسەردەكەنەوە



لە بەرواری ٢٠١٤/٨/٢٦، وەزيری پلاندانان، د. علی سندی، پێشوازی لە وەزيری دەرەوەی شانشينی نەرويژ، بۆرگی برێندی، وشاندی ياوەری كرد كە لە ئێستادا سەردانی هەرێمی كوردستان دەكات بەمەبەستی وەستان لەسەر دوايين پێشهاتەكان وئاشنابوون لە نزيكەوە بە ڕەوشی ناوچەكە.

دواتر وەزيری پلاندانان و وەزيری دەرەوەی نەرويژ كەمپی ئاوارەكانيان لە بەحركە بەسەركردەوە كە نزيكەی ٦٠٠ خێزانی ئاوارە لە ناوچەكانی دەشتی نەينەوا لەخۆدەگرێت.

ئامانج لە سەردانەكەش بينينی ڕەوشی ئاوارەكان و گەياندنی وێنەی ئەو هەل ومەرجە دژوارەی ئاوارەكان تيايدا ژيان دەگوزەرێنن لە لايەن وەزيری دەرەوەی ميوان بۆ كۆمەڵگای نێودەوڵەتی، كە پێويستە بەزووترين كات بەهانای ئەم ئاوارانەبێن.

لەكۆتاييدا، بۆرگی برێندی ئامادەی وڵاتەكەی دووپاتكردەوە بـۆ هاوكاريكردنی ئاوارەكان و دابينكردنی پێداويستييە مرۆييەكانيان.

# وەزيری پلاندانان و كونسوڵی گشتی بەريتانيا
# ڕەوشی ئاوارەكان لەهەرێمی كوردستان تاوتوێدەكەن


ڕۆژی ٢٠١٤/٨/١٨، د. علی سندی وەزيری پلاندانانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، پێشوازی لە ئەنكس مەكی، كونسوڵی گشتی بەريتانيا بۆ هەرێمی كوردستان و باكووری عيراق، كرد.

لەسەرەتای كۆبوونەوەكەدا هەردوو لايەن ئەو پەيوەندييە قووڵ و پتەوەی نێوان حكومەتی هەرێمی

کوردستان و حکومەتی بەریتانیایان بەرزنرخاند، هەروەها جەختیانکردەوە کە ئەم پەیوەندییە پتەوتربکەن. دواتر، بە وردی باس لەو پێشهاتانەی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە و ڕەوشی ئاوارەکانیش کرا، کە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، کونسوڵی بەریتانی ستایشی ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کرد لەمەڕ بەدەنگەوەهاتنی ئاوارەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانیان ئەگەرچی ئەرکەکە زۆر قورسە و پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەمووی تیایدا بەشداربێت، هەروەها باسی لە هاوکاری مرۆیی حکومەتی وڵاتەکەی کرد بۆ هەرێمی کوردستان. لەلایەن خۆیەوە د. علی سندی دووپاتیکردەوە کە ئەم بارودۆخەی بە هۆی هاتنی بەلێشاوی ئاوارەکان لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوو و هەل ومەرجی ناوچەکە هاتۆتە ئاراوە قەیرانێکی زۆر سەختە کە بەتەنها حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەری بکات.

## وەزیری پلاندانان و باڵوێزی کەنەدا لە عیراق هاوکارییەکانی کەنەدا تاوتوێدەکەن

لە ڕۆژی ٢٠١٤/٩/١٦، د. علی سندی وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازیکرد لە برۆنۆ ساکۆمانی، باڵوێزی کەنەدا لە عیراق و ئوردن، و شاندی یاوەری. لەمیانەی کۆبوونەوەکەدا دواین ڕەوشی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان خرایەڕوو کە بە هۆی ڕووداوەکانی مانگی ئابی ڕابردوو لە شاری موسڵ و ناوچەکانی دەشتی نەینەوا ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە. هەروەها باس لە هاوکارییەکانی وڵاتی کەنەدا کرا کە پێشکەشیکردوە بۆ ئاوارەکان لە ڕێگای ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. باڵوێزی کەنەدا دووپاتیکردەوە کە حکومەتی وڵاتەکەی لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخی ناوچەکە دەکات و بەردەوام دەبێت لە پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی زیاتر.



# وەزيری پلاندنان بەشداری لـــــە كۆنفرانسی "ڕاگەياندنی پلانی هەرێمی بۆ بەدەنگەوەهاتنی پەنابەرانی سوريا " لە بەرلين دەكات




لە ميانەی بەردەوامی هەوڵەكانی كۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ چارەسەركردنی قەيرانی پەنابەرانی سوری كە بەهۆی بارودۆخی توندوتيژی ئەم وڵاتە ڕوويان لە وڵاتانی تر كردووە، ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/١٨، د. عەلی سندی، وەزيری پلاندانانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەشداری لە (كۆنفرانسی ڕاگەياندنی پلانی هەرێمی بۆ بەدەنگەوەهاتنی پەنابەرانی سوريا بۆ ساڵی ٢٠١٥) لە بەرلينی پايتەختی كۆماری ئەڵمانيای فيدڕال كرد، كە لە لايەن وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانيا ميوانداريكرا و لە لايەن ڕێكخراوی نەتەوە يەكگرتووەكان بەڕێوەچوو و تيايدا وەزيری دەرەوەی كۆماری ئەڵمانيا، فرانك وولتەر شتينمێر، وەزيری هاوكاری و پەرەپێدانی ئابووری ئەڵمانيا، گێرد مولەر، جێگری سكرتێری گشتی بۆ كاروباری مرۆيی و بەهاناهاتن، باڕۆنێس ڤاليری ئەمۆس، بەرپرسی ئاژانسی (UNHCR)، ئەنتۆنيۆ گۆتەريس، و بەڕێوەبەری ئاژانسی (UNDP)، هێلين كلارك، و ژمارەيەك بەرپرسو نوێنەرانی وڵاتان و دەزگاكانی كۆمەكبەخش بەشداريان كـــرد.

بەشداريكردنی هەرێمی كوردستان لەم كۆنفرانسە لە چوارچێوەی بەشداريكردنی ئەم وڵاتانە دێت كە پەنابەرە سوريەكان ڕوويان تێكردووە وەك شانشينی ئەردەن و توركيا و عيراق وميسر و لوبنان.

ئامانجی ئەم كۆنفرانسەش بريتی بوو لە كۆكردنەوەی كۆمەك و هاوكاريی بۆ ئاژانسەكانی ڕێكخراوی نەتەوە يەكگرتووەكان و ڕێكخراوە ناحكوميە نێودەوڵەتيەكان، كە لەو وڵاتانەی ئاماژەيان پێكرا كارو چالاكيەكانيان

ئەنجام دەدەن.

وەزیری پلاندانان لە وتارێكدا ڕەوشی ئێستای پەنابەرەكانی لە هەرێمی كوردستان خستەڕوو و جەختیكردەوە كە حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەوەی لە توانایدایە پێشكەشیكردووە بە پەنابەرەكان، هەروەها ئاماژەی كرد كە جگە لەم ژمارە زۆرەی پەنابەرانی سوری، هاتنی بە لێشاوی ئاوارەكانی ناوچە جیاجیاكانی عیراق بۆ هەرێمی كوردستان كە ژمارەیان تەنها لە ساڵی ٢٠١٤ دەگاتە نزیكەی یەك ملیۆن كەس، هەرێمی كوردستانی دووچاری بارگرانیەكی زۆر كردووە.

شایانی باسە ژمارەی پەنابەرە سوریەكان لە عیراق بە ٢٣٠,٠٠٠ كەس دەخەملێنرێت و زیاتر لە ٩٥% ی ئەم ژمارەیە لە هەرێمی كوردستانە.

## وەزیری پلاندانان بەشداری لە كۆنفرانسی ئامادەكاری پلانی (3RP) لەشانشینی ئوردن دەكات

بە هۆی ئاوارەبوونی ژمارەیەكی یەكجار زۆر لە هاوڵاتیانی سوریا و لە چوارچێوەی ئەو پلانە هەرێمییەی لە لایەن ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان داڕێژراوە بۆ هەر یەك لە وڵاتانی دراوسێ (عیراق، شانشینی ئوردن، توركیا، لوبنان) و وڵاتی میسر، لە بەرواری ٢٠١٤/١١/٢٤ د. علی سندی، وەزیری پلاندانانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەشداریكرد لە وۆركشۆپی پرۆسەی پلانی بەدەنگەوەهاتنی




سوریا و ئامادەكردنی پلانی هەرێمی بۆ ئەو وڵاتانەی هاوڵاتیانی سوریا ڕوویان تێكردوون سەبارەت بە پێداویستیەكانی پەنابەران لە شوێنی حەوانەوە، ئاو، خواردن، فێركردن، هەروەها پاراستنی ژیان، وەزیری

پلاندانان لە وتارەکەیدا کە نوێنەرانی ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و نوێنەری وڵاتانی کۆمەك بەخشی ئوسترالیا، کەنەدا، دانیمارك، ئەڵمانیا، یابان، نەرویج، سویسرا، سوید و شانشینی یەکگرتوو، هەروەها نوێنەرانی رێکخراوەکانی تری کۆمەك بەخش ئامادەبوون، تیشکی خستە سەر ئەو رێژە زۆرەی پەنابەرانی سوریا کەڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە وکاریگەرییەکی زۆریان لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکردووە بەتایبەتی دوای ئەوەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە حکومەتی فیدڕاڵ بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕیوە، ئەمەش وای کردووە بارگرانیەکی زۆر بکەوێتە سەر حکومەت و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردســـــــتان.
شایانی باسە ئەم زنجیرە وۆرکشۆپانە یەکەم هەنگاوی لە ٢٠١٤/٦/٢٩ لە بڕۆکسل دەستپێکردووە کە مەبەست لێیان بریتیە لە ئامادەکردنی پلانی بەدەنگەوەهاتنی سوریا (SRP) و پلانی هەرێمی بۆ بەدەنگەوەهاتنی ئاوارەکان(3RP) بۆ ساڵی ٢٠١٥ تاوەکو لەو ڕێگەیەوە ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، وڵاتان و ڕێکخراوە کۆمەك بەخشەکان، هەروەها ڕێکخراوە ناحکومیەکان بتوانن یارمەتی دارایی پێشکەش بەو وڵاتانە بکەن کەپەنابەرەکانی سوریا داڵدەدەدەن کەلەکۆتایی ئەمساڵ ڕادەگەیەنرێ. جێی ئاماژەیە لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو ئێستا ژمارەی پەنابەرەکانی سوریا لە هەرێمی کوردستان دەگاتە زیاتر لە ٢٣٠,٠٠٠ کەس کەدەکاتە نزیکەی ٥% ی ژمارەی دانیشتووانی هەرێم.

## وەزارەتی پلاندانــان و ڕێکخراوی (UNDP) "دانانی میکانیزمێك بۆ بەدواداچوونی پرۆژە و چالاکیەکانی تایبەت بە هاوکاریکردنی ئاوارەکان"

لەبەرواری ٢٠١٤/١٠/٢٦، بەڕێز د. علی سندی، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە د. ئادەم عبدالمولا، بەڕێوەبەری بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP) لە عیراق کـــــــرد.
لە کۆبوونەوەیەکدا باس لە کارو بەرنامەیڕێکخراوی UNDP کرا لە هەرێمی کوردستان، هەروەها بە وردی باس لە دانانی میکانیزمێك کرا بۆ بەدواداچوونی کار و پرۆژەکانی تایبەت بە هاوکاریکردنی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان و دابینکردنی پێداویستیەکانیان، ئەمەش بە هەماهەنگی لێژنەی باڵای هەڵسەنگاندنی پێداویستیەکان و ڕێکخراوی UNDP، هەروەها ڕێکخراوی ناوبراو لە ئێستادا نووسینگەی خۆی لە پارێزگاکانی هەرێم دامەزراندووە بەمەبەستی لەنزیکەوە چاودێریکردنی ڕەوشی ئاوارەکان و هاوکاریکردنیان.
لە هەمان تەوەردا باس لە ئەنجامدانی پرۆژەی ستراتیجی هاوبەش لە نێوان حکومەتی هەرێم و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کرا بۆ ئاوارەکان لە ئەگەری بەردەوام بوونی ئەم قەیرانەی ئێستا بۆ ماوەی درێژتر، بە ئامانجی باشترکردنی هەلومەرجی ئاوارەکان.

# بەڕێوەبەرایەتی گشتی
# دیوان



# پۆلێنكردنی كۆمپانیاو بەڵێندەران لەبوارە جیاجیاكاندا

كاری سەرەكیی بەڕێوەبەرایەتی پۆلێنكردنی بەڵێندەران، بەپێی ناوەڕۆكی پەیڕەوی تۆمارو پۆلێنكردنی بەڵێندەران ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٧، بریتیە لە ئامادەكردنو پێشكەشكردنی گشت بەڵگەنامەو دۆكیومێنت و زانیاریی پێویست، بۆ لیژنەی پۆلێنكرنی بەڵێندەران سەبارەت بە: پۆلێنكردنی بەڵێندەران، بەرزكردنەوەی پلەی پۆلێن، دەرهێنانو خستنە لیستی ڕەش بۆ كۆمپانیاو بەڵێندەران. لیژنەی تۆمارو پۆلێنكردنی بەڵێندەران كە كۆبوونەوەكانی بەشێوەیەكی دەوری لە وەزارەتی پلاندانان ئەنجام دەدات، لە ماوەی ساڵی (٢٠١٤) دا (١٨) هەژدە كۆبوونەوەی ئەنجامداوەو لە ئەنجامدا (١٢٩) كۆمپانیاو بەڵێندەری پۆلێنكردووەو پلەی پۆلێنی (٦٣) كۆمپانیاو بەڵێندەری بەرزكردۆتەوە، سەرەڕای ئەمانەش چەندین داواكاری وەرگرتنی پلەی پۆلێنو بەرزكردنەوەی پلەی پۆلێنی ڕەتكردۆتەوە، ئەویش بەهۆی هەبوونی كەمو كوڕی لە داواكاریەكانیان.

داتای ئێستای بەڕێوەبەرایەتی پۆلێنكردنی بەڵێندەران سەبارەت بەژمارەی كۆمپانیاو بەڵێندەرانی پۆلێنكراو بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- كۆی گشتی كۆمپانیای پۆلێنكراو لە هەردوو بواری (بیناسازی) و (كارەباییو میكانیكی) = ٢٢٠٨
- كۆی گشتی كۆمپانیای پۆلێنكراو تەنها لە بواری بیناسازی = ٢٠٥٨
- كۆی گشتی كۆمپانیای پۆلێنكراو تەنها لە بواری كارەباییو میكانیكی = ١٥٨
- كۆی گشتی ئەو كۆمپانیایانەی لە هەردوو بواری (بیناسازی) و (كارەبایی و میكانیكی) پۆلێنكراون = ٣٩


- كۆی گشتی بەڵێندەرانی پۆلێنكراو لە هەردوو بواری (بیناسازی) و (كارەبايی و ميكانيكی) = ١١٦ هەر لەماوەی ساڵی (٢٠١٤) دا لێژنەی پۆلێنكردنی بەڵێندەران، وە لەسەر داواكاری وەزارەتو پارێزگاكانو هەبوونی بەڵگەنامەو پاساو بەپێی نيزامی ئاماژە پێكراو (١٢) كۆمپانيای خستۆتە ليستی ڕەش، وەهەروەها (٥) كۆمپانياشی لە ليستی ڕەش دەرهێناوە، بەمەش كۆی گشتی كۆمپانياو بەڵێندەران كە لەئێستادا لەليستی ڕەشدان دەكاتە (٥٠).

لەسەر داواكاری بەڵێندەران يان بەهۆی لەدەستدانی بنەماكانی پۆلێنكردن، لێژنەی پۆلێنكردن پلەی پۆلێنی (١٢) كۆمپانياو بەڵێندەری هەڵوەشـاندۆتەوەو، هەروەها چەندين ئەندازياری هاوبەش لە دامەزراندنی كۆمپانياكانيشی دەرهێناوە.

كارەكانی ديكەی ئەو بەڕێوەبەرايەتيە بريتيە لە گۆڕينو نوێكردنەوەی ناسنامەی كۆمپانياو بەڵێندەران كە لەم ساڵدا (٢٢٨) ناسنامەی نوێكردۆتەوە، جگە لەمانەش هەڵساوە بەئامادەكردنی داتای پێويست بۆ فەرمانگەكانی حكومەتی هەرێم دەربارەی ژمارەو پسپۆڕی كۆمپانياو بەڵێندەران لە هەرێمی كوردستانو، وەڵامدانەوەی گشت وەزارەتو لايەنەكانی حكومیو ڕەزامەنديدان لەسەر فرۆشتنی پشكی هاوبەشانو دامەزرێنەرانی كۆمپانياكان دوای ديراسەكردنی دۆسييەكانيان.

خشتەی كۆی گشتی كۆمپانيای پۆلێنكراو لە بوارە جياجياكان

| | |
|---|---|
| كۆی گشتی كۆمپانيای پۆلێنكراو لە هەردوو بواری ( بيناسازی ) و ( كارەبايی و ميكانيكی ) | ٢٢٠٨ |
| كۆی كۆمپانيای پۆلێنكراو تەنها لە بواری بيناسازی | ٢٠٥٨ |
| كۆی كۆمپانيای پۆلێنكراو تەنها لە بواری كارەبايی و ميكانيكی | ١٥٨ |
| كۆی ئەو كۆمپانيايانەی لە هەردوو بواری ( بيناسازی ) و ( كارەبايی و ميكانيكی ) پۆلێنكراون | ٣٩ |
| كۆی گشتی بەڵێندەرانی پۆلێنكراو لە هەردوو بواری ( بيناسازی ) و ( كارەبايی و ميكانيكی ) | ١١٦ |



# ئەنجامدانی ڕێككەوتنێك لەگەڵ بانكی نێودەوڵەتـــــــی بۆ هەمواركردنی گشت ڕێنماییەكانی تایبەت بە بواری گرێبەستە گشتیەكان

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەكان لەپێناو چارەسەركردنی ئەو كێشانەی بەرەنگاری وەزارەت و دەزگاكانی حكومەت دەبنەوە لەكاتی جێبەجێكردنی ڕێنماییەكانی تایبەت بە بواری گرێبەستە گشتیەكان، وە بە پێی ئەو ڕێككەوتنەی لەگەڵ بانكی نێودەوڵەتی ئەنجامدراوە بۆ هەمواركردنی گشت ڕێنماییەكانی تایبەت بەم بوارە، كە یەكێكە لە دەرەنجامەكانی ووركشۆپی (ڕاوێژكردن لەسەر ڕێنماییەكانی جێبەجێكردنی گرێبەستە گشتیەكان)، كە لەهەولێر لەماوەی (١٥-١٦)ی كانونی دووەم ٢٠١٤ ئەنجامدرا، بە بەشداربوونی گشت وەزارەت و دەزگاكانی تری حكومی و یەكێتی بەڵێندەرانی كوردستان و هەندێك لایەنی تری پەیوەندیدار، لەم ووركشۆپەدا گفتوگۆیەكی زۆر لەسەر بڕگەو ماددەكانی ڕێنماییەكان كراو تێبینی گشت لایەنەكان وەرگیراو وەڵامی زۆر پرسیاریش ئاڵوگۆڕ كرا. لە دەرەنجامدا پێشنیار بەپێكهێنانی لیژنەیەك كرا لەپسپۆڕانی ئەم بوارە بەیارمەتی پسپۆڕانی بانكی نێودەوڵەتی، بۆ هەمواركردنو دەركردنی گشت ڕێنماییەكانی تایبەت بە گرێبەستە گشتیەكان وەدەركردنیان لەلایەن وەزارەتی پلاندانان بەیەك پاكێج. بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەكی وەزاری بەناوی (لیژنەی نوێكردنەوەی سیستەمی تەندەرین لەهەرێمی كوردستان) پێكهێنراو ئەم لیژنەیە چەند كۆبوونەوەیەكی یەك لەدوا یەكی ئەنجامداو بەدواداچوونێكی تەواوی ڕەشنوسی یەكەمی (ڕێنمایی یەكگرتووی گرێبەستە گشتیەكان) كردو گفتوگۆیەكی تێرو تەسەلی لەسەر ڕەشنووسەكە ئەنجامدا.

لیژنەی ناوبراو بە سەرۆكایەتی بەڕێز بریكاری وەزارەتو لەژێر سەرپەرشتی جەنابی وەزیر بەردەوام بوو لەسەر ئیش و كارەكانی تا تەواوكردنی ڕەشنووسی كۆتایی ڕێنماییەكان، ئەم ڕەشنووسە لە ئێستادا گشتاندنی بۆ كراوە بۆ گشت وەزارەت و دەزگاكانی تری حكومی ویەكێتی بەڵێندەرانی كوردستان وگشت لایەنەكانی دیكە بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان لەسەر ڕەشنووسەكە، بۆ ڕوونكردنەوەی ناوەڕۆكی ڕەشنووسی ڕێنماییەكە، بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەكان بە هاوكاری ئەندامانی لیژنەكە هەڵسا بە ئەنجامدانی (٩) سیمینار لە ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتەكانی (شارەوانی و گەشت وگوزار، پەروەردە، كارەبا، تەندروستی، خوێندنی بالاو توێژینەوەی زانستی)، دیوانی چاودێری دارایی و پارێزگاكانی هەولێرو سلێمانی. ئەمە جگە لە چەند

كۆبوونەوەيەك لەگەڵ هەندێ لايەنی پەيوەنديدار بۆ هەمان مەبەست.

هەنگاوی داهاتوو بۆ تەواوكردنو دەركردنی ئەم رێنماييە بريتيە لەرەچاوكردنی ئەو تێبينيانەی لەو سيمينارو كۆبوونەوانە تۆماركراونو ئەو تێبينيانەی لەماوەی ديارىكراودا لەلايەنەكانی حكومی بەدەست دەگات، ئينجا نووسينەوەی رێنماييەكەو ناردنی بۆ ئەنجومەنی شورای هەرێم بۆ وردبينيكردنی و گەڕاندنەوەی بۆ وەزارەتی پلاندانان بۆ دەركردنی بە شێوەيەكی فەرمیو بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی وەقائيعی كوردستان. شايانی باسە ئێستا وەزارەتی پلاندانان گرێبەستێكی گرنگی لەگەڵ بانكی نێودەوڵەتی واژۆكردووە بۆ پەرەپێدانی بواری گرێبەستە گشتيەكان، ئەم گرێبەستە چەند چالاكيەك لەخۆ دەگرێت، لەوانە ( دانانی رەشنووسی ياسای گرێبەستە گشتيەكان، هەمواركردنی مەرجەكانی بەڵێندەرايەتی بۆ كارە ئەندازەييەكانی شارستانی و كارەبايی و ميكانيكی، دەركردنی بەڵگەنامە ستانداردەكان بۆ گرێبەستە گشتيەكان، ئامادەكاری بۆ دانانی پۆرتاڵێكی يەكگرتوو لەوێبسايتی وەزارەتی پلاندانان بۆ بڵاوكردنەوەو كۆكردنەوەی گشت زانياريەكانی پەيوەست بەبواری گرێبەست و ئەنجامدانی پرۆژە لەحكومەتی هەرێمی كوردستان).

لە لايەكی ترەوە، بۆ زياتر پەرەپێدان و پێگەياندنی كادری لێهاتوو بۆ جێبەجێكردنی پرۆسەی گرێبەست، رێككەوتنێك لەگەڵ بانكی نێودەوڵەتی ئەنجامدرا و (٩) فەرمانبەر لە هەريەكە لە وەزارەتەكانی (پلاندانان، ئاوەدانكردنەوە و نيشتەجێكردن، شارەوانیو گەشت وگوزار، خوێندنی باڵا و توێژينەوەی زانستی و هەرسێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆكو ئيدارەی گەرميان)، ناردران بۆ سەنتەری راهێنانی نێودەوڵەتی سەر بە رێكخراوی كاری نێودەوڵەتی (ITC/ ILO) لەشاری (تۆرين) لە وڵاتی (ئيتاڵيا)، بۆ بەشداربوون لە كۆرسێكی سێ هەفتەيی لە بواری گرێبەستە گشتيەكان و بەڕێوەبردنی پرۆژەكان. وە بۆ ئەوەی پرۆسەی ئەم بەشداربوونە سەركەوتوو بێت، بەڕێوەبەرايەتی گرێبەستە گشتييەكان هەڵسا بەئەنجامدانی خولێكی ئامادەكاری بۆ كانديدەكان لە وەزارەتی پلاندانان بۆ ماوەی چوار رۆژو چەند زانياريەكی سەرەكيان لەم خولە پێدرا.

لە ميانەی پەيوەنديەكانی بەڕێوەبەرايەتی گرێبەستە گشتييەكان لەگەڵ فەرمانگەی گرێبەستە گشتيەكانی سەر بە وەزارەتی پلاندانان لە بەغداو، بۆ بە سيستەميكردنی بابەتی گرێبەستە گشتييەكان لە رێگای دانانی ئەم بابەتە لەناو پرۆسەی خوێندن و پرۆگرام (منهاج)ی ساڵانەی زانكۆكان، حەوت مامۆستای زانكۆ لە هەردوو زانكۆی سەلاحەددين و زانكۆی سلێمانی لەنيوەی دووەمی مانگی تشرينی يەكەمی ئەمساڵ، خرانە خولێكی پێشكەوتوو بۆ ماوەی دوو هەفتە لە يەكێك لە زانكۆكانی وڵاتی فەرەنسا لە پاريسی پايتەخت.


لەلايەكی ترەوە بۆ زياتر ئاشنابوون بە بابەتی كاری هاوبەشی لەنێوان حكومەت وكەرتی تايبەت بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی ژێرخانی، وەزارەتی پلاندانان لە رێگای بەڕێوەبەرايەتی گرێبەستە گشتيەكان و بە

هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی، خولێکی تایبەت بەبواری ( Public Private Partnership-PPP) لە بەیروتی پایتەختی لوبنان لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمی سالی ٢٠١٤ ئەنجامدرا، بە بەشدار بوونی ئەندامانی لێژنەی نوێکردنەوەی سیستەمی تەندەرین و هەندێ لایەنی دیکەی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێم.

هەر لە میانەی پەیوەندیە بەردەوامەکانی وەزارەت لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی لە بواری گرێبەستە گشتیەکان، وە بۆ پێگەیاندنی کادیرانی کۆمپانیا و بەڵێندەران، بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان بەرنامەیەکی پێشکەش بە بانکی ناوبراو کردووە، بۆ کردنەوەی چەند خولێکی گرێبەستە گشتییەکان و بەڕێوەبردنی پرۆژە بۆ بەڵێندەرانی هەرێمی کوردستان، وە ڕەزامەندی سەرەتایی بانکی نێودەوڵەتی وەرگیراوە تا ئەوان یارمەتیدەر بن لە جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە، ئەویش بریتییە لە کردنەوەی (١٠) خولی ڕاهێنان لە بواری گرێبەستە گشتیەکان لە ماوەی شەش مانگی داهاتوودا، بۆ بەڵێندەران لە هەرسێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردسـتان.



# بەڕێوەبەرایەتی گشتی
# پلاندانانی ستراتیجی



# پێداچوونەوەو دارِشتنەوەی رِەشنووسی پلانـــی ســـــتراتیجی پێنج ســــاڵی ( ٢٠١٥ - ٢٠١٩ )



بەرێوبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی پێداچوونەوەو دارشتنەوەی ڕەشنووسی پلانی ستراتیجی پێنج ساڵی ( ٢٠١٦ - ٢٠٢٠ )ی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ئەنجام دەدات، بە نوێکردنەوەی داتاو زانیاری نوێ و نوێکردنەوەی نیشاندەرەکان بە پشت بەستن بە دیدگای کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٠ لەسێکتەرەکانی: ( تەندروستی، کۆمەڵایەتی، ژینگە ومین، پیشەسازی، کارەبا، کشتوکاڵ، ژێرخان، هتد).

جگە لەمەش بەرێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی چەندین کاری دیکەی ئەنجامداوە لەماوەی ساڵی ٢٠١٤ لەوانە:

# ئامادەكردنو تەواوبوونی ڕەشنووسی پلانی گەشەپێدانی پێنج ساڵەی (٢٠١٦ – ٢٠٢٠)

كاری ئەم ڕەشنوسەش لەپاش نوێكردنەوەی گشت زانياريەكان وپاڵپشت بە ديدگای هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٠ وپاڵپشت بە پلانی وەزارەتەكانی (كشتوكاڵ و پەروەردەو پيشەسازی و ئاوەدانكردنەوە و ڕۆشنبيری و ....هتد) ئەنجام دەدرێت.

# بەشداريكردن لە وۆركشۆپێك بەمەبەستی دەستنيشانكردنی نيشاندەرەكان بۆ ديدگای كوردستانی ساڵی(٢٠٢٠)

بەشداريكردن لە وۆركشۆپێكی تايبەت لە هوتێل ديڤان لە هەولێر لەڕێكەوتی (١-٢)/٢/٢٠١٤ ، هەروەها دواتريش كۆبوونەوەيەك لە ٢٠١٤/٢/٢٤ لەناو ديوانی وەزارەت سەبارەت بەبەرنامەی دانانی ميكانيزمێكی گونجاو، بۆ دەستنيشانكردنی نيشاندەرەكان بۆ ديدگای كوردستانی ساڵی (٢٠٢٠)و، كاركردن لەسەری لەماوەی داهاتوو وەك ستراتيجيەتی دام ودەزگاكانی حكومەت، بەمەبەستی پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری زياتر بەهاوڵاتيان، بەچەشنێك كەجێگای ڕەزامەندی خەڵكی هەرێمی كوردستان بێتو كاريگەری هەبێت لەسەر بنياتنانی كۆمەڵگايەكی تەندروستو كامەرانو بەختيار لەژيانو زيادكردنی داهاتی تاكەكەسیو بنياتنانی كوردستانێكی پێشكەوتوو ديموكراسی.

# بەشداريكردن لە وۆركشۆپی (شێلتەری ستراتيجی)

وۆركشۆپەكە (شێلتەری ستراتيجی)، كە تايبەت بوو بە ميكانيزمی بەهاناوەچوونی ئاوارەكان و نيشتەجێكردنيان لە كەمپەكان و دانانی ميكانيزمێكی گونجاوو لەبار، بەچەشنێك كەوا كەمترين بارگرانی بخاتە سەر حكومەتی هەرێمی كوردستان لەڕووی داراييو، زۆرترين خزمەتگوزاريش پێشكەش بە خەڵكی ئاوارە بگەيەنرێت لەناو هەرێمدا. ئەم وۆركشۆپەش لە هۆتێلی (ديڤان) و بەسەرپەرشتی (UNDP) لە هەولێر بەڕێوەچوو.

# ئامادەكردنی ڕاپۆرتێكی شيكاری هێزی كار

ئەمەش ڕاپۆرتێكی شيكاری هێزی كارە بۆ فەرمانبەرانی ناو ديوانی وەزارەتی پلاندانان، كە تيايدا بەوردی باسی هێزی كار كراوە لەناو ديوانی وەزارەت، لەگەڵ دياريكردنی كەم وكوڕیو ئاستەنگەكانی پێش بەكارخستنی تەواوی توانا و شارەزايی ئەم كارمەندانە بە شێوەيەكی دروست و لەبار لە پێناو پێشخستنی ڕەوتی كار.

# پرۆپۆزەڵێكی تایبەت بە دانانی داتابەیسێك

ئامادەكردنی پرۆپۆزەڵێك بۆ دانانی داتابەیسێك لەهەموو بوارەكان بۆ پارێزگاكان و قەزاو ناحیەكانی هەرێم بە چەشنێك كە هەموو داتاو زانیاریەكی لەسەر یەكە ئیداریەكانی تێادابێت ، هەر لە گوندو ناحیەو قەزاو پارێزگا لەسنووری ئەم یەكە ئیداریانە هەروەها ژمارەی دانیشتوان، باری خوێندن (وەك ژمارەی قوتابخانە، قوتابی، مامۆستا، كارمەندی خزمەتگوزارو پێداویستیەكان و ... هتد). وەهەروەها دام ودەزگای حكومی و مزگەوتو باری كشتوكاڵ وەك ئەم دانەوێلانەی كە لەم ناوچانە دەچێنرێنو سامانی ئاژەڵیو بەرهەمی كشتوكاڵی، بەجۆرێك كەباشترین سەرچاوە بێت بۆ هەموو ئەو لایەنانەی كەپێویستیان بەزانیاری هەیە دەربارەی ئەم یەكە ئیداریانە، چ بۆ دانانی بەرنامەو پلانی خزمەتگوزاری یان بۆ مەبەستی سوود وەرگرتن بۆ توێژینەوەو .... هتد.

# ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەیەكی بەرایی لەسەر باری خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستیو هێزی كار لە وەزارەتی تەندروستی

ئەنجامدانی ئەم لێكۆڵینەوەیە لەسەر باری خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستیو هێزی كاری مرۆیی لە وەزارەتی تەندروستی حكومەتی هەرێمی كوردستانو، ئەم خزمەتگوزاریانەی كە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی پێشكەش بەهاولاتیان دەكرێت، لەگەڵ دیاریكردنی هێزی كار لە وەزارەت و نیشاندانی باری ڕاستەقینە لەزیادیو كەمی كارمەندەكانی لە: (پزیشك، پزیشكی ددان، دەرمانساز، كارمەندی هونەریو پەرستیارو كارمەندی كارگێری ... هتد) هەریەكە بەجیاوازو، شیكردنەوەی باری تەندروستی وپێداویستیەكان و، دیاریكردنی ڕۆڵی كەرتی تایبەت لەم بوارەدا كە لەم ساڵانەی دواییدا بەشێوەیەكی بەرچاو زیادیكردووە. هەروەها دابەشبوونی هیزی كار لەناو سەنتەری پارێزگاو دەوروبەرو چۆنیەتی دابەشبوونیان بەشێوەیەكی ورد.

# ئامادەكردنی ڕاپۆرتێكی شیكاری هێزی كار بـــۆ وەزارەتی ڕۆشنبیریو وەرزشو لاوان

ڕاپۆرتێكی شیكاریە لەسەر هێزی كار لە وەزارەتی ڕۆشنبیریو وەرزشو لاوانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەمەبەستی دەستنیشانكردنی هێزی كاری وەزارەتو پەیكەری ڕێكخستنو دیاریكردنی دابەشبوونی كارمەندان بەسەر بەڕێوبەرایەتیەكانی سەر بەوەزارەتو دیاریكردنی پسپۆڕیەكانیان، وە ئاماژەكردن بەوەی تا چەند لەگەڵ پێداویستی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەگونجێنو، دواتر پێشنیاركردنی چەند ڕاسپاردەیەك بۆ باشتركردنی پەیكەری ڕێكخستن و باری هێزی كار لەم وەزارەتەدا.

# ئامادەكاری بۆ دیراسەیەكی تایبەت لەســـــــــەر بواری كشتوكاڵ لە هەرێمی كوردستان

ئامادەكاری بۆ دیراسەیەك لەسەر بواری كشتوكاڵ لە هەرێمی كوردستان و دانانی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ پێشخستنی ئەم بوارەو، سوود وەرگرتن لە داهاتەكانی ئاوی زەوی بەزۆرترین بەرهەم وباشترین كوالیتی و دەستنیشانكردنی كەم وكوڕیەكانی ئەم بوارە، وە هەوڵدان بۆ چارەسەركردنیان و پێشخستی بەتایبەتی لە دابینكردنی پێداویستی جووتیاران لە پەینی كیمیایی و ئامێری گونجاوی لەبار بۆ ڕاپەراندنی كارەكانیان و دابینكردنی سەرچاوەی ئاو لە ڕێگای دروستكردنی بەنداوو گواستنەوەی ئاو لە ڕووبارەكان بە هۆی بۆڕی و دابینكردنی بڕێكی زۆر لە ئامێرەكانی ئاودێری دلۆپاندن و پرژاندن و ... هتد، بۆ زیاتر خزمەتكردنو گەشەپێدانی گوندەكان و مانەوەی جووتیاران لە گوندو ، پێشخستنی بواری كشتوكاڵی .

# بەشداریكردن لەووركشۆپی:

## (تنمية الطفولة المبكرة باستخدام نهج النظم لتحسين نتائج التعليم)

بەشداریكردن لەووركشۆپی (تنمية الطفولة المبكرة باستخدام نهج النظم لتحسين نتائج التعليم)، كە بانكی نێودەوڵەتی پێی هەڵسابوو لە ڕۆژانی (١٦-١٧)/٦/٢٠١٤ لە هۆتێلی دیڤان لە هەولێر، بەمەبەستی دانانی ستراتیجی نیشتمانی لەم بوارەدا لەسەر ئاستی عیراق و هەرێمی كوردستان.


# بەشداريكردن لە كۆنفرانسی (USAID) بۆ (خدمات النافذة الواحدة)

بەشداريكردن لە كۆنفرانسی (USAID) بۆ (خدمات النافذة الواحدة)، بە ئامادەبوونی بەڕێزان وەزيری تەندروستی و وەزيری كاروباری كۆمەڵايەتی، بەمەبەستی پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری يەك پەنجەرە، كە تيايدا وەرگرتنی مامەڵەی هاوڵاتيان لە يەك شوێن و تەواوكردنی لە هەمان شوێندا، بێ ئەوەی هاوڵاتی ئەركێكی زۆر بكێشێت و چەندان شوێنی پێ بكريت كەوا زۆرترينيشان ڕۆتين و پێويست نين.

هەروەها ئەنجامدانی چەندين كۆبوونەوەی ديكەی ستافی بەڕێوبەرايەتی گشتی پلاندانانی ستراتيجی سەربەوەزارەتی پلاندانان، بۆ دياريكردنی شێوازی كاركردن و دەستنيشانكردنی كەم وكورتيەكان، بەمەبەستی پێشخستنی ڕەوتی كارو دانانی بەرنامەی ستراتيجی وگونجاو بۆ ڕاپەڕاندنی كار بەشێوەيەكی زانستی و دوور لە ڕۆتين.

***

# بەڕێوەبەرایەتی گشتی
# پەرەپێدانی مرۆیی



## لە پرۆژەیەکی هاوبەشدا ماستەر پلانێکی سێ ساڵی (٢٠١٥-٢٠١٧) بۆ پەرەپێدانی سەرچاوەی مرۆیی دانرا

وەزارەتی پلاندانان بە هەماهەنگی ئاژانسی هاوکاری نێودەوڵەتی کۆری (KOICA)، لە ٢٠١٤/٢/١٥ کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ نوێنەری کۆیکاو شاندی شارەزایانی کۆریا لە وەزارەت ئەنجامدا، بەئامادەبوونی بەرپرسە باڵاکانی وەزارەت بۆ دەستپێکردنی پرۆژەی پەرەپێدانی مرۆیی/ دروستکردنی باڵەخانەی KIPA بۆ ڕاهێنان (هاوکاریکردن لەبواری دروستکردنو تەجهیزکردنی باڵەخانەی KIPA)، هەروەها ئامادەکردنی توانای مرۆیی لەبواری ستراتیجی ڕاهێنان و سەرچاوە مرۆییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

لە کۆبوونەوەکەدا قۆناغەکانی کارکردنو جێبەجێکردنی پرۆژەکە خرایەڕوو، وە لە چوارچێوەی ئەم پرۆژەیەدا سیستمێکی کارای سەرچاوەی مرۆیی دروست دەکرێت کە فەرمانبەران لە گشت ئاستەکان تێیدا سوودمەند دەبن.

شاندی شارەزایانی کۆری کە لەڕێگەی کۆیکاوە بانگهێشت کرابوون بۆ کوردستان بە هەماهەنگی لیژنەی وەزارەت، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ وە هەڵساون بە ئەنجامدانی چەندین چالاکی گرنگ لەوانە:

١- دانانی ڕەشنوسی بەرنامەی کاری ئاینده سەبارەت بەهەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکە.

٢- دابەشکردنی تیمەکانو سەردانیکردنی چەندین دامەزراوەی حکومەتی هەرێم.

٣- دیاریکردنو دەستنیشانکردنی هەنگاوە سەرەکییەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بۆ دەستکردن بە شیکردنەوەو دیراسەکردنیان کە چەند ڕاپرسیو ڕووپێوێك لەخۆ دەگرێت.

لە کۆبوونەوەیەکی تر، کە لە ٢٠١٤/٢/١٧ بڕیاردرا دەست بە قۆناغی یەکەمی پرۆژەی پەرەپێدانی سەرچاوەی مرۆیی بکرێت، کە هەڵسەنگاندنو کۆکردنەوەی زانیاری بوو لەسەر بارودۆخی ئێستای ڕاهێنان لە هەرێمی کوردستان بەگشتیو لە KIPA بە تایبەتی، بۆ ئەم مەبەستەش چاوپێکەوتن لەگەڵ زیاتر لە (١٠٠) فەرمانبەری حکومەت لە وەزارەتەکان کرا لە ئاستەکانی باڵاو ناوەندو جێبەجێکاری بۆ دەستنیشانکردنی پێداویستیەکان بۆ خولی ڕاهێنان.

لە ٢٠١٤/٣/٤ وۆرکشۆپێك ئەنجامدرا کە تیایدا بەرپرسە باڵاکانی وەزارەتەکان لەپلەی ڕاوێژکارو بەڕێوەبەری گشتی ئامادەی بوون، ئەمەش بەمەبەستی ئاشناکردنو ئاگاداربوون لەم پرۆژەیەو لەپلانی جێبەجێکردن و، هەروەها بۆ هەماهەنگیکردنیان لەگەڵ وەزارەت بۆ سەرخستنی پرۆژەکەو ئاسانکاریکردن بۆ تیمی پرۆژەکە لە پێدانی زانیاری پێویستو پڕکردنەوەی فۆڕمو ناردنەوەیان بۆ وەزارەت.

دابەشكردنی چەند ڕاپرسییەكی تر بەسەر وەزارەتەكان ئەویش بەهەماهەنگی شاندی ناوبراو، ئامانجیش لە ئەنجامدانی ئەم ڕاپرسیانە بریتی بوون لە: شیكردنەوەی بارودۆخی ئێستای ڕاهێنانو، شیكاریكردنی ئەرك و وەزیفەی KIPA، پێداچوونەوەی هەیكەلی سەرچاوەی مرۆیی لە وەزارەتی پلاندانان، كاركردن لەسەر دیدگاو پەیامو ئامانجی سەرچاوەی مرۆییو KIPA، ئامادەكردنی ڕاهێنەران و ستافی بەڕێوەبردنی ڕاهێنان، وەهەروەها بەرزكردنەوەی توانستی ڕاهێنەران بۆ ئەوەی دواتر بتوانن پەیڕەوو پرۆگرام بۆ خولەكانی ڕاهێنان دیزاین بكەن.

## ڕاپرسییەكان

- ڕاپرسی پێداویستییەكانی خولی ڕاهێنان كە بەسەر نۆ وەزارەت دابەشكرابوو، كۆی ١٠٠٠ ڕاپرسی بوو، هەر وەزارەتەو (١٠٠) فۆرمی بۆ نێردرا بۆ چەند پلەی جیاواز، دوای وەرگرتنەوەی فۆرمەكانو داخلكردنی داتا كۆكراوەكان، بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدران لەلایەن تیمی كاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی، دواتریش ئەنجامی ئەم ڕاپرسیە درایە شارەزا كۆرییەكان بەمەبەستی شیكاركردنو ئامادەكردن و نووسینەوەی ڕەشنووسی ماستەر پلانی سێ ساڵی بۆ پرۆژەكە، تیایدا ڕێژەی پێویست بۆ هەر بوارێكی ڕاهێنان دەستنیشان كرا. وە لەشیكارەكە دەركەوت كە پێویستە جەخت بكرێتەوە لەسەر ئەو بوارانەی كەوا كەلێنێكی زۆر هەیە لەنێوان ئاستی هەنووكەیی و ئەو ئاستەی كە پێویستە پێی بگەن، بۆیە لە ماستەرپلانەكە ڕەچاوی ئەم خاڵەو پێداویستییە گرنگەكان دەكرێت لە پەرەپێدانی توانای كارمەندەكان لە گشت دامو دەزگاكانی حكومەتی هەرێم.
- ڕاپرسی هێزی كار: مەبەست لەم ڕاپرسیە كۆكردنەوەی زانیاری دروست بوو دەربارەی هێزی كارو كۆكردنەوەی میلاكی تەواوی فەرمانبەرانی هەرێم لە هەرسێ دامەزراوەكانی تەشریعی و جێبەجێكارو دادوەری، بەپشت بەستن بە میلاكی ساڵی ٢٠١٣ لە دامو دەزگاكانی حكومەتی هەرێمو جۆرەكانی ئیش.
- ڕاپرسی هەڵسەنگاندنی ژینگەیی سەرچاوەی مرۆییو ڕاهێنان كە بەسەر ٣٤ دامەزراوە دابەشكراو كۆی گشتی نزیكەی ٢٥٠ ڕاپرسی بوو.
- ڕاپرسی لەسەر پێكهاتەی سەرچاوەی مرۆییو كارو ئەركەكانی ئەنستیتۆی كوردستان بۆ كارگێڕی گشتی KIPA بۆ ژمارەیەك ستافی پەرەپێدانی مرۆیی و تیمی بەڕێوەبردنی پرۆژەكە.

♦ڕاپرسی دەستنیشانكردنی خاڵی بەهێزو لاوازو هەلو مەترسییەكان لەڕووی سەرچاوەی مرۆییو ڕاهێنان.

لە هەمان كاتدا، بۆ ئامادەكردنی دیزاینی سەنتەری ڕاهێنان، بەدواداچوون بەردەوام بووەو كۆبوونەوەیەك لە

ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانس ئەنجامدرا بەئامادەبوونی بریکاری وەزارەتو تیمی بەڕێوەبردنی پرۆژەی پەرەپێدانی مرۆیی، کە تیایدا باس لە ئەنجامی شیکردنەوەی ڕاپرسیەکانی پرۆژەکە کرا کە شارەزایان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامیان دابوو لە مانگی ئادارو نیسانی ساڵی ٢٠١٤.

لەکۆتاییدا، پێداچوونەوەی ڕەشنووسی ماستەرپلانەکە کرا لەلایەن وەزارەتو، دواتر تێبینیەکان بۆ شارەزایانی کۆری نێردران، هەروەها تاوتوێی دیزاینی بینایەکەش کرا لەگەڵ کۆمپانیای دانەری دیزاینەکە کەهەندێك دەستکاری بۆ کرا تاوەکو لەخزمەت جێبەجێکردنی ئەم ماستەرپلانەدا بێت کە بۆ پەرەپێدانی سەرچاوەی مرۆیی دادەڕێژرێت.

## کۆرو کۆبوونەوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی لەگەڵ زانکۆو ڕێکخراوەکان

- لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٤/١٠ کۆبوونەوەیەك لەگەڵ شاندێکی وڵاتی سوید دا کرا، کە پێکهاتبوون لە نوێنەرانی زانکۆکانی (Uppsala and Skondal University).

لەم کۆبوونەوەیدا گفتوگۆکرا لەسەر پێداویستی وەزارەتەکان بۆ خوێندنی باڵاو خولەکانی ڕاهێنان، هەروەها تیشك خرایە سەر هەماهەنگیکردن بۆ پێشخستنی سەرچاوەی مرۆیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەمان مەبەست.

- لە ٢٠١٤/٣/٢٦ بە مەبەستی پەرەپێدانی کارمەندانی کەرتی گەشت و گوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی کۆبوونەوەیەکی ڕێکخست بۆ:

(International Association for Human Values)، لەگەڵ دەستەی گەشت و گوزار، بەمەبەستی تاوتوێکردنی میکانیزمی جێبەجێکردنی خولێکی ڕاهێنانی شەش مانگە بۆ ٦٠ ئافرەت لە دەستەی ناوبراو لەبواری گەشت و گوزارو، هەروەها دانانی ئالیەتێکی کارا بۆ هەماهەنگیکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکە.

دوای تەواوبوونی خولەکەش بەشداربووان بڕوانامەی دبلۆمی پرۆفیشناڵیان پێدەبەخشرێت.

- لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٥/١٩ کۆبوونەوەیەکی دیکە لەگەڵ نوێنەری زانکۆی یۆرکی بەریتانی ئەنجامدرا بەمەبەستی تاوتوێکردنی پێداویستییەکانی ڕاهێنان و خوێندنی باڵا.

## پرۆژەی پەرەپێدانی ئاست باڵاکان (SES)

لە چوارچێوەی پرۆژەی پەرەپێدانی ئاست باڵاکان (SES) لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستـان، لێژنەیەك بۆ ئەم پرۆژە هاوبەشە لە وەزارەت پێکهێنرا، بۆ ئەم مەبەستە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی لە زنجیرەیەك کۆبوونەوەدا بەهەماهەنگی نوێنەرانی باڵای پرۆگرامی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (United Nations Development Program)، خاتوو (ماریا ئەنتوانێت فلومیان) سەرۆکی ئەنستیتۆی حکومڕانی (Institute of Governance) و شاندی یاوەری لە ئەنستیتۆی حکومڕانی کەنەدی، کەتیایدا گفتوگۆ لەسەر هەنگاوە کردارییەکانی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە کرا کەفۆرمی رووپێویی پێداچوونەوەی تەواوی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەکە، فۆرمەکەش وەرگێردرا بۆ سەر زمانی کوردی و عەرەبی و، دواتر بریار درا کە بەم دوو قۆناغەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:

- ناردنی بۆچەند کەسێك کە لە ئاستی پلە باڵاکان دان (کە وەکو نموونەیەك وەرگیراون).
- دوای شیکاریکردن بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی رووپێوە سەرەکیەکە ئەنجام دەدرێت.



## پرۆژەی ئامادەكردنی ڕابەرو بەڕێوەبەر
## لەگەڵ دیسیسڤ ئۆپەرەیشنزی بەریتانی تاووتوێكرا

لە مانگی كانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٤ ڕێكخراوی (Decisive Operations)ی بەریتانی كە تاكە ڕێكخراوی ڕێپێدراوی ئەنستیتۆی چارتەردی بەڕێوەبردنە ( Chartered Management Institute) لە سەرتاسەری عێراق، پرۆپۆزەڵێكیان پێشكەش بە وەزارەتی پلاندانان كرد بەمەبەستی پێگەیاندنی بەڕێوەبەرو ڕابەری پرۆفێشناڵو بەخشینی بڕوانامەی دبلۆم پێیان، دوابەدوای چەند دانیشتنێكو گفتوگۆكردن سەبارەت بەناوەڕۆكو ماوەی خولەكەو شوێنی ئەنجامدان، خولەكە هاوتا دەبێت بە (١٢٠) كاتژمێر لە ماوەی (٤) هەفتەدا.

## هەما هەنگیكردن لەگەڵ سەنتەری تەكنەلۆجیاو ڕاهێنانی ئەورووپی

لەڕۆژی ٢٠١٤/١٠/١٣ پێشوازیكرا لە بەڕێز (بێرن لەنگە) سەرۆكی تەكنەلۆجیاو ڕاهێنانی ئەورووپی (European Training and Technology Center-ETTC) و شاندی یاوەریو خاتوو (هایدی مێرك) نوێنەری تایبەت كە لە وڵاتی ئەڵمانیاوە هاتبوون بۆ كوردستان، لەم كۆبوونەوەیەدا تیشك خرایە سەر بارودۆخی ئێستای هەرێمی كوردستان و چۆنییەتی هەماهەنگیكردن لەگەڵ وەزارەتو، بەشداریكردن لە چارەسەری ئەو كێشانە كە ڕووبەڕووی هەرێمی كوردستان بونەتەوە لە ئێستادا، دواتر بەڕێز(بێرن لەنگە) و تەواوی ئەندامانی بۆردەكە ئامادەیی خۆیان دەربڕی لە هەماهەنگیكردنی وەزارەت بۆ ئەنجامدانی پرۆژە هاوبەشەكان. پێداچوونەوەی پرۆگرامی هاوبەشی نێوان وەزارەتو سەنتەری ناوبراو كە خۆی لەو دوو پرۆژەدا دەبینێتەوە:

- پرۆگرامی خولی ڕاهێنان بۆ كارمەندانی سەرجەم دامودەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان.
- پرۆژەی ئەكادیمیای ڕاهێنان كە پرۆژەیەكی هاوبەشەو گونجاندنی بەپێی بارودۆخی ئێستا.

***

# خستنەڕووی پێداویستییەكانی ڕاهێنانی وەزارەتەكان لەگەڵ ڕێكخراوی ئێسكوا

بە مەبەستی خستنەڕووی پێداويستييەكانی ڕاهێنانی وەزارەتەكان چەند كۆبوونەوەيەك سەبارەت بە پڕۆگرامی هاوبەشی وەزارەت لەگەڵ ڕێكخراوی ئێسكوا United Nations Economic and Social Commission for Western Asia (ESCWA) ئەنجامدرا، دوای گفتوگۆكردن ئەو بوارانەی كە ئەولەويەتيان هەبوو دەستنيشانكران.

لە كۆتاييدا بڕياردرا چوار وۆركشۆپی پێنج ڕۆژی بۆ ساڵی ٢٠١٥ بەهەماهەنگی هەردولا جێبەجێ بكرێن لە بوارەكانی:

- بەڕێوەبردنی قەيرانەكان.
- توێژينەوەی گريمانەی ئابووری بۆ پڕۆژەكان.
- ئاسانكارييكردنی پڕۆسە ئيدارييەكان.
- بەڕێوەبردنی پەيوەنديیە گشتييەكانو هونەری هەڵسوكەوت لەگەڵ هاوڵاتيان.



## هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی ڕاهێنان لەدام و دەزگاکانی حکومەت

وەزارەتی پلاندانان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی لە ڕێگەی ئەنستیتۆی کوردستان بۆ کارگێڕی گشتی هەڵسەنگاندنێکی پێداویستییەکانی ڕاهێنانی ئەنجامدا بۆ کارمەندان لە دام‌و دەزگاکانی حکومەت، دوای دیراسەکردن پلانێکی ساڵانەی دارشتبوو بۆ جێبەجێکردنی خولەکان، کەسەرجەمیان (٦٠) خولی ڕاهێنان دەبێت بۆ پڕکردنەوەی بەشێك لە پێداویستیەکانی ڕاهێنان لەسەر هەرسێ پارێزگای هەولێرو دهۆك‌و سلێمانی‌و، هەروەها ئیدارەی گەرمیان‌و ڕاپەرین، پلانەکە دابەشکراوە بەسەر چەند تەوەرێکی جیاواز وەك لەم خشتەیە خراوەتەڕوو، وەهەر تەوەرێکیش چەند خولێکی تایبەت لەخۆدەگرێت:

| | |
|---|---|
| یەکەم | تەوەری پەرەپێدانی توانا کارگێڕییە باڵاکان |
| | وۆرکشۆپی کارگێڕییە باڵاکان بۆ پەرەپێدانی توانای تاکەکان |
| | وۆرکشۆپی پەرەپێدانی توانا بەکۆمەڵییەکان |
| دووەم | پەرەپێدانی توانا کارگێڕییە ناوەندییەکان |
| | پەرەپێدانی توانا تاکیەکان |
| | پەرەپێدانی توانا بە کۆمەڵەکان |
| سێیەم | تەوەری پەرەپێدانی توانا کارگێڕییە جێبەجێکارییەکان |
| | پەرەپێدانی توانا تاکیەکان |
| | پەرەپێدانی توانا بە کۆمەڵەکان |
| چوارەم | تەوەری پەرەپێدانی توانای فەرمانبەرە تازەکان |
| پێنجەم | تەوەری پەرەپێدانی خود |

## زنجیرەی نامیلکەکانی ڕێبەری ڕاهێنان‌و پەرەپێدانی خود

- پرۆسەی ڕاهێنان
- ڕێبەری کارنامە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی چەند خول‌و وۆرکشۆپێکی کردەوە کە تیایدا (١٣٥) فەرمانبەر لە دام‌ودەزگاکان لێی سوودمەند بوون، هەرچەندە لەبەر بوونی کێشەی دارایی نەتوانرا پلانی ڕاهێنان لە

ساڵی ٢٠١٤ دا وەكو خۆی جێبەجێ بكرێت و، بەشێك لەخولەكانیش لە ڕێگەی ئەنستیتۆی كوردستانو، بەشێكی دیكەی لە ڕێگەی هەماهەنگی لەگەڵ ڕێكخراوەكان جێبەجێكراون. هەروەك لە خوارەوە بەخشتە خراوەتەڕوو، بۆ ساڵی (٢٠١٥)ش پلانێكی خولی ڕاهێنان ئامادەكراوە، كە تیایدا پێداویستیو ئەولەویاتی گشت وەزارەت و پارێزگاكانی دهۆك، سلێمانی و هەڵەبجە، ئیدارەی گەرمیان، ئیدارەی ڕاپەرین، لەبەرچاو گیراوە، پلانەكەش (٦٠) خولی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، لە بواری داراییو كارگێڕی هەروەها دیزاینكراوە بەشێوەیەك كە دابەش بێت بە سەر پلەكانی (باڵا، جێبەجێكردنی كار، فەرمانبەرە تازە دامەزراوەكان)، وە چەند تەوەری جیاوازیشی لەخۆگرتووە.

| ژ | ناوی خول | ژمارەی بەشداربووان |
|---|---|---|
| ١ | وۆركشۆپی ئاگاداركردنەوەی پلانی ڕاهێنانی ٢٠١٤ و چۆنیەتی جێبەجێكردنی | ٢٩ |
| ٢ | خولی گرێبەستە گشتییەكان (ئیدارەی ڕاپەڕین) | ٣٢ |
| ٣ | خولی پرۆسەی ڕاهێنانی ٢٠١٤ | ١٥ |
| | كۆی گشتی | ٧٦ |

## خولە جێبەجێكراوەكان بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێكخراوەكان


لە چوارچێوەی هەماهەنگی لەگەڵ ڕێكخراوو سەنتەرەكانی ڕاهێنان بۆ پەرەپێدانی ئاستی فەرمانبەران لە بوارەكانی كارگێڕی، دارایی، كۆمپیوتەرو زمانی ئینگلیزیو، هەروەها وەرگرتنی چەند ئۆفەرێك لەم ڕێكخراوانە بۆ فەرمانبەران، كە بریتین لەم خولانەی خوارەوە:

- وەزارەت بە هەماهەنگی سەنتەری تەكنەلۆجیاو ڕاهێنانی ئەورووپی (ETTC) لە ڕێكەوتی ٢٠١٤/٢/٢٩دوو خولی زمانی ئینگلیزی بۆ (٥٣) فەرمانبەر لە وەزارەتەكان كردووە.
- سەنتەرێكی ئەمریكی (Cross Cultural Management Center) ئۆفەرێكی پێشكەش وەزارەتمان كرد بۆ بەشدارییپێكردنی (٣) فەرمانبەر لە خولی (بەڕێوەبردنی پەیوەندییە گشتییەكان) كە لە ڕێكەوتی (٢٠-٢٢)/٥/٢٠١٤ بەڕێوەچوو. لەم خولەدا بەشداربووان ئاشناكران بە چەمكی پەیوەندییە گشتییەكان، ڕۆڵی پرۆفێشناڵی پەیوەندییە گشتییەكانو چۆنیەتی بنیاتنانی ناوودەنگی دامەزراوەو پارێزگاریكردن لە وێنەی باشو گەیاندنی زانیارییەكان بە لایەنەكانی تر.

- سەنتەری أصول ئۆفەرێكی پێشكەش بە وەزارەت كرد بۆ بەشدارییپێكردنی (٣) فەرمانبەر لە خولی وردبینی ناوخۆیی (CICS)، بۆ ڕاهێنان و ڕاوێژكاری كە لە بەرواری ٢٠١٤/٦/١ دەستیپێكرد. دوای گفتوگۆكردن لەگەڵ نوێنەری أصول، بڕیاردرا پرۆگرامێكی تایبەت بەهەماهەنگیكاران لەژێر ناونیشانی "فەلسەفەی ڕاهێنانو گرنگی هەنووكەیی" پێشكەش بەوەزارەت بكەن كە تیایدا گشت هەماهەنگیكارانی خولەكان لە داموو دەزگاكانی حكومەتی هەرێم بانگهێشت دەكرێن.

## (( پرۆژەی تواناسازی ))

| # | ناوی خول | ژمارەی بەشداربووان |
|---|---|---|
| ١ | خول زمانی ئینگلیزی ئاستی (بەرایی) | ٢٦ |
| ٢ | خول زمانی ئینگلیزی ئاستی (یەكەم) | ٢٧ |
| ٣ | خول پەیوەندییە گشتییەكان | ٣ |
| ٤ | خول ووردبینی ناوخۆیی (CICS) | ٣ |
| | كۆی گشتی | ٥٩ |




تواناسازی یەكێكە لە پرۆژە ستراتیجیەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، كە تایبەتە بە ناردنە دەرەوەی

فەرمانبەران لە سەرجەم دام و دەزگاكانی هەرێمی كوردستان، بە مەبەستی بەرزكردنەوەی توانا مرۆییەكان لە چوارچێوەی خوێندنی باڵا (ماستەر و دكتۆرا) لە دەرەوەی وڵات، هەروەها بەرزكردنەوەی ئاستی توانا مرۆییەكان لە ڕێگەی خولەكانی ڕاهێنان لەو بوارە جۆربەجۆرانەی كە پێویستن.

هەروەها ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەی زانستی لەو بوارانەی كە پێویستە لە هەرێمی كوردستاندا بە پێی سێكتەرەكان، لەماوەی ئەم ساڵدا ڕۆژانە مامەڵەی كاندیدانی تواناسازی بەڕێوەچووەو بە چەند هەنگاوێكدا تێپەڕیوە لەوانە:

ئامادە كردنی سەرجەم ئەو دۆكیومێنتانەی كە پێوستن بۆ سەفەركردن وەك ڕەزامەندی یەكێك لە زانكۆكان، بڕوانامەی زمانی ئینگلیزی، لاری نەبوونی فەرمانگەكەی خۆی لەگەڵ پشتگیری دارایی وەزارەتی پلاندانان، پڕكردنەوەی هەردوو فۆڕمی (هەڵسەنگاندن و زانیاری) كە پێویستن بۆ بەدەستهێنانی ڤیزەی ئەو وڵاتەی كە كاندید تیایدا دەخوێنێتو هەروەها بۆ دابینكردنی تێچووی زانكۆكەو بژێوی ژیانی كاندیدكراو.

لە ئێستاشدا ژمارەیەكی بەرچاو لە كاندیدكراوان سەفەریان كردووەو دەستیان بەخوێندن كردووە هەروەها هەندێكی تریان خەریكی مامەڵەی سەفەر كردنن، ئەمە جگە لەوەی ڕۆژانە چەندین كەیسی جۆراوجۆر لە گۆڕانكاری سەبارەت بە زانكۆ و پسپۆڕی داوا دەكرێت، كە لەلایەن لێژنەی تواناسازی وەزارەتەوە بەپێی ڕێنماییەكانی تایبەت بە تواناسازی بڕیاری لەسەر دەدرێت،

دروستكردنی داتابەیسێك بۆ كاندیدكراوانی سەرجەم دام و دەزگاكانی هەرێمی كوردســـــتان كە ژمارەیان (١٤٧٢) كاندیدە، بە جۆرێك كە تیایدا سەرجەم زانیارییەكان لەخۆدەگرێت و بەرچاوڕوونی نیشان دەدات سەبارەت بەو قۆناغانەی كە كاندیدكراو تێیدایەتی بەئامانجی چارەسەركردن و بڕیاردان لەسەر كۆمەڵێك گرفت و بابەتی گرنگی تایبەت بەم پرۆژەیە.

ڕێكەوتی ٢٠١٤/٩/١٤ لەنێوان لێژنەی تواناسازی وەزارەتی پلاندانانو وەزارەتی خوێندنی باڵا كۆبوونەوەیەكی هاوبەش ئەنجامدرا لە دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵا، كە تیایدا بە مەبەستی بڕیاردانو چارەسەركردنی كۆمەڵێك گرفتی هەنووكەیی، بە پێویست زانرا كە بڕیار لەسەر چارەسەركردنی چەند كێشەیەكی تایبەت بەلایەنی كارگێڕیو دارایی و زانستی بدرێت، هەروەها بەمەبەستی پێداچوونەوەو دارشتنەوەی سەرجەم ئەو بڕیارو ڕێنماییانەی كە تایبەتن بە بەرنامەی تواناسازیو دارشتنەوەیان بە شێوەیەكی زانستی و یەكگرتوو بە جۆرێك بتوانرێت بە ڕوونی كاری پێبكرێت.

بە ئامادەبوونی هەریەك لە بەڕێزان نوێنەرانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، لە ڕێكەوتی ٢٠١٤/١٢/١٥ لە دیوانی وەزارەتی پلاندانان كۆبوونەوەیەك بەمەبەستی پێداچوونەوەو هەمواركردنەوەی ئەوڕێنماییانەی كە لە بوارەكانی كارگێڕی و دارایی و ئەكادیمی هەبوون و پێشتر كاریان پێكراوە ئەنجامدرا، بە مەبەستی دارشتنو ئامادەكردنی ڕێبەرێكی

زانستی تۆكمە لەو بوارەدا بە جۆرێك ببێتە ڕێبەرێكی جێگیری كارپێكراو.
كۆی پڕۆژەكانیش لەسەر ئاستی كاندیدكراوانی وەزارەت و دام و دەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە بەڕێوەچوو (بەخشتەش دیاریكراون):

## پڕۆژەی پێگەیاندنی پزیشكان

## لە بواری كلینیك

بەمەبەستی ناردنی چەند پزیشكێك بۆ ئەوەی لە چواچێوەی پڕۆژەی تواناسازی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە زانكۆی (ماكوایری) ئوستڕالی بتوانن لە بواری كلینیك بخوێنن.

بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی سەر بە وەزارەتی پلاندانان، وە دوای پەیوەندی و هەماهەنگیكردن لەگەڵ نوێنەرانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی خوێندنی باڵاو بۆردی پزیشكی هەرێمی كوردستان، چەندین كۆبوونەوەی هاوبەشیان لەگەڵ زانكۆی ناوبراو ئەنجامدا، كە دواجار بڕیاردرا گرێبەستێك لەگەڵیان واژۆ بكرێت بەجۆرێك كە (٢٥) پزیشك دەتوانن لە ماوەی (٥) ساڵدا لە زانكۆی ناوبراو دەستبكەن بە خوێندنو بڕوانامەكەشیان وەكو بۆرد بەرامبەر دەكرێت.

## پڕۆژەی پێگەیاندنی فەرمانبەران لە بواری ئامارو نیشتەجێكردن

وەزارەتی پلاندانان لەگەڵ زانكۆی (ساوپامپتن) گرێبەستێكی واژۆ كرد، كە بە پێی ئەم گرێبەستە لە ئێستادا (٣٠) قوتابی لە بواری ئامار و نیشتەجێكردن لە زانكۆی ناوبراو درێژە بە خوێندن دەدەن.

مەبەستیش لەم پڕۆژەیە ئەمەیە كەوا لە ژێر ڕۆشنایی پێداویستی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ئەم جۆرە پسپۆڕیانە، ئەم جۆرە پڕۆژانە ئەنجام بدرێن، لەپێناو زیاتر پەرەپێدانی كارمەندانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و هەروەها خزمەتكردنی زیاتر بە هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان.

***

# کاندیدانی تواناسازی وەزارەتی پلاندانان لە (٢٠١٠/١٢/١ تاوەکو ٢٠١٤/١٢/٣١)


ژمارەی کاندیدکراوان : ١٤٧٢

سەفەر نەکردووەکان :٥٣٧ (٣٦%)


سەفەر کردووەکان : ٩٣٥ (٦٤%)

| پاشگەز بووەکان | هیچیان نەکردووە | لەمامەڵە کردندان | تەواویان کردووە | لە خوێندندان |
|---|---|---|---|---|
| ٣٨ | ٣٧٢ | ١٢٧ | ٢٠٣ | ٧٣٢ |
| (٧%) | (٦٩%) | (٢٤%) | (٢٢%) | (٧٨%) |

# ئەو زانکۆیانەی کە زۆرترین کاندید تیایدا دەخوێنن



# بەڕێوەبەرایەتی گشتی
# هاوکاری هەماهەنگیی پەرەپێدان



# هاوكاریكردنی چەندین وەزارەت و لایەنی حكومی و ناحكومیو بەشداریكردنی چەندین كۆبوونەوەو كۆنفرانس و وۆركشۆپ

له ماوەی ساڵی ٢٠١٤ دا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاوكاری وهەماهەنگیی پەرەپێدانی سەر بەوەزارەتی پلاندانان، وەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیوەندیدار، هەڵساوە بەكاری هاوكاریو هەماهەنگیكردنی چەندین وەزارەت و لایەنی حكومی و ئاژانس و دام ودەزگای نێودەوڵەتی.

لەلایەكی دیكەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتییە بەشداری كردووە له چەندین كۆبوونەوەو كۆنفرانس و وۆركشۆپی تایبەت بە گفتوگۆو، گەشەپێدانی پلانی ستراتیژی كاركردن و بە دواداچوون، بۆ پێویستییە جیاوازەكان و هاوكاریە پەیوەندیدارەكان بە چەندین كەرتی جیاوازەوە، وەك هاوكاری و هەماهەنگی پێویست لەگەڵ ئاژانسەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان تایبەت بە قەیرانی ئاوارە و پەنابەران كە نیشتەجێی هەرێمی كوردستانن.

هەماهەنگیی و پەیوەندی بەردەوامیشی هەبووە لەگەڵ ئاژانسە نێودەوڵەتییەكانی پەیوەندیدار بەكارو چالاكییەكانی ئەو ئاژانسانە له هەرێمی كوردستان.

هەروەها هاوكاری و هەماهەنگیی كردوە بۆ ئەنجامدانی چەندین خول و ڕاهێنان و سیمینار لەلایەن ئاژانس و ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان، كەدەیان كارمەند له دامەزراوە پەیوەندیدارەكانی حكومەتی هەرێم لێیان سوودمەند بوون.

## بەشداربوون و هەماهەنگیكردن له كۆنفرانسێك بەناوی:
## " ئافرەتی بەرهەم هێنەر سەرچاوەی پەرەسەندنی ئابوورییە "

بەشداربوون و هاوكاریكردن و هەماهەنگیكردن بۆ ئەنجامدانی كۆنفرانسی "ئافرەتی بەرهەم هێنەر سەرچاوەی پەرەسەندنی ئابوورییە" كە لەلایەن "كۆمەڵەی كارسازی خانمانی كوردستان " لەمانگی كانوونی دووەمی ٢٠١٤ لەشاری هەولێر ئەنجامدرا.

مەبەستی كۆنفرانسەكەش خستنەڕوو گواستنەوەی ئەزموون وشارەزایی ئەو بەشداربووە ئافرەتانە بوو، كە له ڕێگای وەزارەتی پلاندانانەوە بەشداریان كردبوو لەخولی "بەهێزكردنی توانایی ژنان بۆ وەبەرهێنانی ئابووری" كە لەمانگی تشرینی یەكەمی ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن ئاژانسی هاوكاری نێودەوڵەتی كۆریای باشوور KOICA لەوڵاتی كۆریای باشوور بەڕێوە چوو، وە له میانەی كۆنفرانسەكەدا وتارێك لەلایەن نوێنەری وەزارەتەوە پێشكەشكرا.

## هاوكاریكردن و هەماهەنگیكردن بۆ ئەنجامدانی وۆركشۆپی "ژینگەی كاری كاریگەر" لەلایەن رێكخراوی (UNDP) یەوە

هاوكاریكردن و هەماهەنگیكردن بۆ ئەنجامدانی وۆركشۆپێكی پێنج ڕۆژی لە لایەن بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەكگرتووەكان - UNDP لە شاری هەولێر دەربارەی "ژینگەی كاری كاریگەر"، كە بیست فەرمانبەر لە چەندین وەزارەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان تیایدا بەشدارو سوودمەند بوون.

## هاوكاریكردن وهەماهەنگیكردن لەگەڵ UN Women بۆ ئەنجامدانی سێ وۆركشۆپ دەربارەی بودجەی جۆری كۆمەڵایەتی

بەشداربوون وهاوكاریكردن وهەماهەنگیكردن لەگەڵ دەزگای نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ یەكسانی جۆری كۆمەڵایەتی و تواناسازی ئافرەتان (ئافرەتانی نەتەوە یەكگرتووەكان - UN Women) لەسێ وۆركشۆپدا، وۆركشۆپی یەكەم لە بەرواری ٢٠١٤/١/٢٧ دەربارەی بابەتی "بودجەی جۆری كۆمەڵایەتی" بوو بۆ بەرێوەبەرە گشتیەكانی (پلاندانان ، دیوان) لە (سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی دارایی وئابووری، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار، وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتی، دەستەی وەبەرهێنان، ئەنجوومەنی باڵای كاروباری خانمان).

هەرچی وۆركشۆپی دووەمیش بوو لەبەرواری (١١-١٣)/٢/٢٠١٤ دەربارەی هەمان بابەت ئەنجامدرا، بەمەبەستی پێدانی زانیاری و ڕوونكردنەوەی زیاتری بودجەی جۆری كۆمەڵایەتی.

وۆركشۆپی سێیەمیش لە بەرواری ٦/١١/ ٢٠١٤ ئەنجامدرا، بەمەبەستی پەرەپێدانی بەرنامەی بودجەی بەهاناوەچوونی جۆری كۆمەڵایەتی (الميزانية المستجيبة للنوع الإجتماعي - GRB)، بە هاوبەشی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان وپسپۆڕانی ئەكادیمی ورێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی، هەروەها پەرەپێدانی كارو پرۆژەی پەیوەندیدار بەبەرنامەی GRB، كە تیایدا نوێنەری وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار، دەستەی وەبەرهێنان، ئەنجوومەنی باڵای خانمان ئامادەی بوون.

## هاوكاری وهەماهەنگیكردن لەگەڵ USAID بۆ ئەنجامدانی چوار سیمینار

بەشداربوون وهاوكاریكردن وهەماهەنگیكردن لەگەڵ ئاژانسی وڵاتە یەكگرتووەكان بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی - USAID، بەمەبەستی ئەنجامدانی چوار سیمینار لەساڵی ٢٠١٤ دا. مەبەست لە دوو سیمیناری یەكەم لە بەروارەكانی ٢٠١٤/١/٢٦ و ٢٠١٤/١/٢٨ پێداچوونەوەی بەرنامەكانی كاركردنی ئاژانسی ناوبراو بوو لە بوارەكانی: چاكسازی كارگێڕی، بەهێزكردنی حكومڕانی، چاودێری تەندروستی

سەرەتایی، بەرنامەی پـەرەپـێدانـی دارایـی و بـەرنـامـەی (حصاد)، بـە ئـامـادەبـوونـی سـەرجـەم لایـەنـە پەیوەندیدارەكان بۆ ئاگاداربوونیان لەئاستی بەرەوپێشچوونی كارەكان ولەمپەرەكانی بەردەم جێبەجێكردن. هەرچی سیمیناری سێیەمیشە لە بەرواری ٢٠١٤/٣/١٦ ، كە لە چوارچێوەی پرۆژەی چاكسازی كارگێری (ترابط) ئەنجامدرا ، تایبەت بوو بە پرۆژەی یەك پەنجەرە لە هەرێمی كوردستان، سیمینارەكەش لە لایەن چەند پسپۆرێكی شارەزا بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار و نوێنەری چەند وەزارەتێكی تر ئەنجامدرا. سیمیناری چوارەمیش لە بەرواری ٢٠١٤/٦/١٩، بە هەمان شێوەی سیمیناری سێیەم مەبەست لێی ئاشنابوون بوو بە بەرنامەكانی USAID (ترابط) وسەنتەرەكانی خزمەتگوزاری یەك پەنجەرەیی (مراكز خدمات النافذة الواحدة)، كەمەبەست لێیان باشتركردن وگەشەپێدانی خزمەتگوزارییە لە دام ودەزگاكاندا، لە رێگای فەراهەمكردنی نوێترین تەكنەلۆژیا و بەرزترین توانای كاركردن بۆ ئاسانكردنی راییكردنی كاروباری هاوولاتیان بەشێوازێكی نوێ، لەم سمینارەدا كە بۆ هەردوو وەزارەتی داد و وەزارەتی تەندروستی حكومەتی هەرێم ئەنجامدرا، نزیكەی ٨٠ بۆ ١٠٠ بەشدار بوو بەشداریان كرد لەسەر ئاستی هەرێم (سەرجەم پارێزگاو ئیدارەكان)ی گرێدراو بەم دوو وەزارەتە، سەرەرای بەشداریكردنی چەند نوێنەرێكی وەزارەتی پلاندانان.

## كۆبوونەوەی دووەمی چوارچێوەی كاری هاوكاری گەشەپێدانی نەتەوە یەكگرتووەكان UNDAF

ئامادەكاری وبەشداربوون لەكۆبوونەوەی دووەمی چوارچێوەی كاری هاوكاری گەشەپێدانی نەتەوە یەكگرتووەكان - UNDAF ، لەسەر ئاستی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە بەرواری (٢-٣)/٢/٢٠١٤، كە لەلایەن نێردەی هاوكاری نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ عیراق - UNAMI ئەنجامدرا، بە ئامادەبوونی دامەزراوە پەیوەندیدارەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەمەبەستی گفتوگۆو دارشتنی چوارچێوەی یارمەتی گەشەپێدانی نەتەوە یەكگرتووەكان - UNDAF ، تایبەت بە هەرێمی كوردستان بۆسالانی (٢٠١٥-٢٠١٩) و وەرگرتنی راوو سەرنج وپێشنیاری پێویست لەم بارەیەوە، زۆربەی ئامادەبووان بریتی بوون لە بەرێوەبەری گشتی پلاندانانی دامەزراوە بەشداربووەكان.

## بەشداریكردن لە كۆنفرانسی رێگرتن لە لەدەستدانی نەوەیەك No Lost Generation لە ولاتی ئوردن و تیشك خستنە سەر رەوشی ئاوارەكان لە هەرێمی كوردستان

بەشداری وەزارەتی پلاندانان بە نوێنەرایەتی بەرێوەبەری گشتی هاوكاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان لە كۆنفرانسی"رێگرتن لە لەدەستدانی نەوەیەك No Lost Generation" لە شاری عەممانی پایتەختی شانشینی ئوردن لە بەرواری (١٦-١٩)/٦/٢٠١٤ ، كە لەلایەن سندوقی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ مندالان - UNICEF رێكخرابوو ، بەمەبەستی گفتوگۆكردنی بواری پەروەردە لە ولاتانی میوان بۆ ئاوارەكانی ولاتی

سووریا، كە تیایدا تیشك خرایە سەر پێویستییەكان و گرنگی ڕۆڵی كۆمەكبەخشەكان و تەرخانكردنی كۆمەكی زیاتر، بۆ دابینكردنی خوێندن و پەروەردە بۆ منداڵانو لاوان لەو وڵاتانە بەهەرێمی كوردستانیشەوە.

تیایدا نوێنەری وەزارەتی پلاندانانی حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕەوشی ئاوارەكان و پێشهاتەكانی ئەم دواییەی ڕووداوە ناوخۆییەكانی بۆ ئامادەبووان و كۆمەك بەخشان وهاوبەشان خستەڕوو.

## بەشداریكردنی ووركشۆپی پلانی هەرێمی پەنابەران و بەرگەگرتن - RP3 بۆهاوكاری پەنابەرانی وڵاتی سووریا

بەشداریكردن لە ووركشۆپێكی یەك ڕۆژی لەبەرواری ٢٠١٤/٩/١٦ كە لەلایەن كۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ كاروباری پەنابەران - UNHCR ڕێكخرا بوو، بە ئامادەبوونی نوێنەری ژمارەیەك دام و دەزگای حكومی پەیوەندیدار و ئاژانسەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان و ژمارەیەك ڕێكخراوی مرۆیی، بە مەبەستی گفتوگۆ و ڕێكەوتن لە سەر پلانی هەرێمی پەنابەران و بەرگە گرتن - RP3 بۆ هاوكاری ئاوارەكانی سووریا و هەرێمی بە كوردستان و عێراقیش بۆساڵی ٢٠١٥.

## ووركشۆپی ڕاوێژكاری بۆ دووەمین پلانی وەڵامدانەوەی خێرا - IRP3 بۆ ئاوارەكان

بەشداربوون و هەماهەنگیی وهاوكاریكردن بۆ ئەنجامدانی چەند ووركشۆپێكی ڕاوێژكاری یەك ڕۆژی لە هەریەك لە پارێزگاكانی سلێمانی و دهۆك و هەولێر، لە بەرواری (١٩،٢٣،٢٥)/٢٠١٤/١١ ، بەمەبەستی گفتوگۆی پلانی هاوبەشی حكومەتی هەرێمی كوردستان و نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ وەڵامدانەوەی خێرا تایبەت بەقەیرانی ئاوارەكان، وە لەم چوارچێوەیەشدا پێشكەشكردنی ئەوانەی كەوا بەئەنجام گەیەندراون. لەچوارچێوەی پلانی وەڵامدانەوی خێرای یەكەم - IRP1 ، كە لەبەرواری ٢٠١٤/١١/١٥ كۆتایی پێهات و پاشان گەشەپێدانی خولی دووەمی پلانی وەڵامدانەوەی خێرا - IRP2 بوو، بۆ ماوەی وەرزی زستان كەلەبەرواری ١٥ی تشرینی دووەم تاكو ٣١ ی ئازاری ٢٠١٥.

بەشداربووانی ووركشۆپەكان بریتی بوون لەنوێنەری پارێزگاكان، كارمەندانی نەتەوە یەكگرتووەكان، بەڕێوەبەرە گشتییەكانی پلاندانان لە هەر وەزارەتێكی حكومەتی هەرێمی كوردستان وژمارەیەك ڕێكخراوی ناحكومی كە لە پارێزگاكان كاردەكەن، وە ڕێكخەری گروپی بوارەكانی كاری هەرێمی و نیشتمانی لە نەتەوەیەكگرتووەكان و ڕێكخراوە ناحكومییەكان، هەروەها بەڕێوەبەرە سەرەكییەكان لەنەتەوە یەكگرتووەكان.

## هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی ئاوارەکان لەدەرەوەی کامپ لەلایەن ڕێکخراوی ڕیچی نێودەوڵەتی

هاوکاریکردن و هەماهەنگیکردن بۆ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی ئاوارەکان لە سەرجەم قەزاو ناحییەکانی هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ڕێکخراوی ڕیچی نێودەوڵەتی ئەنجامدرا، وە هەروەها لە لایەن هەریەك لە وەزارەتەکانی: شارەوانی و گەشت وگوزار، پەروەردە، ئاوەدانکردنەوە نیشتەجێبوون، بازرگانی و پیشەسازی و وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهەمان شێوە هاوکاری کران.

مەبەستی هەڵسەنگاندنەکەش بریتی بوو لە وەرگرتنی ڕاوسەرنجی ئاوارەکان و دیاریکردنی پێداویستییەکانی نیشتەجێبوون و ئاوو خۆراك و تەندروستی و پەروەردە و پێویستیە سەرەتاییەکانی دیکە، کە لە دەرەوەی کەمپەکاندا دەژین لەهەرێمی کوردستان، کە بێگومان بەسەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێت بۆ بڕیاردان دەربارەی فریاگوزاری مرۆیی لە لایەن حکومەتی هەرێم و ئاژانس و ڕێکخراوە مرۆییەکان.

## چالاکییەکانی تایبەت بە ئاژانسی هاوکاری نێودەوڵەتی ژاپۆنی - JICA

لە ماوەی ساڵی ٢٠١٤ داو لەچوارچێوەی ئەو هەماهەنگیانەی کە لە پاڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تر، لە نێوان وەزارەتی پلاندانان و ئاژانسی هاوکاری نێودەوڵەتی ژاپۆنی - JICA دا هەیە، کە پەیوەندیدارە بەو پرۆژانەی کە ئاژانسی ناوبراو لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێیان دەکات لەهەردوو سێکتەری ئاوو کارەبا، لە ڕێگای ڕێکەوتننامەی قەرزی ژاپۆنی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا.

جێی ئاماژەیە کەوا وەزارەتی پلاندانان هاوکاری و هەماهەنگیی لەگەڵ ئاژانسی ناوبراودا کردووەو هەروەها بەشداریشی لەچەندین کۆبوونەوەو سیمینارو وۆرکشۆپیشدا کردووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- ئەنجامدانی سیمیناری هاوکاری گەشەپێدانی دەرەکی - ODA بۆچەند دامەزراوەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی پێشکەشکردنی پێداویستییەکان لەبواری دابینکردنی شارەزاو خولی مەشق و ڕاهێنان بۆساڵی ٢٠١٥ لەلایەن ئاژانسی هاوکاری نێودەوڵەتی ژاپۆنی - JICA. هەر لەم چوارچێوەیەدا بەڕێوەبەری گشتی هاوکاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان و بەڕێوەبەری هەماهەنگیی گشتی وپەیوەندییە نیودەوڵەتیەکان لەوەزارەتی پلاندان، بەشداریانکرد لەکۆبوونەوەی تایبەت لەسەر پێداویستییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی عێراقی فیدراڵ، لەبواری دابینکردنی شارەزاو خولی مەشق وراهێنان بۆ ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن ئاژانسی هاوکاری نێودەوڵەتی ژاپۆنی JICA لە وڵاتی تورکیا.
- نوێنەرایەتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانو واژۆکردن لەسەر دەقی نوسراوی گفتوگۆ لە

کۆبوونەوەی "گفتۆگۆو ڕاوێژکاری بەرنامەی ڕاهێنانی وڵاتی سێیەم بۆ فراوانکردنی تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی مۆدێرن لەعێراق"، کە لەوڵاتی ئوردن لەلایەن ئاژانسی هاوکاری نێودەوڵەتی ژاپۆنی - JICA ئەنجامدرا.

- هەماهەنگی و ئەنجامدانی گشت کارەکانی پاڵاوتنی فەرمانبەرانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، بە مەبەستی بەشداریکردن لە خولێکی مەشق و ڕاهێنانی ئاژانسی هاوکاری نێودەوڵەتی ژاپۆنی - JICA ، بە ناوونیشانی "بەڕێوەبردن و پاراستنی ڕێگای شارەکان" کەبڕیارە بۆ ماوەی (٣٩) ڕۆژ لە وڵاتی ژاپۆن ئەنجام بدرێت.
- هەماهەنگییکردن لەگەڵ وەزارەتەکانی شارەوانی وگەشت و گوزارو کارەبا لە پەیوەند بەپڕۆژەکانی پەرەپێدان و گەیاندنی ئاوو دووبارە بنیاتنانەوەی کەرتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان کەلە سەرقەرزی ژاپۆنی جێبەجێ دەکرێت.
- ئامادەکردنی زانیاری پڕۆژەکانی سەرقەرزی ژاپۆنی لەهەرێمی کوردستان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و، ئامادەکردن و خستنەڕووی گشت هاوکارییەکانی ئاژانسی هاوکاری نێودەوڵەتی ژاپۆنی - JICA لە بوارەکانی: (پڕۆژەکان، خولی مەشق و ڕاهێنان ، هاوکاری تەکنیکی و بەخششی خوێندنی بالاّ)، بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای دەستپێکردنی هاوکارییەکانیان تا ئێستا و بۆ داهاتوو.

## چالاکییەکانی تایبەت بە ئاژانسی هاوکاری نێودەوڵەتی کۆریـــای باشوور KOICA

لە ماوەی ساڵی ٢٠١٤ دا لە چوارچێوەی ئەو هاوکاری و هەماهەنگیانەی وەزارەت لەگەڵ ئاژانسی هاوکاری نێودەوڵەتی کۆریای باشوور - KOICA هەیەتی لەهەرێمی کوردستان، کە پەیوەندە بە چالاکی پڕۆژەکانی ئاژانسی ناوبراو، ئەم چالاکیانەی خوارەوە ئەنجامدراون:

- ئەنجامدانی گفتوگۆی چڕ لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠١٤ دەربارەی ڕاهێنانە پێویستەکانو کارە لەپێشینەکان لە هەرێمی کوردستان و دەستنیشانکردنی پلانی ساڵی ٢٠١٥.
- هاوکاری و هەماهەنگی و بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی ساڵانە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ لە هەولێر، کەتایبەت بوو بەدەرچوانی ڕاهێنانەکانی KOICA و، گەڵاڵەکردنی پێشنیارێك سەبارەت بەچالاکی دەرچوان لەگەڵ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.
- هاوکاری و هەماهەنگیی بەردەوامی تایبەت بە پڕۆژەکانی ئێستاو داهاتووی ئاژانسی هاوکاری نێودەوڵەتی کۆریای باشوور - KOICA لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت پڕۆژەکانی: دامەزراندنی قوتابخانەی سەرەتایی لەکەسنەزان لەشاری هەولێرو، بنیادنانەوەی سیستمی پێدانی ئاو لەدهۆك و، کۆمەڵگەی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لەدهۆك، بنیادنانەوەی قوتابخانەی نموونەیی لە هەڵەبجەو خەبات و، پەیمانگای کوردستان بۆ کارگێڕی گشتی، هەروەها دامەزراندنی ماستەرپلانی هاتوچۆو، بنیادنانەوەی

قوتابخانەی خاوەن پێداویستی تایبەت لە (هەولێر، دهۆك، سلێمانی، گەرمیان).

- هاوکاریکردن وهەماهەنگیکردن بۆ بەشداریپێکردنی ١٥ فەرمانبەر لە ١٤ دامەزراوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەخولێکی مەشق وراهێنان بەناونیشانی E-Government ، کە لەلایەن ئاژانسی هاوکاری نێودەوڵەتی کۆریای باشوور - KOICA لەکۆریای باشوور ئەنجامدرا.

## چالاکییەکانی تایبەت بە سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان - UNFPA


ئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوەو وۆرشکۆپ بەبەشداری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان - UNFPA و، ڕاوێژکاری تایبەت بە سیاسەتی دانیشتوان لە ماوەی (١٨-٢٢)/٥/٢٠١٤ و (٢٤-٢٨)/١١/٢٠١٤ ، بەمەبەستی وەرگرتنی ڕاوسەرنجی وەزارەت و دەزگا تایبەتمەندەکان و گەلاڵەکردنی ڕەشنوسی سیاسەتی دانیشتوان، کە وەك بنەمایەك بەکاردەهێنرێت لە گۆنگرەی دانیشتوان، کە یەکێکە لە پلانەکانی داهاتوی وەزارەتی پلاندانان.

جێگای ئاماژەیە کەئامانج لە سیاسەتی دانیشتوان بریتیە لە بەتواناکردنی دانیشتوان دەربارەی وشیاری و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و، بەتواناکردنی گەنجان و چالاککردنی بەشداریيان لە هەوڵەکانی گەشەپێدان لە ئێستاو داهاتوودا، هەروەها پەرەپێدانی زانیاری و توانایی خوێندن و تەندروستی و پیشەیی و رۆشنبیری دانیشتوان و دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری دانیشتوان لە گەشەپێدان و دابەشکاری دانیشتوان.

★★★★★

# دەستەی

# پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری



# نوێكردنەوەی گرێبەست لەگەڵ كۆمپانیا پشكێنەرەكانی (SGSی سویسری و، B.V فەڕەنسی)

نوێكردنەوەی گرێبەست لەگەڵ كۆمپانیا پشكێنەرەكان بۆ ماوەی دوو ساڵی تر، بۆ پشكنینی هەموو پێداویستیەكان كە هاوردەی هەرێمی كوردستان دەكرێت كە لەڕێگای ئەو كۆمپانیا پشكێنەرانە، پشكنینی پێش هاوردەكردنیان بۆ دەكرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەكەم گرێبەستی دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆلی جۆری لەگەڵ كۆمپانیای (COTECNA)ی سویسری**

ڕێكەوتی ٢٠١٤/٧/٩ لە دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆلی جۆری كۆبوونەوەیەك ڕێكخرا بەسەرپەرشتی د.صباح یوسف توما المالح، سەرۆكی دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆلی جۆری بە وەكالەت و كارمەندانی دەستە لەگەڵ بەڕێز (رئبال داود) بەڕێوەبەری گشتی كۆتكنا لە عیراق.

ئامانجی ئەم كۆبوونەوەیە بریتی بوو لە واژۆكردنی گرێبەستی دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆلی جۆری لەگەڵ كۆمپانیای كۆتكنا (COTECNA)، بە مەبەستی پشكنینی پێشوەختەی گشت كەل و پەلێكی هاوردەكراو بۆ هەرێمی كوردستان، ماوەی گرێبەستەكەی نێوان دەستە و كۆمپانیای كۆتكنا (٢) ساڵ بوو. كەجەخت لەوە كرایەوە كۆمپانیای كۆتكنا هاوكارو هەماهەنگ بێت لەگەڵ دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆلی جۆری بە مەبەستی جێبەجێكردنی بەندەكانی گرێبەستەكە.



گرنگە بگوترێت كە ئەمە یەكەم گرێبەست نیە كەوا لەگەڵ كۆمپانیا پشكنەرەكان ئەنجام دەدرێت، بەڵكو دەستە پێشووتریش گرێبەستی كردووە لەگەڵ هەریەك لە كۆمپانیاكانی (SGS) و (BV) بۆ هەمان مەبەستی ئاماژەپێكراو.

## یەكەم گرێبەستی دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆلی جۆری لەگەڵ كۆمپانیای (TUV)

ڕێكەوتی ٢٠١٤/٨/٢٨، لە دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆلی جۆری كۆبوونەوەیەك ڕێكخرا بەسەرپەرشتی بەڕێز (د.صباح یوسف توما المالح) سەرۆكی دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆلی جۆری بە وەكالەت و ئەندامانی دەستە لەگەڵ بەڕێز (فارس ناوری) بەڕێوەبەری گشتی (تی یو ڤی - TUV) ئەلمانی لە عیراق.

ئامانجی ئەم كۆبوونەوەیەش بریتی بوو لە واژۆكردنی گرێبەستی دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆلی جۆری لەگەڵ كۆمپانیای ناوبراو، بە مەبەستی پشكنینی پێشوەختەی گشت كەل و پەلێكی هاوردەكراو بۆ هەرێمی كوردستان، ماوەی گرێبەستەكەی نێوان دەستە و كۆمپانیای تی یو ڤی (٢) ساڵە. تیایدا جەخت لەوە كرایەوە كە كۆمپانیای تی یو ڤی هاوكار و هەماهەنگ بێت لەگەڵ دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆلی جۆری بە مەبەستی جێبەجێكردنی بەندەكانی گرێبەستەكە.

شایانی باسە كەوا دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆلی جۆری لە وەزارەتی پلاندانان، پێشووتریش گرێبەستی كردووە لەگەڵ هەریەك لە كۆمپانیاكانی (SGS) و (BV) بە هەمان مەبەستی ئاماژەپێكراو، و مانگێكیش لەمەوبەر گرێبەست كراوە لەگەڵ كۆمپانیای پشكنەری كۆتكنا - COTECNA .

## شاندێكی حكومەتی توركیا و دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆلی جۆری كۆبوونەوە

لە ڕێكەوتی ٢٠١٤/١٢/٤، كۆبوونەوەیەك ئەنجامدرا لەگەڵ شاندێكی توركی لەئاستێكی بەرز، كە پێكهاتبوون لە بەرپرسانی وەزارەتی ئابووری و بەرپرسانی ستاندەردو پێوانەسازی و كۆنترۆلی جۆری توركی، و بەڕێز (سەیەر ئێربل) كە بەرپرسی كاروباری ئابووری قونسولیەی توركیە لەهەولێر، كەسەردانی سەرۆكایەتی دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆلی جۆری هەرێمی كوردستانیان كردبوو، وە بریكاری وەزیری پلاندانانی هەرێم بەڕێز (شێروان ئەسعد قادر) و سەرۆكی دەستە بەڕێز(د. سەباح یوسف تۆما) بەوەكالەت و بەڕێوەبەری گشتی كارگێڕی و دارایی لە دیوانی وزارەتی پلاندانانی هەرێم بەڕێز (ئەیوب سابیر گەلاڵی) لەگەڵ بەرپرسانی دەستە ئامادەی كۆبوونەوەكە بوون.

مەبەست لەم سەردانەش ، بەهێزكردن و باشتركردنی پێوەندیە ئابووری و بازرگانیەكانی نێوان هەرێم و حكومەتی توركیا بوو، بەتایبەتی لەبواری چۆنیەتی بەڕێوەچوونی كاری هاوردن لەڕووی پشكنین و تایبەتمەندیەكان و دامەزراندنی تاقیگەو كارە كارگێڕیەكان و گۆڕینەوەی زانیاری دەربارەی بەرهەمەكان.

لەكۆتاییدا سەرۆكی دەستە ڕوونیكردەوە كەدەستە ئامادەیە دەست بكات بەو هەماهەنگیەی كەلایەنی توركی داوا دەكات بۆ ئەوەی بەهاوكاری حكومەتی توركی تاقیگە لەهەرێم دابمەزرێنین، هەروەها

سیستەمێکی باشتر دابنێین بۆگۆڕینەوەی زانیاری لەبواری پشکنینی بەرهەمەکان و کاروباری بازرگانی بە گشتی. دوای کۆبوونەوەکان شاندی سەردانی تورکی سەردانی ناو بازاڕی هەولێریان کرد، بۆ ئەوەی چەند نموونەیەکی خۆراك لەگەڵ خۆیان ببەن بۆ تورکیا بەمەبەستی ئەنجامدانی پشکنین.



## کاروچالاکییە ئەنجامدراوەکانی دیکەی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری

- پشکنینەکانی تاقیگەی مەرکەزی ناو دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری کەبریتین لە:

(٥٥٠) لەنموونەکانی جوانکاری و پاککەرەوە، پشکنینی بۆ ئەنجامدراوەو ، (١١١) نمونەی خواردن وگۆشتی بەستوو بەگشتی ، وە (٥٨) لەنموونەی جگەرەو، (٤٣) نموونەش لەبەڕێوەبەراتیەکان ڕەوانەکراوە بەمەستی پشکنین، وەکۆی گشتی ئەو نموونانەی کە لەساڵی ٢٠١٤ ڕەوانەی دەستە کراون بریتین لە (٧٦٢) نموونە.

- بڕی مەوادی هاتوولە بنکەی فڕۆکە خانەی نیوەدەوڵەتی هەولێر (٥٦٨٢١٤٨) کگم لە مەوادی (جوانکاری، کەرستەی بیناسازی، مەوادی سیارات، وە جگەرە بەهەموو جۆرەکانیان)، (٢٠) نموونەی جگەرەو (١٨) نموونەی بۆن پشکنینی بۆ کراوە لەتاقیگەی بنکەی کۆنترۆلی جۆری فڕۆکەخانە کە دەگونجێت لەگەڵ تایبەتمەندی عێراقی.
- پشکنینی جگەرە لە دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری بریتیە لە (٧٣) نمونە گونجاو و، (٧) نمونەی نەگونجاو.

- لە بەڕێوەبەرايەتی كۆنترۆڵی جۆری سلێمانيش بڕی هاتووی جگەرە (١٥٣٦٩٣٧) كارتۆن دەرچووە، و دەرنەچووی كارتۆنيش (١٠١٦) بوو، وە بڕی جگەرە/ توتنی نێرگەلە هاتووی ساڵی ٢٠١٤ (١٢٨٢٠٩٢) كارتۆن دەرچوو، بڕی هاتووی توتنی پايپ/ توتنی چنراو (١٥٨٩٧) تەنی ڕێگەپێدراو بوو.
- لە بەڕێوەبەرايەتی كۆنترۆڵی جۆری دهۆك بڕی مەوادی هاتووی جگەرە بۆ ساڵی ٢٠١٤، بڕی (٩٣٦٩٩١٦) تەنی ڕیگەپێدراو بوو.
- لێژنەی سەرپەرشتيكردن و بەدواداچوونی پڕۆژەی دروستكردنی بينای بەڕێوەبەرايەتی كۆنترۆڵی جۆری سلێمانی، كە لەلايەن دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆڵی جۆری دانراوە، و ئێستا ڕێژەی ئەنجامدراوی كارەكان ٩٣ % ی تێپەڕاندووە.
- كۆی مەوادی هاتوو لەمەرزەكانی (باشماغ، پەروێزخان، ئيبراهيم خەليل، حاجی ئۆمەران) لەساڵی ٢٠١٤ ناوی مەوادە هاتووەكان (پاككەرەوە، مەوادی بيناسازی، مەوادی كارەبا، مەوادی چێشتخانە، مەوادی پلاستيكی، ياری منداڵان، مەوادی سيارات ...).

| بڕی هاتوو / تەن | | | بڕی هاتوو / كارتۆن | | | بڕی هاتوو / دانە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێگە پێدراوە | ڕێگە پێنەدراوە | لەناوبراو | ڕێگە پێدراوە | ڕێگە پێنەدراوە | لەناوبراو | ڕێگە پێدراوە | ڕێگە پێنەدراوە | لەناوبراو |
| ٦٨٧٠٩٠٩٩٦٧ | ١٥٠٧٧٠٢٩ | ٢١٨٢١ | ٤٥٦٧٧٦٣٥ | ١٧٥٢٨٣٤ | ٢٠٠ | ٣٥٦١٠٤١ | ٥١٠٢ | نييە |

بڕی كۆكراوەی بڕوانامەكانی (SGS,B.V) لەمانگی (١ تا ١١)ی ساڵی ٢٠١٤ كەلەخوارەوە دياريكراوە، لە وەرزی سييەمی ساڵی ٢٠١٤ گرێبەست لەگەڵ كۆمپانيای پشكينەرەی (TUV & COTECNA) كرا لە ماوەی ئەم وەرزەدا كاری ڕێگە پێدانيان كردەوە.

| بڕوانامەكان | ژمارەی بڕوانامەكانی ڕێگەپێدان | ژمارەی بڕوانامەكانی ڕێگەپێنەدان |
|---|---|---|
| B.V | ٥٠٠٨٧ | ٨١٤ |
| SGS | ١٤٩٩٧ | ١١١ |
| TUV | ٢٥٤ | ٢ |
| COTECNA | ٨٥ | نييە |
| گشتی | ٦٥٤٢٣ | ٩٢٧ |

خشتەی پشكنینی ئەنجامدراو لە تاقیگەكانی دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆلی جۆری، بەڕێوەبەرایەتی دهۆك و سلێمانی (خواردەمەنی، ئاو، جوانكاری، پاككەرەوە، جگەرە ....)


| ناوی شوێن | كیمیا | | فیزیا | | بایۆلۆجی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | گونجاوە | نەگونجاوە | گونجاوە | نەگونجاوە | گونجاوە | نەگونجاوە |
| تاقیگەی ناوەندی دەستە | ٤٤٣ | ١١٤ | ٣٩٧ | ١٧٥ | ٢٩٢ | ٢٧ |
| تاقیگەی ب.ك دهۆك | ٣٥٥٨ | ١٦١ | ٥٦٤٠ | ٤٦٢ | ٨٧٤ | ٧٣ |
| تاقیگەی ب. ك سلێمانی | ٤٥٤٢ | ٣١ | ٢٢٦٦ | ٤٤ | ٤٦٠ | ٤٠ |
| گشتی | ٨٥٤٣ | ٣٠٦ | ٨٢٩٦ | ٦٨١ | ١٦٢٦ | ١٤٠ |

## (( چالاكییەكانی دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆلی جۆری لە بواری خشل ))

جۆری كار وچالاكیەكانی هۆبەی هونەری (هەولێر ـ سلێمانی ـ دهۆك) لە ساڵی ٢٠١٤

| جۆری كارو چالاكی | هەولێر | سلێمانی | دهۆك |
|---|---|---|---|
| دەرهێنانی مۆڵەتی زێڕینگەری | ٥٢ | ٢٤ | ٤٤ |
| دەرهێنانی مۆڵەتی فرۆشتنی زێڕ بە كۆمەڵ | ــ | ٢ | ــ |
| دەرهێنانی مۆڵەتی وەرشەی زێڕ | ٦ | ٢٠ | ٢٩ |
| تازە كردنەوەی مۆڵەتی زێڕینگەری | ٤٢٩ | ٤٦٦ | ٣٢٤ |
| تازە كردنەوەی مۆڵەتی فرۆشتنی زێڕ بە كۆمەڵ | ٧ | ١٣ | ــ |
| تازە كردنەوەی مۆڵەتی وەرشەی زێڕ | ٧٢ | ٣٨ | ٥٧ |
| پشكنینی خشڵی هاوردە (زێڕ، پلاتین، زیوو) | ٣١٣٠٣.٢٨ كگم | ١٣٣٥.٧٦ كگم | ١٣٣٥.٦٤ كگم |
| پشكنینی پسوولەی فرۆشتنی زێڕ | ٦٣٤ | ٥١٣ | ٣٩٨ |
| پشكنینی دوكانی وەرشە و زێڕینگەری | ١١٨ | ٥٤ | ٥٥ |
| كێشكردنی تەرازوو | ٧٦١ | ٦٩٤ | ٣٩٩ |
| سەردانی لێژنەی چاودێری بازاڕ | ٦٠ جار | ٥٠ جار | ٢٠ جار |
| زێڕی پشكێنراو لە لایەن لێژنەی چاودێری | ١١٥٣١ گم | ١٣٦٠٠ گم | ٩٠٦٥ گم |
| تاقیكردنەوەی زێڕینگەران و خاوەن وەرشەكان | ٦٥ زێڕینگەر | ٣٦ زێڕینگەر | ٧٦ زێڕینگەر |

# بەڕێوەبەرایەتی گشتی
# پلانی پرۆژەکانی بودجەی
# وەبەرهێنان



# ئەنجامدانی وۆركشۆپێك لەهەولێر بە ناونیشانی
# " ژینگەی گونجاوی كار (بيئة العمل الفاعلة) "

ئەم وۆركشۆپە كە لە بەرواری (٩-١٣)/٣/٢٠١٤ لە هەولێر لەلایەن وەزارەتی پلاندانان و ڕێكخراوی UNDP ڕێكخرابوو، كەتیایدا شارەزایانی بواری ئاماژەپێكراو وۆركشۆپەكەیان پێشكەش كرد.

مەبەست لەسازدانی ئەم وۆركشۆپە بریتی بوو لە گفتووگۆكردنو ڕاهێنانی فەرمانبەران لەسەر (چۆنیەتی كاركردن و هەلۆیستی گونجاو لەكاتی كاركردن لەگەڵ كەسانی دەوروبەر وەك بەڕێوەبەر، فەرمانبەر)، لە وۆركشۆپەكەدا فەرمانبەرانی چەند وەزارەتێكی دیاریكراوی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەرێژەی جیاجیا تیایدا بەشداربوون كە لە خشتەی خوارەوە ئاماژەی پێكراوە:

| ژ | ناوی وەزارەتەكان | ژمارەی فەرمانبەرانی بەشداربوو |
|---|---|---|
| ١ | وەزارەتی پلاندانان | ٨ |
| ٢ | وەزارەتی دارایی و ئابووری | ٥ |
| ٣ | وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێكردن | ٢ |
| ٤ | وەزارەتی تەندروستی | ٢ |
| | كۆی گشتی | ١٧ |

لەكۆتایی وۆركشۆپەكەدا، گشت فەرمانبەرانی بەشداربوو لەم خولە بەپلەی زۆر باشە هەڵسەنگاندنیان بۆ كرا، وە بەخولێكی سەركەوتوویان داناو، دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە خولانەشیان بۆ گشت فەرمانبەرانی وەزارەت و دام و دەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستانیان بەباش زانی.



# بانگهێشتکردن و گفتووگۆکردن لەگەڵ وەزارەتەکان لەسەر ڕێکخستنەوەی زانیاری پڕۆژە پێشنیارەکان

بانگهێشتکردن و گفتووگۆ کردن لەگەڵ وەزارەتەکان لەسەر ڕێکخستنەوەی زانیاری پڕۆژە پێشنیارەکان بەپێی فۆڕمی تایبەت کە لەلایەن وەزارەتی پلاندانان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلانی پڕۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان ڕێکخرابوو، لەناو ئەم فۆڕمەش داوای دانانی (ئەولەویەت و سوودی ئابووری پڕۆژەکان و بوونی دەرخستە و دابینکردنی زەوی ...هتد) کرا، لەم خشتەیەی خوارەوەش ئاماژە بەزانیاری ناو فۆڕمەکە کراوە:

| ڕیزبەندی لەپێشی (الاولویة) پرۆژەکە | ئایا پرۆژەکە ڕاپۆرتی سوودی ئابووری بۆ ئامادە کراوە؟ (بۆ ئەو پرۆژانەی کە گوژمەی گشتیان زیاترە لە ١٠ ملیار دینار پێویستی بە ڕاپۆرتی سوودی ئابووری هەیە) | | ئایا پرۆژەکە پێویستی بە زەوی هەیە؟ | ئەگەر پرۆژەکە پێویستی بە زەوی هەیە، ئایا زەوی بۆی دابین کراوە؟ | ئایا دەرخستەی پرۆژەکە ئامادە کراوە؟ | بڕی دەرخستەکە چەندە؟ | ئایا پرۆژەکە پێویستی بە دابین کردنی قەرەبوو هەیە؟ | ئەگەر پرۆژەکە پێویستی بە دابین کردنی قەرەبوو هەیە، بڕی ئەم قەرەبووە چەندە؟ | دەرئەنجام | پەرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | |



هەروەها وەزارەت هەڵساوە بەڕێکخستنی پڕۆژە بەردەوامەکان و پڕۆژە پێشنیارەکانی ساڵی ٢٠١٤ بەپێی سێکتەر و فەصل و ماددەی دارایی لەســەر داوای وەزارەتی دارایی عێراق بەمەبەستی وەرگێرانی بودجە بۆ زمانی عەرەبی.

## ڕاپۆرتی كۆبوونەوەی شاندی وەزارەتی پلاندانان لەگەڵ كۆمپانیای سینێرجی سەبارەت بە پڕۆژەی KDMS لە وڵاتی ئەرمینیا

لەبەرواری ٢٠١٤/٣/٩ و بۆ ماوەی هەفتەیەك شاندێكی دوو كەسی لەوەزارەتی پلاندانان سەردانی وڵاتی ئەرمینیایان كرد، بەمەبەستی كۆبوونەوە و گفتوگۆكردن لەسەر پڕۆژەی سیستەمی بەڕێوەبردنی پەرەپێدانی هەرێمی كوردستان (KDMS)، كە بەهاوبەشی لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستان و ڕێكخراوی (UNDP) بۆ بەڕێوەبردنی پڕۆژەكانی هەرێمی كوردستان لە لایەن كۆمپانیای جێبەجێكاری ئەم سیستەمە (SYNERGY) دامەزراوە.

مەبەست لەم كۆبوونەوەیە دارشتنی پلانێكی نوێ بوو بۆ باشترو چالاكتر بەڕێوەبردنی ئەم سیستەمە و دانانی میكانیزمێك بۆ پەیوەندی نێوان سێكتەرو دەرەنجامەكانی (Outputs) پڕۆژەكان، بۆ زانینی سودی هەر پڕۆژەیەك بۆ ئەو ناوچانەی كە لێی ئەنجام دەدرێت و دانیشتوانی ئەم ناوچانە، وە هەروەها باسكردنی هەندێك گۆڕانكاری لەناو سیستەم و زیادكردنی ئەو خاڵانەی كە پێشتر لە ناو سیستەمی ناوبراو ئاماژەی پێ نەدرابوو.

لە ماوەی كۆبوونەوەكەدا بەئامادەبوونی بەڕێز دكتۆر ستیپان كانایان، بەڕێوەبەری بەشی سیستەمی بەڕێوەبەردنی پەرەپێدانی هەرێمی كوردستان (KDMS) لە كۆمپانیای سینێرجی ئەرمەنی، باس لە چۆنیەتی نوێكردنەوەی قۆناغی دووەمی گرێبەستی نێوان وەزارەتی پلاندانان و كۆمپانیای جێبەجێكاری ئەم پڕۆژەیە كرا، بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەم پڕۆژەیە بۆ ساڵانی داهاتوو وە هەروەها سەردانیكردنیان بۆ هەرێمی كوردستان لەكاتی پێویست.

## ئەنجامدانی وۆركشۆپێك بۆ دارشتنی پلانی ستراتیجی پڕۆژەكانی پارێزگاكان لە پارێزگای دهۆك

ئەم وۆركشۆپە لەبەرواری (٤،٥،٦)/٣/٢٠١٤ لەشاری دهۆك ڕێكخرا بۆ لیژنەكانی پلاندانانی پارێزگاكانی هەرێم بە ناوونیشانی (دارشتنی پلانی ستراتیجی پڕۆژەكانی پارێزگاكان)، بەهەماهەنگی ڕێكخراوی UNDP و وەزارەتی پلاندانان وە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلانی پڕۆژەكانی بودجەی وەبەرهێنان كەئامرازێكی سەرەكیە بۆ هاوكاریكردنی پارێزگاكان بۆ دارشتنی پلانی پڕۆژەكانیان بۆ ساڵی دارایی.

## ئەنجامدانی وۆركشۆپێك لەسەر بودجەی جێندەری لە شاری هەولێر

ئەم وۆركشۆپە لە بەرواری (٢٧-٢٩)/١/٢٠١٤ لە شاری هەولێـر وە لـەلایـەن وەزارەتـی پـلانـدانـان و ڕێكخراوی UN WOMEN ڕێكخرابوو، لەم وۆركشۆپەدا ژمارەیەك لە نوێنەرانی وەزارەتەكانی حكومـەتـی هەرێمی كوردستان لەپلەی بەڕێوەبەرو بەڕێوەبەری گشتی بەشداربوون، وەناوەڕۆكی وۆركشۆپەكـەش بـریـتـی بوو لەباسكردنی ئەوەی كەوا بوودجەی جێندەری پێویستە بۆ گۆڕینی تواناكانی كۆمەڵگا لـە داهـاتـووی دوور لە بوارەكانی (توانای ئابووری، یەكسانی، پێشكەوتن لە بواری ئافـرەتـان، شـفـافـیـەت)، بـۆ گـەشـەپـێـدان بـە بوودجەی جێندەری، پێویست بە دارشتنی ستراتیجی و پلانی نوێ دەكات لە بواری بـوودجـە بـۆ زیـادكـردنـی یەكسانی پیشەیی و كۆمەڵایەتی.

## یەكسان نەبوونی كۆمەڵایەتی ئافرەتو پیاو و، پێدانی نرخی جیاواز پێیان

ئوستڕالیا یەكەم وڵات بوو كە لە ساڵی ١٩٩٤ دەستیكرد بە جێبەجێكردنی بوودجەی جـێـنـدەری، وە لـە ساڵی ٢٠٠٧ ژمارەی وڵاتانی بەشداربوو لـەبـوودجـەی جـێـنـدەری گـەیشـتـە ٩٠ بـەشـدار بـوو، ئـەمـەش بوودجەیەكە كە گشت كۆمەڵگا دەكاتە ئامانجی خۆی و دەتوانێت كار بكات لەسەر گـەشـەپـێـدانـی مـرۆیـی و تەندروست بوونی كۆمەڵگا.

## كردنەوەی شەقامێكی نوێ و دروستكردنی باڵەخانەی هۆڵێكی فرەمەبەست لەكورانی عەنكاوەی سەر بە پارێزگای هەولێر

بە چاودێری وەزارەتی پلاندانان و پارێزگای هەولێر، لە بەرواری١٩ی شوباتی٢٠١٤ ، لـەلایـەن هـەردوو ئاژانسی هابیتات (UNHabitat) و پرۆگرامی پەرەپێدانی سەر بە نەتەوە یـەكـگـرتـووەكـان (UNDP)، مەراسیمێك سازكرا بۆ تەواوبوونی دروستكردنی شەقامێك وەك بەشی یەكەمی پرۆژەی پەرەپێدانـی كـورانـی عەنكاوە و، هەروەها دانانی بەردی بناغەی دەستپێكردنی بەشی دووەمی پرۆژەكە، كە ئەویش دروسـتـكـردنـی باڵەخانەی هۆڵێكی فرەمەبەست - (Multipurpose Hall) بوو.

مەراسیمەكە یەك كاتژمێری خایاند كەلەشوێنی پرۆژەكـە لـەژێـر كـەپـرێـك بـەرێـوەچـوو بـەچـاودێـری وەزارەتی پلاندانان و پارێزگای هەولێر، كە سەرچاوەی سەرەكی دابینكردنی دارایی ئەنجامدان‌و بەرێوەبـردنـی پرۆژەكەش بوون، چەندین نوێنەری لایەنی حكومی وەك: وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و لاوان، بەرێوەبەرایەتی گشتـی پەروەردە، شارەوانی هەولێر (ژمارە ٢) و بەڕێوەبەرایەتی كاروباری ڕێكخراوە ناحكومیەكان لەگەڵ چـەنـدیـن نوێنەری ئاژانسەكانی تری نەتەوە یەكگرتوەكان لە مەراسیمەكەدا ئامادەبوون.

بە نوێنەرایەتی وەزارەتی پلاندانان، بەڕێز زاگرۆس فەتاح محمد، بەڕێوەبەری گشتی پلانی پرۆژەكانی بودجەی وەبەرهێنان، لەمەراسیمەكە بەشداربوو كە تیایدا وتەیەكی پێشكەشكردو سوپاسگوزاری وەزارەتی پلاندانان و حكومەتی هەرێمی ئاراستەی ئەو لایەنانە كرد كەلەجێبەجێكردنی پرۆژەكەدا بەشداریان كرد، شایەنی باسە كە لەدروستكردنی دیوارەكانی (هۆڵی فرە مەبەست)ەكە، شێوازو تەكنیكی نوێ بەكاردەهێنرێت



بۆ پاراستنی ساردی و گەرمی ناوەوەی باڵەخانەی هۆڵەكە، كە بە (تەلەی جورج – Rat Trap) ناودەبرێت ئەویش بە دروستكردنی دیوارەكان بە شێوەی دوو ڕیزو هێشتنەوەی خانەی بۆشایی بۆ قەتیسكردنی هەوا لەنێوانیاندا ئەمەش بووە ڕاكێشانی سەرنجی ئامادەبووان و مایەی خۆشحاڵیان.

## تاوتوێكردنی زانیاری و خەرجی تایبەت بە پرۆژەكانی وەبەرهێنان لەگەڵ گشت وەزارەتەكان

ئەنجامدانی زنجیرەیەك كۆبوونەوە لەگەڵ گشت وەزارەتەكان بۆ تاوتوێكردنی زانیاری و خەرجی تایبەت بە پرۆژەكانی وەبەرهێنان (پرۆژە بەردەوامەكان و پێشنیاركراوەكان)، كۆبوونەوەكان بەپێی خشتەیەك ئەنجامدراون كە تیایدا ڕۆژو كاتی كۆبوونەوەكان لەگەڵ هەر وەزارەتێكدا دیاری كرابوو.

## دەستپێكردنی پرۆژەی ژێرخانی ئابووری sena 2

بە هاوكاری ئاژانسەكانی نەتەوەیەكگرتووەكان، پرۆژەی ژێرخانی ئابووری sena 2 دەستپێكرا، بۆ ئەم مەبەستە شاندێكی وەزارەتی پلاندانان سەردانی بارەگای سەرەكی ڕێكخراوی ناوبراویان كردو لەوێ تاوتوێی داڕشتنی نەخشەڕێگای سەرەكی پرۆژەكە كرا. ئەم بەرنامەیە بە یەكێك لەبەرنامە گرنگەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان هەژمار دەكرێت كە بریتی دەبێت لە ئامادەكردنی توێژینەوەیەكی تێروتەسەل لە سەر ژێرخانی ئابووری هەرێمی كوردستان.

## شاندێكی بانكی نێودەوڵەتی سەردانی هەرێمی كوردستانیان كرد بۆ ئامادەكردنی ڕاپۆرتێك لەسەر كاریگەریی ئاوارەكان لەسەر ژێرخانی ئابووری هەرێمی كوردستان

بۆ مەبەستی هاوكاریكردن و یارمەتیدانی هەرێمی كوردستان تایبەت بەو ژمارە زۆرەی ئاوارەی ناوخۆیی و بیانی كەڕوویان لەهەرێمی كوردستان كردووە، شاندێكی بانكی نێودەوڵەتی سەردانی هەرێمی كوردستانیان كردو لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی پلانی پرۆژەكان كۆبوونەوە.

لەكۆبوونەوەكەدا بڕیاردرا لەسەر ئەركی بانكی نێودەوڵەتی شاندێكی باڵا لەبانكی نێودەوڵەتی سەردانی هەرێمی كوردستان بكەن، بۆ مەبەستی ئامادەكردنی ڕاپۆرتێكی تێروتەسەل تایبەت بەكاریگەریی ئەو ئاوارانە لەسەر ژێرخانی ئابووری هەرێمی كوردستانو چۆنیەتی دابینكردنی هاوكاریو پێداویستی بۆیان بە هەماهەنگی ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان.

## ئەنجامدانی چەندین كۆبوونەوەو بەشداریكردنی وۆركشۆپ

ئەنجامدانی كۆبوونەوە لەگەڵ بەشی پلانی پرۆژەكان و بەشی ژمێركاری پارێزگای هەولێر بۆ تاوتوێكردنی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاكان.

لەم كۆبوونەوەیەدا گفتوگۆ كرا لەگەڵ بەشی پرۆژەكان و بەشی ژمێركاری پارێزگای دهۆك بۆ ئەپدێتكردنی دوا زانیاریەكانی تایبەت بە پرۆژەكانی بودجەی پارێزگاكان. وەهەروەها بەشداریكردنی دوو نوێنەری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلانی پرۆژەكان لە وۆركشۆپی Broad Band Internet كە لە بەرواری (١٥-١٦)/٩/٢٠١٤ لە وڵاتی توركیا ڕێكخرابوو.

## بەشداریكردن لە وۆركشۆپێك بە ناوی:

## (Connecting Voices) لە عەممانی پایتەختی ئوردن

ئەم وۆركشۆپە لەژێر ناونیشانی (Connecting Voices) لە بەرواری (١٥-١٧)/١٢/٢٠١٤ لە عەممانی پایتەختی ئوردن لەلایەن بانكی جیهانی (World Bank) ڕێكخرابوو، كە تیایدا زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (MENA) لەگەڵ سێ نوێنەری وەزارەتی پلاندانان وەكو نوێنەری حكومەتی هەرێمی كوردستان بەشدار بوون.

ئەم وۆركشۆپە بریتی بوو لە وەرگرتنی زانیاری دەربارەی هاوكاری وهەماهەنگیەكانی ڕێكخراوی بانكی جیهانی لەم وڵاتانەو، هەروەها دەرئەنجامەكانیشی لەسەر ئابووری ئەم وڵاتانە شیدەكردەوە.

## چەند چالاكییەك لەبواری سیستەمی پەرەپێدانی هەرێمی كوردستان (KDMS)


- كاركردن لەسەر خەرجی (ئیشعار) پرۆژە بەردەوامەكانی بودجەی وەبەرهێنان و update ی رۆژانە.
- گۆڕانكاری و داخلكردنی زانیاری نوێ بۆ پرۆژە پێشنیارەكانی٢٠١٤ و، پێداچوونەوەی كەم و كورپەكانی سیستەمی (KDMS).
- كاركردن لەسەر سیستەمی (Off-line) لەپرۆژەی KDMS ، وە پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ كۆمپانیای SYNERGY بۆ تەواوكاری دابەزاندنی ئەم سیستەمە لەسەر كۆمپیوتەرەكانی بەشی پلانی پرۆژەكانی بودجەی وەبەرهێنان.
- سەردانیكردنی پارێزگای سلێمانی بەهەماهەنگی رێكخراوی UNDP و، كۆبوونەوە لەگەڵ بەشی پلانی پرۆژەكان لەسەر چۆنیەتی داخلكردن و بەكارهێنانی پرۆژەكانی بودجەی گەشەپێدانی پارێزگاكان لەسەر سیستەمی (KDMS).

## دیاریكردنی دەرەنجامو بەهای پرۆژەكانی بودجەی وەبەرهێنان

بە مەبەستی رێكخستنی زانیاری پرۆژە بەردەوامەكانی بودجەی وەبەرهێنانی گشت وەزارەتەكان، فۆرمێك (خشتەیەك) ئامادە كرا لەسەر ئاگاداربوونو دەرخستنی دەرەنجام و بەهای هەر پرۆژەیەك لەپرۆژەكانی وەزارەتەكان، وە بڕی دیاریكراو لەسێكتەرەكان وە بەهاوكاری وەزارەتەكان، كە ئەمەی خوارەوەش هەندێك لە دەرەنجامی پرۆژەكانە:

- قیرتاوكردنی رێگاوبانەكان بە (م٢) و (كم / درێژی)
- كۆكردنەوەی بڕی ئاو (م٣)
- بڕی زەوی پاراوكراو بە (دۆنم)
- بڕی دروستكردنی بینای حكومی (ژمارە)
- رووبەری مەتر چوارگۆشەی باڵەخانەی حكومی (م٢)
- بڕی توێژینەوەو نەخشەسازی و دیزاینی پرۆژەكان (ژمارە)
- بڕی كارەبای بەرهەم هێنراو بە (مێگاوات)
- بڕی ئاوەڕۆی دروستكراو (مەتر درێژی ، كم درێژی)
- رووبەری مەتر چوارگۆشەی بنكەی تەندروستی (م٢)
- ژمارەی قەرەوێلە لەنەخۆشخانەكان (ژمارە) ..... هتد

# دەستەی
# ئاماری هەرێم



# (( ڕووپێوەكان ))

## ڕووپێوی پەلەوەر

ڕووپێوێكی خولی (دەوری)یە كە دەستەی ئاماری هەرێم بە هاوكاری پیشەیی لەگەڵ وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو چەند ساڵ جارێك ئەنجامیدەدات، بۆ وەرگرتنی داتا و زانیاری پەیوەست بەبارودۆخی كێڵگەكان و خستنەڕووی نیشاندەری تایبەت بە مەبەستی بەرەوپێشچوونی ئەم كەرتە گرنگە. ئەنجامدانی ئەم ڕووپێوە سوودی دەبێت بۆ خستنەڕووی داتای ورد لە پێناو زانینی بڕی بەرهەمی گۆشتی سپی و بڕی پارەی تێچوو، بۆ بەخێوكردنی پەلەوەرو دیاریكردنی گرفتی كێڵگەكانی پەلەوەر لەڕووی ئابوورییەوە لە هەرێمی كوردستان.

لەناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ دەستەی ئامار دەستیكرد بەئەنجامدانی كاری مەیدانی بۆپڕكردنەوەی فۆرمی تایبەت بە ڕووپێوی ناوبراو، كاری مەیدانی ئەم ڕووپێوە تا كۆتایی مانگی تەمووز بەردەوام بوو، ژمارەی تیمەكانی مەیدانی پێكهاتبوون لە ١٧ تیم. هەرلە مانگی تەمووزدا كاری وردبینی فۆرمەكان كراوە لە بەڕێوبەرایەتیەكانی ئامار بە ئامانجی پێداچوونەوەو چارەسەركردنی گرفتەكان، لەمانگی ئاب كارەكانی ڕێكخستن و ئامادەكردنی داتابەیس ئەنجامدرا، وەلەمانگی ئەیلوولیش داتابەیسەكە بۆ بەڕێوبەرایەتیەكان نێردراو دواتر دەستكرا بەتۆماركردنی فۆرمەكانی ڕووپێوەكە.

دوای تۆماركردنی فۆرمەكان وناردنیان بۆ دەستە لەكۆتایی مانگی تشرینی یەكەم بەشی ئاماری كشتوكاڵ پرۆسەی خاوێنكردنەوە و یەكخستن و وردبینی فۆرمە تۆماركراوەكانی دەستپێكردوو، تاوەكو ئێستاش ئەم پرۆسەیە بەردەوامە.

پرۆژەكانی پەلەوەر لە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٣

| پارێزگا | ژمارەی پرۆژەكان | ژمارەی هۆڵەكان | توانای پرۆژەكان/ جووجكە | ڕووبەری تەرخانكراو بۆ پرۆژەكان/ دۆنم |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٣٣٣ | ٤٤٠ | ٤٠٠٣٣٤٠ | ١٢٦٠ |
| سلێمانی | ٣٤٥ | ٤٣٦ | ٤٣٢٨١٨٤ | ١٤٩٨ |
| دهۆك | ١٥١ | ٢٢٣ | ٢٤٥٩٦٨٦ | ٦١٤ |
| ئیدارەی گەرمیان | ٥٩ | ٦٧ | ٦٨١١٠٠ | ٩٤ |

## ڕووپێوی بەروبوومی هاوینە ٢٠١٣

ڕووپێوی بەروبوومی هاوینە ڕووپێوێكی ساڵانەیە دەستەی ئامار بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی كشتوكاڵ وسەرچاوەكانی ئاو ئەنجامی دەدات، ئامانج لەم ڕووپێوە بەدەرستخستنی زانیارییە لەسەر بڕی بەرهەم و ڕووبەری چاندراو، وەتێكڕای برشتی سەرجەم بەروبوومەكانی هاوینە. دوای دانانی پلانی جێبەجێكردنی ئەم ڕووپێوە و دروستكردنی فۆرمی ڕووپێو و، دانانی تیمە ئاماریەكان، لە بەرواری ٢٠١٣/١٠/٢٨ كاری مەیدانی ڕووپێوەكە دەستیپێكرد بەسەردانیكردنی گوندەكان بۆ ماوەی ٤٥ ڕۆژ تاكو بەرواری ٢٠١٣/١٢/١٥، دوای وردبینیكردنی فۆڕمەكان لەمانگی كانوونی دووەمی ٢٠١٤ ، دەستكرا بەتۆماركردنی فۆڕمەكان لە بەڕێوبەرایەتیەكانی ئامار، دواتر بەشی ئاماری كشتوكاڵ لەدەستەی ئامار لەمانگی حوزەیران هەڵسا بەشیكردنەوەو ئامادەكردنی ڕاپۆرتی ڕووپێوەكەو، ئێستا لە قۆناغی كۆتایی دایە.

بەرهەمی بەروبوومەكانی هاوینە (تۆن) بۆ ساڵی ٢٠١٣ لە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان

| پارێزگا | شفتی | گەنمە شامی | گندۆرە | گوڵەبەڕۆژە | فاسۆلیا | كودی | كونجی | لۆبیا | ماش |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٤٦٣٤٠ | ٢٥٣٧٧ | ١٦٢٥٢ | ٧ | ٣٥٨ | ٤٧٠٠ | ١٦ | ٢٥٨٠ | ٢٠ |
| دهۆك | ١٧٩٣٤ | ٤٩٨٧ | ١١٣٨٢٢ | ٢٤ | ١٨ | ٢٢١٥ | ٥٦ | ١٨٩٠ | ١١٧ |
| سلێمانی | ١٥٩٨٠ | ٨٤ | ٣٨٨٠١ | ٨٧١ | ١١٧٠ | ١٧٥١ | ١٤١ | ٦٤٤ | ٢٠٧ |
| ئیدارەی گەرمیان | ٣٠٣ | ٢٥٩ | ٨٥ | ٠ | ٠ | ٢٤ | ٢٥ | ٣٠٤ | ٢ |

| پارێزگا | بامیا | باینجان | برنج | بیبەر | تەرۆزی | تەماتە | توتن | پەتاتە | پیازی وشك | خەیار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٩٤٢ | ١٢٧٩٠ | ٦١ | ٧٤٣٩ | ٢٨١٩ | ٣٧٠١١ | ٣ | ٦١٦٩ | ٢١١١٠ | ٢٠٧٤٤ |
| دهۆك | ٢٠١٣ | ٣٢٠١ | ٣١٣٢ | ١٤٥٤ | ١٦٣٦٦ | ٢١٣١٧ | ٤ | ٢٨١٠٥ | ٢٨١٦ | ١٠٣٨٠ |
| سلێمانی | ٣٥٠٥ | ١٦٤١ | ٧٣٦ | ٥٩٣ | ١٠٢٤٨ | ٣١٥٣٣ | ١٤ | ٩٠٧ | ٣٥٨٩ | ٥٦٤٣ |
| ئیدارەی گەرمیان | ٧٦٩ | ٤٤٤ | ١٣٤٧ | ١٤١ | ١٦ | ١٠٦٩ | ٠ | ٥٣ | ٦٠ | ٢٤٩ |

## ڕووپێوی بەروبوومی زستانە (٢٠١٢ - ٢٠١٣)

ڕووپێوێكی ساڵانەیە كە دەستەی ئاماری هەرێم بەهاوكاری لە گەڵ وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو

بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر بەرووبوومەكانی زستانە لەسەرجەم ناوچەكانی هەرێمی كوردستان ئەنجامیدەدات، ئەمەش بە دوو قۆناغ ئەنجام دراوە:

**قۆناغی یەكەم : ڕووپێوی چوارچێوەی بەروبوومی زستانە :** لەم ڕووپێوە دا ڕووبەری چاندراوی بەروبوومەكانی زستانە تۆماردەكرێت، كە تیایدا تیمەكانی مەیدانی سەردانی سەرجەم گوندەكانی هەرێم دەكەن بۆ ئەم مەبەستە لەبەرواری ٢٠١٣/٤/١ دەستیانكرد بەسەردانیكردنی سەرجەم گوندەكان بۆ پڕكردنەوەی فۆڕمی تایبەت بەڕووپێو بۆ ماوەی ٤٥ ڕۆژ، تا بەرواری ٢٠١٣/٥/١٥ كۆتایی بەكاری مەیدانی هات لەم قۆناغە.

**قۆناغی دووەم : ڕووپێوی دروێنەی بەروبوومی زستانە :** ئامانج لەم ڕووپێوە زانینی بڕی بەرهەم وبڕشتی بەروبوومەكانە لەگەڵ تێكرای تێچوو بۆ هەر بەروبوومێك لەسەرەتای دەستپێكردنی چاندنەوە تا بەرهەم هێنانی بەروبوومەكان، لەم ڕووپێوە شێوازی نموونە (sample) بەكارهاتووە بەپشت بەستن بەداتاكانی ڕووپێوی چوارچێوە، تیمە ئامارییەكان لە بەرواری (٥/٢٧ - ٧/١٥)/٢٠١٣ سەردانی ئەو گوندانەیان كرد كە لە نموونەكەدا دیاریكرابوون بەمەبەستی كۆكردنەوەی داتای پێویست لەسەر دروێنەی بەروبوومەكان.

دوای تەواوكردنی كاری مەیدانی تۆماركردن و وردبینی فۆڕمەكان لەبەڕێوەبەرایەتیەكانی ئامار/ بەشی كشتوكاڵ لەدەستەی ئامار كاری شیكردنەوە ئەنجامدراو، دواتر لەمانگی ئایاری ٢٠١٤ دوو ڕاپۆرتی ئامادەكرد بۆ هەریەك لە ڕووپێوی چوارچێوەو ڕووپێوی دروێنە.

ڕووبەرو بڕشتو بەرهەمی گەنم لەپارێزگاكانی هەرێمی كوردستان بۆ وەرزی زستانی ٢٠١٢-٢٠١٣

| پارێزگا | ڕووبەری چاندراو/ دۆنم | بڕشت (كگم/ دۆنم) | بەرهەم/ تۆن |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ٦٣٦,٨٢٨.٥ | ٤٨٦.٤ | ٣١٩,٨٥٥.٨ |
| سلێمانی | ٦٤٠,١١٧.٠ | ٤٨٦.٩ | ٢٥٧,٨٥٢.٨ |
| ئیدارەی گەرمیان | ٢٧٢,٧١٩.٠ | ٢٠٠.٢ | ٥٣,٣٥٠.٧ |
| دهۆك | ٧١٠,٠٠٨.٠ | ٤٨٥.٩ | ٣٦٩,٢٩٦.٢ |

ڕووبەرو بڕشت و بەرهەمی جۆ لەپارێزگاكانی هەرێمی كوردستان بۆ وەرزی زستانی ٢٠١٢-٢٠١٣

| پارێزگا | ڕووبەری چاندراو/ دۆنم | بڕشت (كگم/ دۆنم) | بەرهەم/ تۆن |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ١٣٧,١٤٠.٠ | ٤٣٢.٣ | ٥٥,٤٥٧.٣ |
| سلێمانی | ١٤٦,٤١٣.٠ | ٣٧٤.٩ | ٤٢,٢٨٨.٠ |
| ئیدارەی گەرمیان | ٧٢,٦٦٩.٠ | ٢٠٧.٠ | ١٣,٧٧٩.٤ |
| دهۆك | ٥٣,١٢٦.٥ | ٣٩٥.٣ | ٢١,٥٠٦.٨ |

ڕووبەر و بڕشت و بەرهەمی نۆك لەپارێزگاكانی هەرێمی كوردستان بۆ وەرزی زستانی ٢٠١٢ - ٢٠١٣

| پارێزگا | ڕووبەری چاندراو/ دۆنم | بڕشت (كگم/ دۆنم) | بەرهەم/ تۆن |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ٥,٢٦٥.٨ | ١٠١.٤ | ٦٦٢.٢ |
| سلێمانی | ٦,٣٩٩.٠ | ١٤١.١ | ٦١٨.٧ |
| ئیدارەی گەرمیان | ١,١٢٧.٠ | ٨.٧ | ٣٣.٨ |
| دهۆك | ١٧,٩٠٦.٩ | ١١٩.٢ | ١,٨٤١.٣ |

ڕووبەر و بڕشت و بەرهەمی نیسك لەپارێزگاكانی هەرێمی كوردستان بۆ وەرزی زستانی ٢٠١٢ - ٢٠١٣

| پارێزگا | ڕووبەری چاندراو/ دۆنم | بڕشت(كگم/ دۆنم) | بەرهەم/ تۆن |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ١٥٦.٠ | ١٥٠.٠ | ٢٣.٤ |
| سلێمانی | ١٧٨.٠ | ١١٠.٨ | ٦.٣ |
| ئیدارەی گەرمیان | ١.٠ | - | - |
| دهۆك | ٤٢٥.٠ | ٦٠.٥ | ٢٩.٤ |

# (بەشی بازرگانی)

## ڕووپێوی ئوتێل و یەكە گەشـــتیارییەكان

بەردەوامبوون لەئەنجامدانی ڕووپێوی ئوتێل و یەكە گەشتیاریەكان لەهەرێم لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیەكانی ئاماری پارێزگاكان، ئەم ڕووپێوە هەموو ئوتێل و یەكەگەشتیاریەكان دەگرێتەوە. ئامادەكردن و چاپكردنی فۆرمی ڕووپێوی ئوتێل و یەكە گەشتیارییەكان بۆ ساڵی ٢٠١٣ ، پاشان ناردنی بۆ ئاماری پارێزگاكان بۆ ئەنجامدانی ئەم ڕووپێوە ساڵانە ئەنجام دەدرێت. خولێكی ٣ ڕۆژە كرایەوە بۆ توێژەرانی ئاماری پارێزگاكان لەلایەن بەشی بازرگانی دەستەی ئاماری هەرێم، دوای ئەنجامدانی چەند گۆڕانكاریەك لەسەر چۆنیەتی پڕكردنەوەی فۆرمی ڕووپێوەكە، دەستكرا بەكاری مەیدانی لەمانگی (٧-٩) ی ساڵی ٢٠١٤ . دوای گەڕانەوەی فورمەكان بۆ دەستە وردبینی وتۆماری بۆ كرا لەهۆڵی تەرمیز بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ، ئێستاش بەشی شیكردنەوە كاردەكەن لەسەر ئامادە كردنی ڕاپۆرتەكە. مەبەست لێی بەدەرخستنی:

١- ژمارەی ئوتێل و یەكە گەشتیارییەكان.

٢- ژمارەی كارمەندی كاركردوو.

٣- ژمارەی میوان و شەوانی مانەوەیان بە پیٚ ی ڕەگەزو وڵات.
٤- قەبارەی داهات و خەرجیەكان و گەلێك بابەتی تر.

| یەكە گەشتیاریەكان | ژمارە |
| --- | --- |
| ئوتێل | ٤٢٨ |
| مۆتێل | ٢٤١ |
| كۆمەڵگای گەشتیاری | ٤٢ |
| كۆی یەكە گەشتیاریەكان | ٧١١ |
| ژمارەی كارمەندی كاركردوو | ٤٨٨٠ |
| ژمارەی میوانی هاتوو | ٢٠٩١٥٧١ |
| ژمارەی شەوانی مانەوەیان | ٥٣٥٠٣٤٠ |
| مووچە و بەخشینی پێدراو ی كارمەندان بە(١٠٠٠ دینار) | ٢٧٢٤٢٤٨١ |
| داهات بە(١٠٠٠ دینار) | ٢٥٣٥٥٢٤٤٩ |
| خەرجیەكان بە (١٠٠٠ دینار) | ١١٥٦٩٩٥٨٥ |

## ڕووپێوی كۆمپانیاكانی حەوالەكردنی دراوو گۆڕینەوەی

ڕاپۆرتی دامەزراوەكانی كۆمپانیاو نووسینگەكانی ئاڵوگۆڕی دراوو گۆڕینەوەی كە لەساڵی ٢٠١٣ بەهاوكاری دەزگای ئاماری ناوەندی عیراق بەزمانی كوردی و عەرەبی ئەنجامدراوەو ئامادەكراوە بۆ چاپكردن. ئامانج لەم ڕووپێوە بریتی بوو لە: ژمارەی دامەزراوەكانی كاركردوو، ژمارەی كارمەندو مووچەكانیان، داهاتەكان و خەرجیەكان، هەبووە نەگۆڕەكان، وە داتاكانی پەیوەست بەژمێریاری نەتەوەیی و گەلێك داتای تر.

| | |
| --- | --- |
| ژمارەی كۆمپانیا و نوسینگەكانی ئاڵوگۆڕی دراو و گۆڕینەوەی | ٤٣٩ |
| كۆی كارمەندان لەم دامەزراوانە | ١١٦٤ |
| بەهای مووچە و بەخشینی كارمەندانی بەكرێ بە (١٠٠٠ دینار) | ٤٥٢٢٦٧٠ |
| خەرجیەكان بە (١٠٠٠ دینار) | ٣١٣٣٤١٢ |
| داهاتەكان بە (١٠٠٠ دینار) | ٢٢٧٥٤٨٣٩ |

## ڕووپێوی چێشتخانەو گازینۆكان

لەدوای تەواوكردنی كاری مەیدانی و مەكتەبی، ڕووپێوی چێشتخانەو گازینۆو چایخانەو كافتریا لە هەرێم بەهاوكاری دەزگای ئاماری ناوەندی عیراق ئەنجامدرا لە  ساڵی٢٠١٣ ، ئێستا ڕاپۆرتەكەی بەزمانی عەرەبی بەردەستە و بەشی بازرگانی دەستەش بەردەوامە لە وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی كوردی.

| | |
|---|---|
| ژمارەی چێشتخانە و  چایخانەو گازینۆ و كافتریا لە هەرێم | ٥٨١٥ |
| ژمارەی كارمەندی كاركردوو | ٢٧١٤٣ |
| مووچە و بەخشینەكانی كارمەندانی بەكرێ بە (١٠٠٠ دینار) | ٢٥٤١٢٢٠١٧ |
| داهاتەكان بە (١٠٠٠ دینار) | ١٤١٣٨٦٣٩٦٤ |
| خەرجیەكان بە (١٠٠٠ دینار) | ٦٩٨٦٩٠٧٥٢ |

## ڕووپێوی شوێنی بازرگانی  ناوخۆیی لە كەرتی تایبەت

ڕاپۆرتی ئەنجامی ڕووپێوی شوێنە بازرگانیەكانی ناوخۆیی لە كەرتی تایبەت   لەساڵی ٢٠١٢ - ٢٠١٣ ئەنجامدرا بەهاوكاری دەزگای ئاماری ناوەندی عیراق، بەشێوەی سامپڵ ماوەی یەك ساڵی خایاند، ئێستاش ڕووپێوەكە بەردەستەو كاری وەرگێڕان بۆ  سەر زمانی كوردی بەردەوامە.

ئامانج لەم ڕووپێوە بریتی بوو لە: ژمارەی دامەزراوەكان، ژمارەی كارمەندو مووچەكانیان، سەرمایەی بەكارهاتوو، داهات و خەرجیەكان، قەرەبووی كارمەندان، پێداویستیە شمەكیەكانو، گەلێك داتای تر بۆ ژمێریاری نەتەوەیی.

| | |
|---|---|
| ژمارەی دامەزراوەكان | ٩٠٨٢٤ |
| كۆی ژمارەی كارمەندان لە دامەزراوەكان | ١٧١٦٤٦ |
| مووچەو بەخشینی كارمەندانی بەكرێ بە (١٠٠٠) دینار | ٢٧٢٧٦٥١١٨ |
| خەرجیەكان بە (١٠٠٠ دینار) | ٩٢٤١٧٧١٤٩ |
| داهات بە (١٠٠٠ دینار) | ٣٣٧٣٠٦٦٣٣٣ |

# ((بەشی ژمێریاری نەتەوەیی))

## ڕووپێوی دامەزراوەكان

دەستەی ئاماری هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوەی (RAND)ی ئەمریكی هەڵسا بە ئەنجامـدانـی ڕووپێوی دامەزراوە ئابووریەكان بۆ ساڵی٢٠١٣ بۆ دیاریكـردن وهـەژمـاركـردنـی بـەرهـەمـی نـاوخـۆیـی بـۆ هەرێمی كوردستان (GRP)، هەروەها بۆ دیاریكردنی بەشی تاك لە داهاتـــی نەتەوەیی لەناو كۆمەڵگادا، بـۆ ئەم مەبەستە سەردانی بانكە ئەهلی و حكومییەكان كرا بۆ وەرگرتن و كۆكردنەوەی داتاكان، جێگای ئاماژەیـە كەوا ئەم ڕووپێوە بۆ یەكەم جار بوو ئەنجامدرا لەسەر ئاستی هەرێم.

دوای تەواوبوونی قۆناغەكـانـی كـارو مـەشـقو ڕاهێـنـانـی ڕووپـێـوی دامـەزراوەكـانـی كـەرتـی تـایـبـەت (كۆمپانیاكانی بیناسازی هەروەها دامەزراوەی ئابووری گواستنەوەو كۆگاكان لەماوەی (٥ - ١٥)/٧/٢٠١٤، لە هەر سێ پارێزگاكانی هەرێم دەستكرا بەڕێكخستنـی فـۆڕمـەكـان وتـۆمـاركـردنـی كـۆدی ئـایـسك فـۆر بـۆ پارێزگاكان، وە لە ڕێكەوتی ١٦/٧/٢٠١٤ دەستكرا بە تۆماركردنی داتاكان كە بـۆ مـاوەی٢٠ ڕۆژ بـەردەوام بوو، دواتر داتاكان ڕێكخران‌و لەلایەن بەشی شیكردنەوەی داتا نێردران بۆ دامـەزراوەی ڕانـدی ئـەمـریـكـیو، ئێستاش كارەكان لەلایەن ئەم دامەزراوەیە لە قۆناغی شیكردنەوە دایە .

ئامانج لەم ڕووپێوانەش بریتی بوون لە دیاریكردنی داهاتی تاكە كەس لە كۆمەڵگاداو، لە هەمان كـاتـیـشـدا نیشاندەرێكی زۆر گرنگیشە كە گوزەرانی كۆمەڵگا دەردەخات.

# ((بەشی دانیشتوان و هێزی كار))

## ڕاپۆرتی هێزی كار / ٢٠١٣

مەبەست لەئامادەكردنی ڕاپۆرتی هێزی كار بۆ ساڵی ٢٠١٣ ، بریتی بوو لـە جـێـبـەجـێـكـردنـی چـەنـد هەنگاوێك، وەك: مەزندەكردنی قەبارەی هێزی كار، چۆنیەتی دابەشكردنیان لەهەرێمی كوردستـان، هـەروەها پێشبینیكردنی تێكڕای بەشداریكردن لەچالاكـیـیـە ئـابـووریـەكـان بـەپـێـی تـایـبـەتـمـەنـدیـیـە جـیـاوازەكان، پێشبینیكردنی تێكڕای كاركەرو بێكار بەپێی تایبەتمەندییە جیاوازەكان، دەستكەوتنی زانیاری لەسەر كەسانی كاركەرو بێكارو ئەوكەسانەی كەتوانای كاركردنیان نیە بەپێی كەرتەكان‌و تایبەتمەندییـە جـوگـرافـیـیـەكـان، دابینكردنی زانیاری لەسەر كاتەكانی كاركردن بەپێی پیشەو چالاكی ئابووری، وەئامادەكردنی ئەم ڕاپـۆرتـەش

پارمەتیدەرە دەبێت بۆ دروستكردنی بڕیارو، دانانی سیاسەتێك بۆ دابینـكـردنـی هـەلی كـار بـۆ دەرچـووانـی كۆلێژو كەسانی بێكار بەشێوەیەك كە لەگەڵ پیشەو پسپۆڕیەكانیان بگونجێت.

| تێكرای بێكاری بە پێی ڕەگەز، ژینگە و پارێزگا 2013 | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگا | شار | | | گوند | | | كۆ | | |
| | نێر | مێ | كۆ | نێر | مێ | كۆ | نێر | مێ | كۆ |
| | بێكار | بێكار | بێكار | بێكار | بێكار | بێكار | بێكار | بێكار | بێكار |
| هەولێر | 2.5% | 12.4% | 4.0% | 4.6% | 16.2% | 6.0% | 2.8% | 12.8% | 4.3% |
| سلێمانی | 5.3% | 22.9% | 8.8% | 2.0% | 11.7% | 3.5% | 4.8% | 21.7% | 8.1% |
| دهۆك | 6.0% | 15.8% | 7.3% | 6.9% | 17.9% | 7.6% | 6.2% | 16.0% | 7.3% |
| هەرێمی كوردستان | 4.4% | 18.2% | 6.7% | 4.5% | 14.4% | 5.6% | 4.4% | 17.8% | 6.5% |

## ڕووپێوی لە دایك بووانو مردووان

ئەم ڕووپێوە لە هەرسێ پارێزگاكانی هەرێم لەسەر ئاستی قەزا ئەنجام دەدرێت، بـۆ ئـەم مـەبـەسـتـەش كاری نوێكردنەوەی سامپڵی ڕووپێو ئەنجامدراو، دواتر ئـامـادەكـردنـی سـامـپـڵ لـەسـەر ئـاسـتی خـێـزان بـۆ پارێزگاكان ئامادەكرا لەلایەن (بەشی دانـیـشـتـوان)، وە كـاری مـەیـدانـی لـە ڕێـكـەوتـی (١-١٥)٦/٢٠١٤ ئەنجامدرا، ئێستاش كاری وردبینیو داگرتنی داتا ئەنجامدەدرێت.

ئامانجی ڕووپێوی (لەدایكبووانو مردووان) دیـاریـكـردنـی ژمـارەی مـردووانو لـەدایـكـبـووانـە، ئـەمـەش نیشاندەرێكی گرنگە بۆ زانینی ژمارەی ساڵانەی دانیشتوانی هەرێمی كوردستان.

## ڕاپۆرتی مەزندەكردنی ژمارەی كرێچی

ئامادەكردنی ڕاپۆرتی مەزندەكردنی ژمارەی كرێچی لە هەرێمی كوردستان بۆ سـاڵانـی ( ٢٠١٣ - ٢٠١٨) بە مەبەستی دەرهێنانی ژمارەی گشتی نیشتەجێبووان و كرێچیە لەسەر ئاستی پارێزگاو قـەزاو نـاحـیـەكـانـی هەرێمی كوردستانو، هەروەها دەستكەوتنی هەندێك نیشاندەری پێویست وەكو ڕێژەی كرێچی و زیـادبـوونـی ساڵانە بۆ خێزان و خانوو بۆ ئەو ساڵانەی كە ئاماژەیان پێكراوە.

# ڕاپۆرتی مەزندەکردنی ژمارەی دانیشتوان


مەبەست لە ئامادەکردنـــی ڕاپۆرتی مەزندەکردنی ژمارەی دانیشتوان لەهەرێمی کوردستان بۆ ســـــاڵانی (٢٠٠٩-٢٠٢٠)، هەبوونی ژمارەی دانیشتوانە بەپێی گروپی تەمەن و هەبوونی زانیاری لەسەر پێکهاتـەی تەمەنی دانیشتوان بۆ پلانە کورت خایەن یان مام ناوەندییەکان وەکو: پـێداویستـیـەکان، خـزمـەتگوزاری، خواردن و هتد. ئەمەش سودێکی زۆری هەیەو یارمەتیدەر دەبێت بۆ داڕشتنی پلانی توکمـە تـرو، هـەروەها پێکانی ئامانجەکانی پلانەکان، بۆ ئەم مەبەستەش بەشی دانیشتوان و هـێـزی کـار ڕاپـۆرتـێکـی ئـامـادەکرد سەبارەت بە مەزندەی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی (٢٠٠٩-٢٠٢٠)، بـەپشت بـەستن بەو نیشاندەرانەی بەدەستهاتوون لە ڕووپێوی نەخشەی هەژاری و مردنی دایکان کە لەساڵی ٢٠١٢ لە لایـەن دەستەی ئاماری هەرێمەوە ئەنجامدرابوو.

ئەو نیشاندەرانەی کە لەو ڕووپێوە وەرگیراون بریتین لە: تێکڕای بەپیتی گشتی، تێکـڕای مـردنـی مـنـداڵانـی ساوا، پێشبینیکردنی مانەوە لەژیان بۆ هەردوو ڕەگەزو ڕێژەی کۆچ، هەروەها ڕێژەی شارنشینی و گوندنشینـی و، کۆی ژمارەی دانیشتوانی هەرێم بە پێی ئەنجامەکانی پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارە دانانـی سـاڵی ٢٠٠٩ لە مەزندە کردنەکەدا بەکار هاتوون.

مەزندەی ژمارەی دانیشتوانی هەرێم لە سەر ئاستی پارێزگا بۆ ساڵی ( ٢٠٠٩ - ٢٠٢٠)

| ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ١٧٠٦١٨٢ | ١٧٨٤٨٥٣ | ١١٧١٢٣١ | ٤٦٦٢٢٦٦ |
| ٢٠١٠ | ١٧٥٥٦٠٦ | ١٨٢٥٣١١ | ١٢١٢٣٧٥ | ٤٧٩٣٢٩٢ |
| ٢٠١١ | ١٨٠٥٣١٣ | ١٨٦٦٦٧٧ | ١٢٥٣٦٣٩ | ٤٩٢٥٦٢٩ |
| ٢٠١٢ | ١٨٥٥٢٢٦ | ١٩٠٨٨٧٤ | ١٢٩٤٩١٠ | ٥٠٥٩٠١٠ |
| ٢٠١٣ | ١٩٠٥٩٧٠ | ١٩٥١٨١٨ | ١٣٣٦٩٤٤ | ٥١٩٤٧٣٢ |
| ٢٠١٤ | ١٩٥٧٤٨٦ | ١٩٩٥٤٣٩ | ١٣٧٩٦٧٥ | ٥٣٣٢٦٠٠ |
| ٢٠١٥ | ٢٠٠٩٦٣٧ | ٢٠٣٩٦٨٥ | ١٤٢٣١١٤ | ٥٤٧٢٤٣٦ |
| ٢٠١٦ | ٢٠٦٢٣٨٠ | ٢٠٨٤٤٩٢ | ١٤٦٧١٩٨ | ٥٦١٤٠٧٠ |
| ٢٠١٧ | ٢١١٣٣٩١ | ٢١٢٩٧٩٤ | ١٥١١٨٥٨ | ٥٧٥٥٠٤٣ |
| ٢٠١٨ | ٢١٦٢٥٠٩ | ٢١٧٥٥٢٣ | ١٥٥٧٠٢٠ | ٥٨٩٥٠٥٢ |
| ٢٠١٩ | ٢٢٠٩٥٦٩ | ٢٢٢١٦٢٢ | ١٦٠٢٦٢٣ | ٦٠٣٣٨١٤ |
| ٢٠٢٠ | ٢٢٥٤٤٢٢ | ٢٢٦٨٠٥٠ | ١٦٤٨٦١١ | ٦١٧١٠٨٣ |


مەزندەی ژمارەی دانیشتوانی هەرێم لە سەر ئاستی پارێزگا بۆ (٢٠٠٩ - ٢٠٢٠)




مەزندەی ژمارەی دانیشتوانی هەرێم بۆ ساڵانی داهاتوو بەپێی ڕەگەز (٢٠٠٩ - ٢٠٢٠)

| ساڵ | نێر | مێ | کۆ |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ٢,٣٤١,١٠٢ | ٢,٣٢١,١٦٤ | ٤,٦٦٢,٢٦٦ |
| ٢٠١٠ | ٢,٤٠٦,٩٠٩ | ٢,٣٨٦,٣٨٣ | ٤,٧٩٣,٢٩٢ |
| ٢٠١١ | ٢,٤٧٣,٣٧٣ | ٢,٤٥٢,٢٥٦ | ٤,٩٢٥,٦٢٩ |
| ٢٠١٢ | ٢,٥٤٠,٣٦٠ | ٢,٥١٨,٦٥٠ | ٥,٠٥٩,٠١٠ |
| ٢٠١٣ | ٢,٦٠٨,٥٢٣ | ٢,٥٨٦,٢٠٩ | ٥,١٩٤,٧٣٢ |
| ٢٠١٤ | ٢,٦٧٧,٧٦٤ | ٢,٦٥٤,٨٣٦ | ٥,٣٣٢,٦٠٠ |
| ٢٠١٥ | ٢,٧٤٧,٩٩٢ | ٢,٧٢٤,٤٤٤ | ٥,٤٧٢,٤٣٦ |
| ٢٠١٦ | ٢,٨١٩,١٢٣ | ٢,٧٩٤,٩٤٧ | ٥,٦١٤,٠٧٠ |
| ٢٠١٧ | ٢,٨٨٩,٩١٦ | ٢,٨٦٥,١٢٧ | ٥,٧٥٥,٠٤٣ |
| ٢٠١٨ | ٢,٩٦٠,٢١٩ | ٢,٩٣٤,٨٣٣ | ٥,٨٩٥,٠٥٢ |
| ٢٠١٩ | ٣,٠٢٩,٨٨٩ | ٣,٠٠٣,٩٢٥ | ٦,٠٣٣,٨١٤ |
| ٢٠٢٠ | ٣,٠٩٨,٨٠١ | ٣,٠٧٢,٢٨٢ | ٦,١٧١,٠٨٣ |

مەزندەی ژمارەی دانیشتوانی هەرێم بۆ ساڵانی داهاتوو بە پێی ڕەگەز (٢٠٠٩-٢٠٢٠)




## ئەنجامدانی کاری گەمارۆسازی، بۆئاوارەکان و پەنابەران لەهەرێمی کوردستان بۆ ساڵی٢٠١٤

بەهۆی هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەکان و پەنابەران بۆ هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠١٤، سەرەڕای ساڵانی پێشووترو نەبوونی ژمارەیەکی ڕاست و باوەڕ پێکراو لەسەر ژمارەی ئاوارەکان و پەنابەران بەهۆی هەبوونی جیاوازی لە شێوازی کۆکردنەوەی زانیاری، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (١٧/ ٨ / ٢٠١٤) بڕیاریدا بەجێبەجێکردنی پرۆسەیەکی گشتگیر بۆ هەژمارکردنو تۆمارکردنی هەموو ئەو ئاوارانەو پەنابەرانەی کە هاتوونەتە نێو هەرێمی کوردستان و.

پرۆسەکەش لەلایەن وەزارەتی پلاندانانو لەژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی بەڕێز (د. علی سندی)/ وەزیری پلاندانان بەڕێوە دەچێتو لایەنی جێبەجێکاریش دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانە.

بۆ ئەم مەبەستەش زنجیرە کۆبوونەوەیەك سازکرا لەگەڵ چەند لایەنێکی پەیوەندیدار وەك وەزارەتی (پەروەردە، تەندروستی و بازرگانی)، بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەران و، هەروەها ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو UNFPA، IOM و UNHCR.

لە کۆبوونەوەکاندا، کە لەلایەن سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم بەڕێوە دەچوو باس لەچۆنیەتی و شێوازی ئەنجامدانی تۆمارە گشتگیرەکەو، هەروەها پلانی کارەکە کراو بڕیاری پێویستیش لە بارەیانەوە وەرگیرا، بۆ باشتر بەڕێوەچوونی پرۆسەکە بەپێناسەکردنی بەرپرسیاریەتی لایەنە بەشداربووەکان و، هەروەها ڕوونکردنەوەی ئامانج و مەبەستە سەرەکییەکانی، دوو بەڵگەنامەی گرنگ ئامادەکراوە کە بریتیین لە " بەڵگەنامەی پرۆژەو یادداشتی چەمکەکان".

# (( بەشی ژینگە ))

## ڕووپێوی ڕۆشنبیری چۆنیەتی بەکارهێنانی ئاو

بەشی ژینگە بەهەماهەنگی لەگەڵ دەزگای ئاماری ناوەندی لەبەغداو، بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (یونسیف)، هەڵسان بەئەنجامدانی ڕووپێوی (ڕۆشنبیری چۆنیەتی بەکارهێنانی ئاو لەکۆمەڵگادا بۆ ساڵی ٢٠١٤)، ڕووپێوەکە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك ئەنجامدرا لەسەر ئاستی عیراق، دەرئەنجامی ڕووپێوەکەش زۆر بە گرنگ دادەنرێت بۆ: زانینی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا بەرامبەر بە گرنگی ئاو، چۆنیەتی بەکارهێنانی، وە ئاستی بەفیڕۆدانی ئاو، هەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پاشماوە ئاوییەکان، ئەمەش گرنگی خۆی دەبێت لە دیاریکردنی ئاستی پاراستنی ئاو کە ئەرکێکی نیشتیمانییە لەبواری ژینگەو وڵاتەکەمان بەگشتی.

ئەم ڕووپێوەکە لەڕێکەوتی ٢٠١٤/٦/٣ دەستیپێکرد بەدەستنیشانکردنی تیمی کار لەهەرێم و بەغدا، وە لەڕێکەوتی (١٥-٢٠)/٢٠١٤/٦ خول بۆ ئەندامانی ڕووپێوەکە کرایەوەو دەستکرا بەدیزاینکردنی ڕێڕەوی کارەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، بە پشتبەستن بەڕووپێوی MICS 4 بۆ دیاریکردنی (عەینەکان)، وەکاری مەیدانی لەڕێکەوتی ٢٠١٤/٩/١٤ تاوەکو ٢٠١٤/١٠/٢٠ی خایاندو، ڕووپێوەکەش لەبەغدا تۆمارکراو ئێستا لەقۆناغی شیکردنەوە دایە، بڕیاریشە لەسەرەتای ساڵی داهاتوو ڕاپۆرتی ڕووپێوەکە تەواوببێت.

# ((بەشی گواستنەوە و گەیاندن))

## ڕووپێوی کۆمپانیاکانی گەشت و گوزار بۆ ساڵی ٢٠١٣

جێبەجێکردنی ڕووپێوی کۆمپانیاکانی گەشت وگوزار بۆ ساڵی ٢٠١٣ ، بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ (دەزگای ناوەندی ئاماری بەغدا CSO) بەڕێوەچوو، بەمەبەستی گۆڕانکاریکردن لەبنکەی زانیاری لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم لە: ژمارەی کۆمپانیاکان، ژمارەی کرێکارەکان، داهاتی بەدەستهاتووی خاوەن کۆمپانیاکان، وەکاریگەریان لەسەر ئاستی داهاتی نەتەوەیی، زانینی پێداویستی کەل وپەلە خزمەتگوزاریەکانو، هەروەها زیادکردنی نرخ و قەرەبووی کارپێکراو.

## ڕووپێوی تەکنەلۆجیاو زانیاری بۆ ساڵی ٢٠١٣

بۆ یەکەم جار ڕووپێوی تەکنەلۆجیاو زانیاریو گەیاندن بۆ خێزانو تاکەکان لەساڵی ٢٠١٣ بەهاوکاریو هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای ناوەندی ئاماری بەغدا ئەنجامدرا بەمەبەستی:

١- بە دەستهێنانی داتای چۆنێتی بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای زانیاری لە لایەن خێزان و تاکەکان لە کۆمەڵگا.

٢-دابینکردنی داتای تایبەت بەجۆری خزمەتگوزاریەکانی بەکارهێنەرانی تەکنۆلۆجیای زانیاریو

پەیوەندیەكان.

٣- دابینكردنی داتاكان سەبارەت بەتایبەتمەندی تاكەكان كەتەكنۆلۆجیای زانیاری بەكار دەهێنن بەپێی (ڕەگەز، بڕوانامە، تەمەن).

٤- زانینی جۆرو ژمارەی ئامێرە بەكارهاتووەكان لەماڵدا كەتایبەتە بەتەكنۆلۆجیای زانیاریو پەیوەندیەكان.

## ڕاپۆرتی ڕووداوەكانی هاتووچۆ بۆ ساڵی ٢٠١٢

دەركردنی ڕاپۆرتی ڕووداوەكانی هاتووچۆ لەهەرێمی كوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٢ بەهاوكاری و هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ لەهەرێمی كوردستان، بۆ گەیشتن بـەنـیـشـانـدەری ئـامـاریو ژمـارەی ڕووداوەكان لەپارێزگاكانی هەرێم بەگوێرەی جۆری ڕووداوەكە (پێكدادان، وەرگەڕان، پیاكێشان، ... هـتـد)، وە هۆكاری ڕووداوەكەو ژمارەی قوربانیان لەكاتی ڕووداوەكە (مردن و برینداربوون).

| وردەكاری | ٢٠١٢ |
| --- | --- |
| كۆی گشتی ڕووداوەكان | ٣٦٦٩ |
| ژمارەی ڕووداوەكان بەگوێرەی مەترسیان (مردن) | ٤٢٧ |
| ژمارەی ڕووداوەكان بەگوێرەی مەترسیان (بێ مردن) | ٣٢٤٢ |
| ژمارەی ڕووداوەكانی پێكدادان | ٢٦٧٩ |
| ژمارەی ڕووداوەكانی وەرگەڕان | ٦٧٧ |
| ژمارەی ڕووداوەكانی لێدانی مرۆ ڤ | ٢٣٧ |
| هیتر | ٧٦ |
| ژمارەی مردووان | ٥٧٦ |
| ژمارەی برینداربووان | ٦٠٨٠ |

## ڕاپۆرتی چالاكی گواستنەوەی ئاسمانی بۆ ساڵی ٢٠١٣

دەركردنی ڕاپۆرتی گواستنەوەی ئاسمانی لەهەرێمی كوردستان بۆ سـاڵی ٢٠١٣ كـەپـێـكـدێـت لـەداتـای پەیوەست بە ژمارەی فڕۆكەی هاتوو و ڕۆیشتوو لەسەر ئاستی كۆمپانـیـا جـیـاوازەكـان، وە ژمـارەی گـەشـتـی ناوخۆیی و دەرەكی بەگوێرەی مانگەكان، وە ژمارەی گەشتیاری هـاتـوو ڕۆیـشـتـوو، لـەگـەڵ بـڕی كـەل وپـەلی گوازراوە لەڕێگای فڕۆكەخانەی هەولێرو سلێمانی نێودەوڵەتی.

| ورده‌كاری | یه‌كه‌ی پێوانه‌یی | ٢٠١٣ |
|---|---|---|
| كۆی گشتی گه‌شتیاره گوازراوه‌كان | گه‌شتیار | ١٥٦٧١٢٨ |
| ژماره‌ی گه‌شتیاره كانی هاتوو | گه‌شتیار | ٧٨١١٣٤ |
| ژماره‌ی گه‌شتیاره كانی ڕۆیشتوو | گه‌شتیار | ٧٨٥٩٩٤ |
| ژماره‌ی فڕۆكه‌كانی هاتوو | فرۆكه‌كان | ٩٣٢٩ |
| ژماره‌ی فڕۆكه‌كانی ڕۆیشتوو | فرۆكه‌كان | ٩٣٢٧ |
| ژماره‌ی گه‌شته ئاسمانییه‌كان (هاتوو / ڕۆیشتوو) | گه‌شت | ١٨٦٥٦ |
| بری كەل وپەلی گوازراوه | ته‌ن | ٥١٥٦٤ |

# (به‌شی پیشه‌سـازی)

## ڕووپێوی كانگاكان (المقالع)

نوێكردنه‌وه‌ی چوارچێوه‌ی ڕووپێوی كانگاكان به‌هاوكاری وهه‌ماهه‌نگی له‌گه‌ڵ ده‌زگای ناوه‌ندی ئاماری به‌غدا ئه‌نجامدرا، كه‌ ڕووپێوێكی گشتگیره‌ (شمول كلي)، پێنج ساڵ جارێك ئه‌نجام ده‌درێت و گشت ئه‌م كانگایانه‌ ده‌گرێته‌وه‌ كه‌ له‌چوار چێوه‌كه‌دا هاتوون.

له‌ڕێكه‌وتی (١-٢٠) /٢٠١٤/٣/ نوێكردنه‌وه‌ی چوارچێوه‌ی كانگاكان به‌هاوكاری دیوانی پارێزگاكانی هه‌رێم به‌شی مۆڵه‌تی ئه‌نجامدرا، كۆی گشتی ژماره‌ی كانگاكان له‌ هه‌ر سێ پارێزگای هه‌ولێر، ده‌هۆك، سلێمانی نزیكه‌ی ٥١٧ كانگا بوون.

